# واتا و ناوەڕۆك و مەرجی ڕاستی meaning and proposition truth conditional

**محمود فتح الله احمد**

**زانكۆی سلێمانی**

**كۆلیجی زمان**

**٠. پێشەكی**

زانستی سیمانتیكی زمانی بریتییە لە تیۆری سیمانتیكی، كە خۆی خەریكدەكات بە دامەزراندن و توندوتۆڵكردنی پەیوەندی لە نێوان وشە بە واتای ئاماژەكەر، و شت، بیر، كەس، ڕووداو و .....لە دونیای ڕاستی و نا-زمانیدا وەك ئاماژە بۆكراو، جگەلەوە لێكۆڵینەوەكە لەو پەیوەندییە هەرەمەكییانەش دەكۆڵێتەوە، كە لە نێوان بەشە جیا جیاكانی زماندا هەن، ئەوەی پێی دەگوترێت "واتا" ئەو تایبەتمەندییە بەخۆوەدەگرێت، كە هەموو قسەپێكەرانی زمانی دیاریكراو وەك یەك تێیدەگەن و بەكاریدەهێنن، لە كاتێكدا ئەوە لە "ناوەڕۆك"دا تەواو بە پێچەوانەوە دەوەستێتەوە، دەشێت ناوەڕۆكی ڕستە یان دەربڕینێكی دیاریكراو لە لای دوو خوێنەری جیاواز هەمان تێگەیشتن و لێكدانەوەی بۆ نەكرێت.

بەدرێژایی مێژوو چەندان تیۆری لە "واتا" و "ناوەڕۆك" دواون، لەوانە دوو تیۆر جێگەی گرنگیی پێدانی ئەم باسەن، یەكەم، تیۆری سیمانتیكی فۆڕمالیستەكان، كە لە ١٩٦٠ دا سەریهەڵداوە، و وا لە "واتا" دەڕوانن وەك ئەوەی لە خودی زمانەكەدا هاتووە و هەیە، و واتای وشەكان، وەك وەسفی زمانی بەبێ ڕێزمان دیاری دەكەن. ئەم تیۆرییە وەسفی شت، ڕووداو و بونەوەرەكان دەكات وەك ئەوەی لە دونیای ڕاستەقینەدا هەن، بێگوێدانە ئەوەی چۆن ڕستەكان بینادەكرێن و بناغەی خۆی لەسەر كەرەستە سیمانتیكیەكان دادەمەزرێنێت، كە بریتین لە كۆی ناوەڕۆكی وشەكان. بەو شێوەیە وشەكان دوو ئەرك دەبینن، لەوانە، (ا) گواستنەوەی زانیاری ڕێزمانی، و (ب) زانیاری سەبارەت بەدونیای دەرەوەی زمانی. لە بواری ئەدەبدا، هەردوو وشە و دەنگ پێكەوە هاریكارمانن، تا لە واتا بگەین. دووەم، بریتییە لە تیۆری كردەوەی دركگردن، كە مامەڵە لەگەڵ "واتا"دا دەكات، وەك ئەوەی لە خودی دەقی زمانیدا هەیە. ئەركی تیۆری سیمانتیكی لە چارەسەركردنی ئەم گرفتانەدا كورتدەبێتەوە، لەو بوارەدا دوو دیاردەی وەك تێگەیشتن و هەستپێكردن زیاتر پشت بە بیرەوەری دەبەستن و لە دەربڕینەكان دەگەین، وەك ئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە زمانەوە هەبێت. بۆ نمونە، دەتوانین ناوەڕۆكی سیمانتیكی ڕسو واتای زمانی پەیوەندیی بە بیرەوەری و ئەزمونی كەسەكانەوە هەیە، بۆ نمونە، لە "باپیر شەوانە دانەكانی دەشوات"دا، پەیوەندی بە زانیاری و ئەزمونی كەسەكەوە هەیە، لەوانە، "ئامێری ددان شتن و ددان" بە پێچەوانەوە ناوەڕۆكی سیمانتیكیی ڕستەكە دەگۆڕدرێت.

هەر دوو تیۆرەكە بناغەیان لەسەر ڕاستیی سیمانتیكی دامەزراوە، بۆیە ڕێبازی ئەم لێكۆینەوەیە بە زۆری لەگەڵ تیۆری دركردندا گونجاوە، كە گرنگی بە ناوەڕۆك دەدات و دەیەوێت بزانێت، ئایا ناوەڕۆكی دەربڕینی دیاریكراو ڕاستە، یان هەڵەیە، كەواتە، لەسنوری پێویستدا نەبێت خۆی بە لێكۆڵینەوەی واتای خودی تاكە تاكەی پێكهێنەرەكانی دەربڕینێكی دیاریكراوەوە خەریك ناكات، بە مەبەستی پیشاندانی گرنگیی "ناوەڕۆك"، كە تا

ڕادەیەکی زۆر بەرانبەر بە "پرەپۆزشن" دەوەستێتەوە، ئاوڕ لە تێڕوانین و بۆچوونی فەیلەسوفەکانیش دەدەینەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چەند بەشێك پێکدێت، بەو هیوایەی بتوانین، کە بە هەموویانەوە زانیاری تەواومان سەبارەت بە جیاوازی لە نیۆان ئەو دوو کاتەگۆریە پێشکەشکردبێت.

**١.٠ ئاشنان بوون بە ناوەرۆك**

***١.١ بەکار هێنانی زمان:***

*لەبەر ئەوەی "ناوەرۆك" کرۆکی باسەکەمانە، دەبێ ئاماژەیەك بە زمان و بەکارهێنانی بکەین، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زمان ئەوەیە کە "واتا" لەخۆدەگرێت، لەلایەکی تریشەوە گرنگی زمان تەنها لە سەر گواستنەوەی بیر و زانیاری کورت نابێتە، بەڵکو ئێمە ئاماژە بۆ بەکار هێنانی زمان دەکەین بە مەبەستی بەکار هێنانی گشتی و کارلێککردنی کۆمەڵایەتی، زیاتر لەوەی، مەبەست تەنها گواستنەوەی زانیاری، یان ئاراستەکرنی پرسیارەکانمان بۆ بەرانبەر بێت، بەڵکو هاوتان بەوەی، کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنیی پەیوەندی کۆمەڵایەتیش، بۆ نمونە، کە دەگوترێت "چۆنی؟ مەرحەبا، و شەو باش"، تەنها مەبەست زانینی لەش ساغی و شتیتری لەو جۆرە نییە، بەڵکو گەیاندنی هەستێکی ڕۆحییە، کە بە لای Malinowski دەوە وەك گۆڕینەوەی هەست و نەست ناوبراوە. کەواتە بەهۆی زمانەوە پەیوەندی دەکەین، بەدوای زانیاریدا دەگەڕێن، فەرمان و پرسیار ئاراستەی بەرانبەرەکانمان دەین، خۆشی و شادی، ئارەزوو، مەبەست، و خۆشەویستی و ... بۆ بەرانبەرەکانمان دەردەبڕین.*

*ئەو واتایەی لە دوو توێی فۆڕمێکی زمانیدا جێگەیدەکەینەوە، چەند تایبەتمەندیەك بەخۆوە دەگرێت، لەوانە، (ا) وەك جەوهەر و کرۆکی فۆڕمی دیاریکراو مامەڵەی دەکەین، چونکە بەها بەو فۆڕمە پەیدادەکات، (ب) واتای هەر فۆڕمێکی زمانی، تا ڕادەیەکی زۆر جێگیرە، بۆیە بەزەحمەت لێکدەدرێتەوە و بچوکیش ناکرێتەوە، و (ج) ناتوانی واتای هەر فۆڕمێکی زمانی (هەرنا لە ماوەیەکی کورتدا) لاببەریت و دەستبەرداریشی ببی. لە لایەکی تریشەوە، سەبارەت بە "واتا" چەندان پرسیار سەرهەڵدەدەن، بەتایبەت کاتێك "واتا"ی فۆڕمێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی دەربڕینێکدا فراوان دەبێت لە ئەنجامی کارلێککردن لەگەڵ فۆڕم و پێکهێنەریتری دەربڕینەکە، کێشەکە زیاتر ئاڵۆز دەبێت، دەپرسین، دەبێت واتا بدەینە پاڵ چی؟ واتای کام پێکهێنەر لەو دەربڕینەدا سەرەکییە و کامیان ناسەرەکی و سەربارە؟، ڕۆڵی ڕێزمانی گواستنەوە لە پتەوکردن و گۆڕین و پەیوەندی لەنێوان پێکهێنەرەکاندا چییە؟ و هەروەها، بۆیە لەو بوارەدا لایەنێکی تری سیمانتیك ڕۆڵی زیاتر دەردەکەوێت، کە ئەویش بریتییە لە ناوەرۆك. کاتێکیش باس دەێتە سەر ناوەرۆك، دووبارە زنجیرەیەك گرفت دێنەپێشەوە، بە تایبەت تێگەیشتن لە ناوەرۆك، بە پێچەوانەی تێگەیشتن لە واتای فۆڕمێکی تاکی دیاریکراووەیە، بە تایبەت کاتێك ڕۆڵی تێگەیشتنی کەسی، کۆمەڵ، ئایدۆلۆجی، ئەزمون و بەخەیاڵدا هێنان زیاتر دەردەکەوێت، دەشێت هەموو قسەپێکەرانی زمانێك لەسەر واتای تاکە وشەیەکی فەرهەنگی کۆکبن، بەڵام ئەو ڕێککەوتنە لە بواری ناوەرۆکی دەربڕینێکدا زەحمەتە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ گەلێك هۆکار، لەوانە، جیاوازی لە نێوان زانیاریی زگماکی کەسەکان، کە بە هۆی جیاوازییەوە لە کات و شوێن، کە جۆرێك لە باکگراوندی جیاواز دەدات بە کەسەکان، هەروەها تەمەن، دونیابینی جیاواز و گەلێك هۆکاریتر ڕۆڵی خۆیان هەیە لەو بوارەدا، لە لایەکی تریشەوە دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە یەکەم، هەموو ئەوانەی باسکران واتای سڕینەوەی دونیابینی بەرانبەر ناگەیەنن، دووەم، مەرجیش نییە، هەموو بەند و دانە زمانییەکان پێویستبکات ئاماژەکردنیان هەبێت، بەڵکو*

*هەندێك لەو فۆرمانە تەنها لەکاتی ناوهێنان و دەربڕینیاندا واتاکانیان بە بیر و خەیاڵماندا دێن، ئەگەر نا ئاماژە بۆ ڕاستیەکی بەرجەستە ناکەن، بۆ نمونە، "بەڵێ، نا و ..."، کە بوونی خۆیان لە دوو سەرچاوەوە هەڵدەگرن، یەکەم: ئەزمونی ڕاستەوخۆی کەسەکان سەبارەت بەو شتەی ئاماژەی بۆدەکرێت، دووەم، باوەری کەسەکان سەبارەت بەوەی هەر وشەیەکی واتادار بە پێی پێویست دەبێت ئاماژە بۆ شتێك بکات، لێرەوە، دەبینی لێکۆڵینەوە لە زمان دەبێتە ئەرکی زانایانی دەروونناس و فەیلەسوفەکان و ... نەك تەنها زمانە وانەکان. گریمانەی ئەو بوونانە لە چوارچێوەی تیۆرییەکی تایبەتیی دەرونی، یان ڕەوشت ethics دا دەکرێت، تەنانەت داوای ئەوە بکرێت، کە "ڕاستی و هەقیقەتەکان reality دەتوانرێت ئاشکرا بکرێن بەهۆی جۆرێك لە پێناسە کە پێی دەگوترێت پێناسەی ڕواڵەت ostensive definition سەیری (Lyons ١٩٦٩:٤٢٥) بکە.*

*١.٢ پێناسە بۆ ناوەرۆك*[1]

سەرەتا ئەو زاراوەیە، واتە "ناوەرۆك" کە لەم باسەدا هاوتا بە "پرەپۆزیشن" مامەڵەی دەکرێت، بە واتای پێشنیار، باوەڕ یان وەك دەربڕینی دووربینی ڕاستیی یان باوەڕ، کە بڕیار، یان باری سەرنجێك دەردەبڕێت. پێشنیاری نەخشە، یان پلانی کردەوەیەك، لە کاری بازرگانیدا، کارێك، یان بیروڕا لە بواری سەرکەوتن، یان گرفتی دەقی بازرگانیدا، هەروەها کەسێك، یان گرووپێك لە خەڵك، کە ڕاو بۆچوونی خۆ(یان)ی لەسەر ناوەرۆکێك بدەن.

کە سێك پێشنیاری X بۆ A و B پێشکەش دەکات

A پێشنیارەکە پەسەند دەکات بەڵام، B ڕەتیدەکاتەوە.

دەربڕینێك، کە توانای تاقیکردنەوە، هەڵسەنگاندن، پەسەندکردن و نکولیلێکردنی هەبێت: تێڕانینی ئیسلام نکولی لە تیۆری و پێشنیاری داڕوین دەکات، کە دەڵێت مرۆڤ لە مەیمونەوە گەشەیکردووە.

هەر شتێك، کە دەتەوێت بیکەیت، یان مامەڵی لەگەڵدا بکەیت. واتە ناوەرۆکی بیرەکان لە چوارچێوەی دەربڕینێکدا.

پێشنیارەکان لە پەرلەمانەوە دواتر بۆ خەڵکەکان تا دەنگی لەسەربدەن،

پەرلەمان دوای مشورەت و گفتوگۆیەکی بە سوود بە ئەندامەکانی، پێشنیار proposition لەسەر نەخواردنی جگەرە لە شوێنە گشتییەکان دەکات.

- شارەکە لە بەرژەوەندی پێشنیاری دانانی proposition لەسەر جگەرە نەخواردن لە شوێنە گشتیەکان دەنگیدا.

*هەردوو "واتا" و "ناوەرۆك" بەشێکن لە زانستی زمان، ئەو دووانە لە زۆر لایەنەوە ناوبەند پەیوەندن، بەڵام ناشبنە هاوواتا، جگە لە فەیلەسوفەکان، لەلایەن زۆر لە زمانەوانەکانیشەوە پێناسەکراوە، بۆ نمونە، بەلای G. E. Moore ەوە "خودی ناوەرۆك، وشەی تێدا نییە، بونێك لەخۆدەگرێت، بەهۆی وشەکانەوە دیاریدەکرێت، واتە خۆی وشە لەخۆ ناگرێت، proposition لە دەرەوەی باس و خواسدا ڕاستییەکی نییە، ئەو دەربڕین و تێگەیشتنە مەرجی پێویستن بۆ بوونی proposition"، لە (Urban ١٩٩١:٢٧٠)*

[1] ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا proposition بە مەبەستی ناوەرۆك بەکاردەهێنین.

*لە فەلسەفەی سەردەمیدا زاراوەی ناوەرۆك بەكارهێنانی فراوانی هەیە: بۆ نمونە، دەكرێت ئاماژە بۆ هەندێك، یان هەموو ئەوانەی لای خوارەوە بكات " (ا) هەڵگری سەرەكی و كرۆكی بەهای ڕاستی، (ب) بابەتی باوەڕوبوون و هەڵوێستی ناوەرۆكی و پێشنیاری دیكەش، (ج) ڕێبازی بارودۆخی ناوەرۆكی (بە واتا ئەو شتەی باوەڕ، یان گومانی لێدەكرێت، ئاماژە بۆ "كەكلۆزی that-clauses" ی ئاماژەبۆكراو، و واتای ڕستەكان دەكرێت. لەو بارەیەوە، ئەگەر بیرەكانی (١٩٨٦:٥٤) Lewis پەسەندبكەین، كە دەڵێت "ئەو بیرەی ئێمە بە وشەی ناوەرۆكەوە دەبەستێتەوە، دەشێت شتێكبێت لە تێكەڵاوی ئارەزوو و ویستە پێكەوە نەگونجاوەكان، پاشان زەحمەتە بیرەكانمان لە پێناسەیەكی جێگیردا وەربگرینەوە، واتە بە پێناسەیەكی تاك بیری "ناوەرۆك" زەحمەتە پیشانبدرێت".*

*بە شێوەیەكی باو "ناوەرۆكەكان"، وەك واتای ڕستەكان مامەڵەدەكرێن، یان وەك بەكارهێنانی زاراوەیەكی باو لە بری "واتا"، وەك ناوەرۆكی سیمانتیكی و فەلسەفیی ڕستەكان و ئاسایی، وەك سەنتەری زانستی و سیمانتیك و فەلسەفەی زمان وەردەگیرێت، لێرەدا بوار هەیە بۆ گومان، سەبارەت بەوەی، ئایا ناوەرۆكەكان جۆرێكی ڕاست و گونجاون بۆ ئەو ئەركە، یان نا" ( ١٩٨٠-٢٥ Lewis)*

*David Lewis دەشێت، جۆرێك لە بوونەوەری تاك هەموو ئەو ئەركانەی سەرەوە ببینێت، لەو بارەیەوە (١٩٨٦:٥٤) باوەڕی وایە، كە "بیری پەیوەندی لەگەڵ وشەی "ناوەرۆك"دا دەشێت شتێك بێت، وەك تێكەڵ لە هیواو ئارەزووی بەیەكداچوو، پاشان زۆر زەحمەتە كە بۆچوونەكانمان لە پێناسەیەكی جێگیردا وەربگرین. باشتر وایە، لەگەڵ وشەیەكی، وەك "ناوەرۆك"دا تا پێناسەی بكەین، بە ورياییەوە هەنگاوبنێین، و دڵنیابین لەوەی هەر شتێكی بابەتی دانەخەیت، بە هۆی پێناسەیەكی فەرمانییەوە". كەواتە دەگەینە ئەوەی بڵێین، كە "ناوەرۆك" ئەو شتانەن، كە توانای هاوبەشیی هەڵوێست و باری سەرنجیان هەیە، هەڵگری سەرەكیی ڕاستیی یان درۆن. ئەو شتانەی، وەك بیركردنەوە، دەربڕینی ڕەمزی و هەروەها ڕوداوی كۆنكریت و ڕاستیەكانیش، كە ناتوانن ڕاست یان هەڵەبن، ناگرنەوە، كەواتە پێناسەی "ناوەرۆك" دەشێت بە چەندان پرسیار لە سەرجەم لیستی ئەو پێناسانەدا بەكراوەیی بهێڵرێتەوە، بۆ نمونە، ئایا دەبێت ناوەرۆكەكان سەربەخۆی مێشكی، یان موجەڕەدبن؟، چ مەرجێكی جیاواز و دیار لەخۆدەگرن؟ ئەوانە چۆن ئاماژە بۆ ڕاستیەكان دەكەن؟، یان چۆن هەندێك شت بەدووردەگرن؟.*

*پرەپۆزیشن لە لۆجیك و فەلسەفەدا، ئاماژە بۆ ناوەرۆك، یان واتای ڕستەیەكی هەواڵی، ڕوخسار و نمونەی ڕەمزەكان، یان دەنگەكان دەكات، كە ڕستەی هەواڵی پرواتا بنیات دەنێن، لەلایەكیترەوە، واتای پرەپۆزیشنەكان بوونی كەواڵێتی تایبەتمەندێتی ئەوەش لەخۆ دەگرن، كە دەبێت ڕاست، یان هەڵە بن، ئەو جۆرانە وایان بیرلێدەكرێتەوە، وەك ئەوەی ڕاستبن، و زاراوەكەش لەلایەن زۆر كەسەوە بەكار هاتتووە.*

### ١.٣ مێژویەكی كورتی ناوەرۆك[٢] propositions

#### ١.٣.١ لە لۆجیكی ئەرستۆدا

*بە پێی ئەو لۆجیكە، پرەپۆزیشنەكان وا دیاریدەكرێن، وەك ئەوەی بریتیبن لەو ڕستانەی، كە ڕەگەزی جەختكردنەوە بەخۆوە دەگرن، واتە، قسەكەر دوو هەڵبژاردەی هەیە، بۆ نمونە، جەختكردنەوە لەسەر ڕاستیی*

[٢] ئەم بابەتە پێشتر لە نوسینێكدا بە ناونیشانی historical proposition و هەندێگ شوێنیتر لێرەو لەوێ وەرگیراوە كە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەكی دوور پێش ئێستا بۆیە ناوی نوسەر(ەكانم) لانەماوە. ئێمە ئەم بەشەمان بە پێویستزانی تا پیشانیبدەین، كە هەرلەكۆنەوە جیاوازی لەنێوان واتاو ناوەرۆكدا كراوە و دەربڕینی هەڵە و ڕاستی لەو چوارچێوەیەدا گرنگی بەرچاوی پێدراوە.

*ڕستەیەك، یان نكولی بابەتێكی تایبەت، ئەوە بە تەواوی لە ڕستە ناودار و باوەكەیدا دەردەكەوێت، كە دەڵێت " هەموو پیاوەكان پیاوكوژن " یان "سوقرات پیاوە"، لە ڕستەی یەكەمدا بكەر بریتییە لە "هەموو پیاوەكان"، و كارەكەش "پیاوكوژن" ە، لە ڕستەی دووەم " بكەر "سوقرات" و كارەكەش "هەبوونی سوقرات بە پیاو(ـە).*
ئەرەستۆ گرنگی بە لێكدانەوەی ئەو شتە دەدات، كە لە ڕاستیدادا دەربڕینە ڕاستەكان دەكات بەڕاست، بەڵام كەمتر گرنگی بە سروشتی هەڵگری ڕاستییەكان دەدات و هەڵوێستی ڕوون و ئاشكرا سەبارەت بە ناوەرۆك دەرنابڕێت و باوەڕی وایە، كە هەڵە و ڕاستی داوای لێكدان و لێكجیابونەوە دەكەن.

*١.٣.٢ بەلای ئیفلاتونەوە: بیرەگشتییەكان بریتین لە بیرە زگماكیەكان، كە بنەڕەتن لە جیهانە بەرز و بڵند و لە سروشت بەدەری فۆڕمەكانیان، كە دەكەونە دواوەی پەردەی دونیای فیزیكییەوە.*

*١.٣.٣ سۆقرات وایدەبینێت، كە باوەڕی هەڵە، بێشك و گومان شتێكی هەیە، واتە، لێرەدا شتێك هەیە باوەڕپێدەكرێت، كە لە حاڵەتی باوەڕی هەڵەدابێت و ئەو شتە هەڵگری سەرەكیی بەهای ڕاستییە. بەڵام وا دەردەكەوێت، كە وەها پێشن یارێك لە هەردوو دیالۆگەكاندا بەهەند وەرنەگیراوە، پێشنیاری ئەوە كراوە، كە بیركردنەوە جۆرێكە لە دیالۆگی ناوەكی و لە خودی مێشكدا جێبەجێدەكرێت.* (*Theaetetus* ١٨٩e-١٩٠a *Sophist* ٢٦٣e) و سەرەنجامی بڕیاردانەكان كاتێك دوو دەنگی ناوەكی جەخت لەسەر هەمان شتدەكەنەوە.

*١.٣.٤ سەبارەت بە بیری* John Locke’s

*بەلای* John Lock *دەوە، "بیر" هاوتایە بە "بیر و ڕا و بۆچوون"، و باوەڕی وایە، كە بیری گشتی بە هۆی پوختەكردن و تەجریدكردنەوەوە دەخوڵقێنرێت، ئەبستراكت وەك كار، بەكارهێنانی زانیاری لە قسەكردن، وتار، یان پارچەی بچوك لە نوسین، كە بیری گرنگ لە خۆدەگرن.* John Lock *جەخت لەسەر هەبوونی نیشانەی هاوبەش دەكاتەوە و باوەڕی وایە، كە چوونیەكن لە هەموو كەس و شتە جیاوازەكاندا، تایبەتمەندیی "سور" هاوبەشە لە "سێو"، "خوێن" و "گێلاس" و لە شتی تریشدا.*

*١.٣.٤* John Stuart Will *پێشنیاری ئەوە دەكات، كە بیرە گشتییەكان لە ڕوانگەی مەودای موجەڕەدێتیدا بنیاتدەنرێن، تێگەیشتنی بیری گشی بریتییە لەو ڕەگەزە هاوبەشانەی لە نێوان زۆر لەو خەیاڵەی ئەندامی كۆمەڵگا و كۆمەڵەكاندا بەدی دەكرێت، كاتێك ئێمە دەستەیەك لە دیاردە لە جۆرەكاندا دادەنێین، كاتێك ئەوانە یەك بە ئەویتر بەراود دەكەین تا بزانین تا چەند ئەوانە، لەگەڵ یەك دەگونجێن.* Will *باوەڕی وابوو، كە بیرەكان لە مێشكدا هەن لە پێش كردەوەی تەجریدكردندا و ئەوە بە یاسای ژێری كەسەكان دەزانێت، كە لە بەراوردكردنی شت و سەرنجەكانەوە لەگەڵ یەكتردا تۆمار دەكرێن، ئەو كات ئەوە لە جیهانی دەرەوەدا، ئەوە جیادەكەینەوە، كە پێشتر لە مێشكی كەسەكاندا هەبوون، و بیرەكان ڕێگای خۆیان لە كەسەكاندا دەدۆزنەوە، وەك سەرەنجام بۆ ئەو بەراوردكارییە.*

*١.٣.٦ فەیلەسوف* Schopenhauer *باوەڕی وایە، كە بیرەكان لەو شتانەوە تەجریدەكرێن، كە بە هۆی هەستەكانمانەوە دەزانرێن و لە بیركردنەوە بێ ئیختیار و لەخۆوەكانماندا بەرزدەبنەوە، واتە، بیرەكان لە بیرە گشتییە كۆنەكانەوە، بەهۆی دەرخستنی جیاوازییەكانیانەوە وەردەگیرێن، ئەو بیرانە دواتر بەهۆی وشەكانەوە ئاماژەیان بۆ جێگیردەبن.*

*١.٣.٧ بەلای زمانەوانەكانەوە،* بە تێپەڕینی كات دەبینین، كە كەسانیتری وەك Stoics, B/C. Zeno و ئەوانەی دوای ئەوانیش لەو بارەیەوە كاریانكردووە، *یەكەم كەس لە نێوان فەیلەسوفەكانی ڕۆژهەڵات، كە*

*سەبارەت بە بیری ناوەرۆك/پرۆپۆزیشن کاریکردبێت Stoics ە، لە سەدەی "٣ی پ.ز" و دواتر Zeno و ئەوانەی دوای ئەو، بۆ نمونە، Chrysippus، کە جیاوازییەکانی لە نێوان ڕوخسارە ماددییەکانی وشە لە نێوان ئەوانەی وتراون lekta، و هەروەها تەواو لە ناتەواوەکانی دیاریکردوون و لێکیجیاکردونەتەوە، ئەوەی دوایی هاوتایە بە واتای کارەکان(بەشی کاری لە ڕستەدا) و ئەوەی پێشەوە هاوتایە بە واتای ڕستەکان، لە نێو تەواوەکاندا واتای ڕستە هەواڵییەکانیشی دەخاتە ناو، بەلای فەیلەسوف Stoics ەوە، تەنها واتای ڕستە هەواڵییەکان نەك ئەو وشانەی لە دەربڕینەکاندا بەکاردەهێنرێن دەگوترێن تا ڕاست، یان هەڵەبن.* . بەو جۆرە ئەوە ڕستەیە هەڵگری ناوەرۆك نەك وشە، بۆیە کاتێك ڕستەکان دەردەبڕدرێن بەتایبەت ڕستە هەواڵییەکان ئەوە دەزانرێت کامیان هەڵگری ناوەرۆکی ڕاستە و کامیان نا.

*ئەو شتانەی دەوترێن و لە نێویاندا واتای ڕستە هەواڵییەکان گرفت لەبەر دەم Stoics و فەیلەسوفە مادییەکاندا دروستدەکات، بە تایبەت ئەوانەی وا بیردەکەنەوە، کە شتە ماددی و فیزیکییەکان زۆرگرنگترن لەوانەی گیانی و ناماددین*، بە پێی Stoics هەر شتێکی ڕاستیی بێت ماددیە، و ڕاستیش سنورداردەکرێت بۆ ئەو شتەی ڕەفتاردەکات یان لەبارەیەوە ڕەفتاردەکرێت، لەبەرئەوە دەبێت لەشبێت. *کەواتە، هەرشتێك ڕاست بێت ئەوە تەنی و بەرجەستەیە، بەلای Stoicsەوە، ڕاستی سنوردارکراووە لەسەر ئەوەی، کە دەتوانرێت ڕەفتاربکات، یان ڕەفتاری لەبارەوەبکرێت، کەواتە Lekta وا بیردەکرێتەوە وەك ئەوەی بێگیانبن، بۆ نمونە، " من Cato دەبینم پیاسەدەکات"، هەستی بینین ئەوە بۆ من ئاشکرادەکات و مێشکیش باوەڕ بەوە دەکات، ئەوەی من بینیوومە بابەتێکی مادییە، کە من چاو و مێشکمی بۆ ئاراستەدەکەم، پاشان دەڵێم، " Cato وا پیاسەدەکات"، ئەوە بابەت/شتێکی ماددی نییە، کە من ئێستا دەیلێم، بەڵکو ئەوە جەختکردنەوەیەکی دیاریکراوە سەبارەت بە ئەو"، (* (Epistulae morales, ١١٧, ١٣)

### ١.٣.٨ *Frege*

*لە نێوان زانایانی بواری ناوەرۆکی سەدەی ١٩ هەمدا، Frege نمونەیەکی دیارە و Bernard Bolzano یش لەو بارەیەوە شوێن دەستی دیارە، لە تیۆری زانستیدا، لە ١٨٣٧ دا گفتوگۆی بوونی ئەو شتەدەکات، کە پێی دەگوترێت "ڕستەکان لەخودی خۆیاندا"، کە بەندە زمانییەکان و دیاردەی مێشکی جیاکردۆتەوە، کە هەڵگری سەرەکیی ڕاستی، یان هەڵە و بابەتی هەڵوێست و سلوکەکانن. Frege_ وتوویژ لەسەر لێکدانەوەی زمان لە بواری واتا و ئاماژەکردنەوە دەکات و دەڵێ: واتای دەربڕینێك لە زماندا باسی بارودۆخێك لە دونیادا، واتە دەوروبەردا دەکات، — ئەو ڕێگایەی بە هۆیەوە شتێك پێشکەش دەکرێت، چونکە تێڕوانینی زۆر لە ڕوونکەرەوەکان، بیری واتا تێگەیشتنە، واتە تێگەیشتن وەك ئەوەی یەکسان بێت بۆ بیری "بیر" Frege ئاوا دەڵێت:*

*(أ) واتاکان، وەك نوێنەری زمانی بارودۆخەکان لە دونیای دەوروبەردا.*

*(ب) بە هۆی بیرەکانەوە ئێمە لە دونیا دەگەین.*

*(ت) پێکەوە نانی واتا لە پارچەکانی*

*(پ) زانینی واتای ڕستە، پەیوەستە بە زانینی مەرجی ڕاستییەکانی، بۆ نمونە، کۆترەکە لە قەفەزەکەدایە، و .......... خۆی لە خۆیدا بریتییە لە ئاماژەکردن بۆ دەستەیەك لە بارودۆخ، کە تێیدا ئەوەی گوتراوە ڕاستە، زانینی چەندێتیی واتای ڕستە، بۆ زانینی ئەوەی، دەتوانی وەربیگری، بۆ ئەوەی ئەوە ڕاستبێت.*

*زانینی واتای رستەیەکی، وەك "پشیلەکە دەمیاوێنێت"، ڕاستە کە "پشیلەکە بمیاوێنێت"، ئەو ڕستانە چۆن و بە چ ڕێگەیەك مەرجی ڕاستی بەخۆوەدەگرن؟ و وشەکان چ هاوبەشییەك دەکەن لە بەدەستهێنانی مەرجی ڕاستی و گەیاندنی ڕاستیدا. کاتێك واتای هەر وشەیەك، لە هاوبەشیکردنی گەیاندنی سەرجەم واتای ڕستەدا لەوەدا دەردەکەوێت، کە وشەیەك بە یەکێکیتر بگۆڕی، بۆ نمونە، "شێرەکە میاواندی" هەمان واتای ڕستەی "پشیلەکە میاواندی" نادات. بۆیە بە گۆڕینی بکەر، ناوەرۆك هەمان ناوەرۆکی پێشتر نامێنێت.*

*Frege ١٩٨٢ لە نامەکەیدا، "on Sense and Reference جەخت لەسەر جیاوازی لە نێوان sense (sinn)[٣] و reference (Bedeu دەکاتەوە و دەڵێت هەبوونی "واتا" و "دەربڕینەکان" نمونەی ڕێباز و ئاماژەکردنەکانیان، ئاشکرایە، مەبەست لە "واتا"ی هەر دەربڕینێك بریتییە لە ڕێبازی پێشکەشکردن، یان بەهای درککردن و هەستکردنەکەی، ڕستەکان ئاماژەکردن و تێگەیشتن لەخۆدەگرن.*

*Frege" وا لە "بیر" دەگات، وەك ئەوەی تێگەیشتنی بنیاتی ئاڵۆزی (واتا)بێت، کەواتە "بیر" هاوتایە بە "واتا"، ئەو "بیر"ەی بە هۆی ڕستەیەکی، وەك "ئەستێرەی ئێواران درەوشاوەیە"، دەردەبڕدرێت، کە لە "ئەستێرەی ئێوارە" و تێگەیشتن و واتای "درەوشاوەیە" پێکدێت.* به واتای ئەوەی کە واتای هەموو دەربڕینەکە بەهۆی بەشە پێکهێنەرەکانی و ڕێبازی ڕێکخستنی ڕێزمانییەکەیەوە جێگیردەکرێت، *و بەلایەوە، بیرەکان بەشێك نین لە دونیای دەرەوە، بە پێچەوانەی بیر و ڕاکانەوە، بیرەکان پێویستیان بە خاوەن نییە، (بە واتای ئەوەی ئەوانە هەن تەنانەت ئەگەر لە مێشکی کەسیەکانیشدا نەبن) و دەتوانرێت بۆ زیاتر لە مێشکێك پێشکەشبکرێن. کەواتە، ئەو شتەی ڕستە ئاماژەی بۆ دەکات، بەهای ڕاستییەکەیەتی، واتاش بیرەکەیەتی و بیرەکان ڕەفتاردەکەن. بیرەکان کۆی بنیاتی واتاکان پێکدەهێنن و وا لە بیرەکان دەگات وەك ئەوەی کۆی بنیاتی واتاکان بن، (Beaney ١٩٩٧:١٥٦).* .. لە ڕاستیدا Frege باشی بۆ چووە، سەبارەت بەوەی، کە "بیرەکان" پێویستیان بە خاوەن نییە، چونکە ئەوانە سەرەنجامی کاری بەهەرەوەزی کۆمەڵگان، واتە، ئەوانە موڵکی هەمووانن، بە پێچەوانەی ناوەرۆکەکانەوە، کە زیاتر دەدرێنە پاڵ قسەکەر، یان نوسەرەکانیانەوە، و بەلایەوە دەبێت دونیای سێیەم جیابکرێتەوە — دونیای بوونەوەرە ئەبەدی و موجەڕەدەکان، کە بە هۆی هێزی بیرکردنەوەکانمانەوە دەتوانین تێیانبگەین.

> بەلای Frege ەوە "*بیرەکان ئەوە نین، کە بە تەواوی نا-ڕاستبن، بەڵکو ڕاستییەکانیان بە تەواوی جیاوازن لە ڕاستی شتەکان، واتە بیر شتێکە و شت شتێکیترە و کردەوەکانیان بە هۆی بەجێگەیاندنی بیرکەرەکانیانەوە بەرهەم دێن و بەبێ ئەوانە ناچالاکن، بە لایەنی کەمەوە، تا ئەو ڕادەیەی، کە دەیانبینین، هێشتا بیرکەرەوە ئەو بیرانە ناخوڵقێنێت، بەڵکو پێویستە وەریان بگرێت هەروەك ئەوەی هەن. بەبێ ئەوانیش دەتوانن ڕاستبن*". *(Beaney ١٩٧٧:٣٤٥)* ئەوەی کە تێیدەگەین، واتای وشەکانە، "دوو کەڕەت دوو" دەکاتە چوار، لە باریتردا، ئەوەی وەریدەگرین واتای وشەکانە، "دوو جار چوار" دەکاتە هەشت، ئێستا بە هۆی پڕەپۆزیشنەوە، واتە جۆری ڕستەکەوە، کە لەو دوو بارەدا وەردەگیرێن، وەك پڕەپۆپۆزیشن مامەڵەدەکرێن.

---

[٣] ئەم وشەیە sense نابێتە هاوواتا لەگەڵ meaning لە فەرهەنگی (١٩٨٧:١٢٩٧) Long mad وا هاتووە، ئەگەر تۆ هەستت بە شتێککرد ئەو کات وا هەستدەکەیت، یان دەزانی، کە ئەو شتە هەیە، یان ڕاستە، بە بێ ئەوەی بوترێت، یان تاقیکرابێتەوە، "ئەسپەکە هەستی بە ترسناکی کرد و وەستا"، ئەگەر مەکینەکە هەستی بە شتێککرد، ئەوە کەشفیدەکات و دواتر تۆماری دەکات. هەستپێکردن، پێزانین واتای sense ن.

***١.٣.٩ Russell and Moore پشتگیری فەلسەفەی ناوەرۆکگەرایەتیان دەکرد، گومانی ناوەرۆکیان گەشەپێدا، بۆیە لە ١٩٠٣ لە ,the principle of Mathematics" هەبوونی ناوەرۆکیان proposition یان چەسپاند، وەك ئەوەی شتی کۆنکریتیی ئاسایی، ئاڵۆز و لێکدراوبن، ئەوە لەبری "هەستکردن" و "تێگەیشتنی" فرێجییەکان بەکارهات. بەو جۆرە ناوەرۆکەکان وا بەخەیاڵدادێن، کە ئێستا بە شێوەیەکی ستاندارد پێیاندەگوترێت Russelian و وەك لێکدراو و ئاڵۆزی هەستەکان، یان بوونەوەرە موجەڕەدەکان مامەڵەدەکرێن، لە نامەیەکیدا بە ناوی "The nature of Judgment" لە ١٨٩٩ Moore هەبوونی ناوەرۆکەکان دەچەسپێنێت، و بە شێوەیەکی فراوانتر مامەڵەیان دەکات، وەك ئەوەی لە Fregenean ەکاندا هەن.***

***دواتر بیرەکانی Moore بەشێوەیەکی دراماتیکی گۆڕان و بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە ئەو شتەی وەردەگیرێت و دێتە تێگەیشتن واتای وشەکانە، "دوو جار دوو چوار دەکات"، یان "دوو جار چوار دەکاتە هەشت"، ئێستا بە هۆی ناوەرۆکەوە، واتە جۆری شتەکەوە کە تێیدەگەن، کە لەو دوو حاڵەتەدا بەدەست دێت، دواتر دوو گرفت دیاریدەکات، کە هەردووکیان پەیوەندییان بە ڕاستییەوە هەیە، یەکەمیان ئەوەیە، کە تیۆری ناوەرۆك پێشنیاری "سەرەتایی-primitive" تیۆری ڕاستی دەکات، کە زووتر لە لایەن Moore and Russell ەوە کاری لەسەرکراوە، بەو پێیە ڕاستیی تایبەتمەندیی سادەی واتاکانە، کە توانای لێکدانەوەیان نییە، سەرەتایەتی-primitivism[٤] زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە، وەك هەقیقەت، کە لە خاوەنێتیدا بە هۆی ناوەرۆکی تایبەتمەندیی سادەی ڕاستییەوە پێکدێت.***

> ***ئەگەر تۆ سەیری ئەو شتەبکەیت، کە ڕوودەدات، ئەگەر پیاو گوێ بە هەڵە، یان ڕاستیبدات، ئەوە پیشانادات وەك ئەوەی ئەگەر ناوەرۆك پێکبێت تەنها لە پەیوەندییەکان بۆ هەندێك شت، کە بە دڵنیاییەوە ئەوەیە. ئەوە زیاتر دەردەکەوێت وەك ئەوەی، ئەگەر ئەو شتەی، کە باوەڕی پیی هەبوو، بابەتی بڕواکەی، تەنها ئەو ڕاستییە بوو، کە بە دڵنیاییەوە نەخێرە، چونکە باوەڕەکە هەڵەیە. ل ٢٨٧***

**١.٣.١٠ Abelard** جیاوازی لە نێوان ڕای عابر و dicta واتە ئەوەی وتراوە و کردەوەی جەختکردنەوە (یان بیرکردنەوە) دەکات، بەو تێڕوانینەی کە یەکەمیان هەڵگری سەرەکیی بەهای‌ڕاستییە. و کەمتر قسە سەبارەت بە سروشت، یان ناسنامەی مەرجەکانی dicta دەکات، دواتر، ئەوانەی دوای ئەو هاتن بیرەکانی ئەویان بە تەواوی بڕواپێبونەوە وەرگرت، (Nuchelmans ١٩٧٣, pp. ١٦٢–٣) dicta کردەوەیەکی دیارکراوەی بیرکردنەوەیە، ڕووداو یان کردەوەی کۆنکریتیە، یان بونەوەرێکە (بوونێکە) هەمان جۆری بوونی هەیە وەك ئەوەی ڕوودەدات ... هەموو ئەو تێڕوانینانە لەبەرچاودەگیرێن و هەڵدەسەنگێردرێن لە نامەی Ars Mediluna نوسراوێکی نەناسراو دا؟

لە سەردەمەکانی ناوەڕاست و (و دواتریش) کارکردن لەسەر زاراوەی proposition بە شێوەیەکی پێوەری بە شوێن Boethiusدا بەکاردەهات، تا جگە لە ئەوانەی نوسراون و وتراون ئاماژە بۆ ڕستە، و مێشکیش بکات. بەواتای ئەوەی قسەکردن ئەوە دەگەیەنێت، کە چی ڕاست یان چی هەڵەیە، بەلای Descartes ەوە ڕەفتارە دیاریکراوەکانی بڕیاردان، وەك هەڵگری سەرەتایی بەهای‌ڕاستییەکان کاردەکات و بەلای Leibniz ەوە، بیرە چاوەڕوانکراوەکان وا دەردەکەون وەك ئەوەی ڕۆڵی ناوەرۆکی‌بیرکردنەوە و هەڵگری سەرەکیی بەرکاری-

---

[٤] بە واتای سەرەتایەتی، ئەوە وەك باوەڕ پێبوونە بە بەهای ئەو شتەی سادە و نا-ئاڵۆزە و وەك فەلسەفەی ژیان دەردەبڕدرێت، یان بە هۆی ئەدەب و هونەرەوە ئەوە لە کوردیدا لە شێوەی هونەری دێرین و نیگارکێشی کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا دێت، کە سەبارەت بە ژیانی سادەی ئەو سەردەمە دەردەبڕدرێن.

ڕاستیەکانبن. بە دڵنیاییەوە، ئەوە بابەتی گفتوگۆکانە، سەبارەت بەوەی ئایا ئەوە، وەك حەڵەتی بوونێکی هەقیقی دادەنرێت یان نا..

**٢.٠ واتا و پڕەپۆزیشن**

**٢.١ ڕۆڵی پڕەپۆزیشنەکان: مەرجێتی Modality**

بەلای (Adams ١٩٧٤:١٩٨١) ەوە، ئەگەر هاوڕابین لەسەر ئەوەی، کە پریپۆزیشن هەن، ئەو کاتە وا بیردەکەینەوە، کە ئەوانە نوێنەرێکی گونجاون بۆ هەڵگری تایبەتمەندیی مۆدالێتی *( بۆ نمونە، پێویستبوون، مەرجی، نەگونجاو و چاوەڕواننەکراو، واتە ڕاستیی ناچاری و ڕێتێچوون و چاوەڕوانکراو)* لە لایەکیترەوە، ئەگەر پریپۆزیشنەکان خوێندنەوەی واگەیاندن وەربگرن، ئەو کات بە شێوەیەکی پێویست، دەبێت دەستەیەکی گونجاو و هاوتوخم بن لەوان، و لە دونیای چاوەڕوانکراودا ڕاستبن، ئەگەر و تەنها ئەگەر ئەندامی ئەو جیهانەبن، کە باسی لێوەدەکەن، بەو شێوەیە بێتە تێگەیشتن، ئەو کاتە دەبێت دوو "واتا" بۆ قسەکردن لەسەر "دونیای ڕاستەقینە" لێکجیابکەینەوە، کە لە دوولاوە سەرنجی لێدەدرێت، لەوانە، ئاماژە کردن بۆ هەموو ئەو شتە(شتانە)ی هەن، کە Lewis پێیدەڵێت " من و هەموو دەوروبەرەکەم" یان ئاماژەکردن بۆ زۆربەی دەستە گونجاوەکان، کە هەموو ناوەرۆکە ڕاستەکان لەخۆدەگرن. *ئەوەی دوایی بەشێکە لە من و هەموو دەوروبەرەکەم، بەڵام تەنها بەشێکی گونجاو.*

**٢.٢ ڕۆڵی سیمانتیکی پڕەپۆزیشنەکان:**

*بەلای زوربەی زۆری زمانەوانەکانەوە ناوەڕۆکەکان هەڵبژاردنی بابەتی هەڵوێست و باری هەست بەرانبەر بە دەوروبەر و هەڵگری ڕاستی و هەڵەیەتین. دەشێت کەسێك باوەڕی وابێت، کە ئەگەر ناوەڕۆك هەبێت، ئەوە ئاماژەیەکی گرنگە لە سیمانتیکی باری هەستکردن، بەرانبەر بە دەوروبەر و ڕاستی-درانەپاڵ و ڕێژەیی، کەسێك دەکرێت ئەوە پەسەند بکات، کە لە دەربرینێکی وەك "S باوەڕی وایە، کە P " بەو مەبەستەی، کە " P ڕاستە"، و لە دەربڕینی کە-کلۆز that-clause دا، ئاماژە بۆ ناوەڕۆك دەکرێت.*

*لێرەدا پرسیارەکە لەوەدایە، کە ئایا "کە-کلۆز-that-clouse" لە ڕاستیدا ئاماژە دەکات، بە تایبەت ئەگەر ئەو ئاماژەکردنە بۆ "ناوی تایبەت" بێت، ئەو نا-دڵنیاییە لەوە هاتووە، کە "کە-کلۆز" ناوی تایبەت و ناوی فرێزیی نییە. چونکە ناوەڕۆکەکان، وەك بابەتی هەڵوێست و هەڵگری ڕاستییەکان پێویست نییە بە شێوەیەکی سیمانتیکی پەیوەندیی لەگەڵ دانەپاڵی هەڵوێست و ڕاستیداهەبێت.*

*باپیر باوەڕی بە هەرشتێك هەیە، کە نازەنین باوەڕی پێیەتی*

*نازەنید دەڵێت پشیلە سپڵەیە*

*بەو جۆرە باپیر باوەڕی وایە کە پشیلە سپڵەیە*

*ئەوانە ڕاستن و گونجاون ئەگەر ئەو فۆرمە لۆجیکیانەی خوارەوە وەربگرن:*

*بۆ هەموو X ێك وەك ئەوەی کە باپیر وتی X ، نازەنین باوەڕی بە X هەیە،*

*باپیر وتی A بەو جۆرە، نازەنین باوەڕی بە A هەیە.*

ئەگەر باوەڕمان بە هەبوونی پڕەپۆزیشن هەبێت، ئەو کاتە دەبێت باوەڕیشمان بەوە هەبێت، کە ئەوانە لە سیمانتیکی ڕێباز، هەڵوێست و ڕاستی-هاوبەشدا بەهایەکی گرنگ بەخۆوەدەگرن. بۆ نمونە، کەسێك دەشێت باوەڕی وابێت، کە "P باوەڕی وایە کە Q" و هەروەها "کە P" ڕاستە، بەڵام دواتر گومان سەرهەڵدەدات

سەبارەت بەوەی، کە ئایا *کە-کلۆز* لە ڕاستیدا ئاماژەدەکات؟، و ئەگەر ئاماژەکردن لە سەر بنەمای نمونەی ناوە گونجاوەکان بزانرێت، دەبینی *کە-کلۆز* نە ناوی گونجاوە و نە فرێزی ناویشە.

بە لای Adams ١٩٧٤ ەوە، لە ڕستەیەکی وەك "S Vs" کە تێیدا p پەیوەندییەکی ڕێبازی و ڕاستە، ئەگەر و تەنها ئەگەر S بە هۆی 'V'وە ئاماژ بۆ کەسێك بکات، کە لە پەیوەندی هەڵوێستیدایە بۆ ئەو پرەپۆزیشنەی، کە بەهۆی *کە-کلۆزەوە* دیاریدەکرێت؟ دیارە بە پێچەوانەوە هەڵەیە، ئەگەر 'S' ئاماژە بۆ کەسێك بکات، کە لەوەها پەیوەندییەکدا بۆ پرەپۆزیشنێك لەو جۆرە نەوەستێت، "کە p ڕاستە"، یان "ئەوە ڕاستە، کە P" ڕاستە، ئەگەر و تەنها ئەگەر ئەو پریپۆزشنەی بە هۆی "کە P" ەوە دیاریکراوە، خاوەنی دەستەیەك لە تایبەتمەندی بێت، کە بە هۆی "ڕاستەوە" دەربڕابێت. گرنگی ئەو لێکدانەوە و یەکگرتنە، کە پێی دەگوترێت "پەیوەندیی لێکدانەوەیی" بریتییە لە لێکدانەوەیەکی ڕێکو ڕەوانی هەڵێنجانێکی دیاریکراوی گونجاو، بۆ نمونە،

- باپیر باوەڕ بەهەموو شتێك دەکات کە نازەنین وتبێتی.
- نازەنین وتی داعش دڕندەیە
- کەواتە باپیر باوەڕی وایە کە داعش دڕندەیە

هەر یەك لەو هەڵێنجانانە گونجاون، ئەگەر هاتوو چەند فۆڕمێکی لۆجیکی سادەی، وەك ئەوانەی لای خوارەوەی هەبێت"

بۆ هەموو X ەکان، وەك ئەوەی باپیر وتی X، نازەنین باوەڕی بە X هەیە.

باپیر وتی A بەو جۆرە نازەنین باوەڕی بە A هەیە.

**٢.٣ ناوەڕۆك، هەقیقەت و بارودۆخەکان**

Frege سەبارەت بە پرەپۆزیشن باوەڕی وایە، کە ئەوەی پەیوەندی بە ڕاستیەکانەوە هەیە، دەشێت زانایەك، "ئەگەر بیەوێت بناغەیەکی پتەو بۆ زانست بگەڕێنێتەوە، هاواربکات و بپرسێت، هەقیقەت و ڕاستی چین؟ دواتر دەگوترێت هەقیقەت ئەو بیرەیە کە ڕاستە" (Frege ١٩١٨:٢٥). دواتر دەبینی، کە پرسیارەکە تەنها بەوەوە ناوەستێت، دەگوترێت ئایا هەقیقەت تەنها پرەپۆزیشنێکی ڕاستە؟، لە کاتێکدا بەلای Frege ەوە گفتوگۆی زمانی و میتەفۆڕی هەیە بە پێچەوانەی ئەوەوە، ئەو هەقیقەتەی، کە "بەفر سپیە" بوونی نییە ئەگەر بەفر سپی نەبێت، بەڵام پرەپۆزیشنی ڕاست دەتوانێت، لەبەرئەوە، هەقیقەت پرەپۆزیشنی ڕاست نییە، هەقیقەتەکان دەشێت، هێشتا، بە واتایەك، لە پرەپۆزیشنی ڕاستەوە وەربگیرێن، تەنانەت ئەگەر ناسنامەی داواکراویش هەڵەبێت. بە شوێن، Slote (١٩٧٤, p. ٩٩), Kit Fine (١٩٨٢, pp. ٥٢–٣) دا، پێشنیاری ئەوە دەکرێت، کە "هەقیقەت" دەشێت وا وەربگیرێن و بزانرێن وەك ئەوەی بەکۆنکریتکراوی پرەپۆزیشنی ڕاستبن. بەو شێوەیە، هەقیقەتی ئەوەی، کە p ڕاستی/هەقیقەتی q یە، بە دڵنیاییەوە، لێکدانەوەی هەقیقەتەکان بەو شێوەیە وادەکات، کە ئەوانە کاندیدێکی لاوازبن بۆ دروستکەری-ڕاستییەکان. ڕاستی p، بەشێوەیەکی چاوەڕوانکراو ئەوە نییە، کە p بکات بەڕاست. بەلای Harman (٢٠٠٣) ەوە ئەگەر پریپۆزیشنی ڕاست ئەوەبێت، کە ئاگرەکان گەرمن، وا دەکات، کە ئەوە حاڵەتێك بێت لە حاڵەتەکان کە ئاگرەکان گەرمن.

**٢.٣.١ بەکار هێنانی تری "هەقیقەت" کە هاریکارن لە دیاریکردن:**

بەفر سپیە، هەقیقەتە، بەڵام ناتوانێت هەقیقەت بێت، ئەگەر بەفر سپی نەبێت، کەواتە، هەندێك شت، کە هەقیقەتن دەشێت هەقیقەت نەبن. وەك دەردەکەوێت هەقیقەتەکان دەتوانرێت بۆ ئەو نمونانەی، کە وەك

پرەپۆزیشنەکانن بەکاربهێنرێن، "لەوەدا کە دوو ڕێبازیان هەن بۆ بوون: هەبوونی شتێك، کە لە ڕاستیەوە نزیکبێت". (McGrath ۲۰۰۳) دوو جۆر لە بوون، کە پەیوەندییان بە جیاوازیی بەکارهێنانی هەقیقەتەوە هەبێت جیادەکاتەوە، جۆرێکیان ڕێگایەکی هەیە بۆ بوون(ئەوە بە شێوەیەکی سادە هەیە)، و ئەوەکەیتر دوو ڕێگای هەیە بۆ بوون، (ئەوە دەشێت هەبێت بەبێ ئەوەی بەدەستبێت)، هەقیقەتە دوو جەمسەرییەکان، بە تەواوی هاوتان بەو شتەی هەندێك فەیلەسوف پێی دەڵێن بارودۆخ. هەندێك لە فەیلەسوفەکان دەیانەوێت ڕووداوەکان لێکجیابکەنەوە، بۆ نمونە، هەقیقەتە دوو جەمسەرییەکان لە پرەپۆزیشنەکان، بەلایانەوە هەقیقەتە دوو جەمسەرییەکان Bipolar، ئەرگیومێنتی بەردەوامن، بارودۆخن، لەبری ئەوەی پرەپۆزیشنی ڕاستبن. بە واتایەکیتر هەموو پرەپۆزیشنەکان ناتوانن بارودۆخی چاوەڕوانکراوبن، چونکە لێرەدا پرەپۆزیشن هەن، کە چاوەڕوان ناکرێت ڕاستبن. لەکاتێکدا بارودۆخی چاوەڕوانکراو پێویستە بەلایەنی کەمەوە لە هەندێك دونیای چاوەڕوانکراودا بەدەستبێت. دەکرێت دونیا چاوەڕوانکراوەکان، نا-چاوەڕوانکراوەکانیش بگرنەوە، بەلای King (۲۰۰۷ and ۱۹۹۵) دەوە هەموو پرەپۆزیشنەکان هەقیقەتن، بۆ نمونە، پرەپۆزیشنی "باپیر نازەنینی خۆشدەوێت"، ئەو حەقیقەتە نییە، کە "ماری نازەنینی خۆشدەوێت"، بەڵکو زیاتر بەشوێن هەقیقەتی: "باپیر، خۆشویستن، و نازەنین"دا دەبن بە بەهای سیمانتیکی بەندە زمانیەکان.

***۲.٤ ڕستە و دەربڕین لەبەر ڕۆشنایی واتا و ناوەرۆکدا***

*هەموو بەشەکانی قسەکردن لە یەك ئاستدا نین، بۆیە دەبینی هەر یەك لەوانەی سەرەوە ئەرکی تایبەتیی خۆیان لە باسکردنی ئاستێکی دیاریکراوی دەوروبەردا بەجێدەگەیەنن، بۆ نمونە، "ڕستە"، بریتیە لە ڕەگەزی ڕێزمانی ئەبستراکت، کە لە دەربڕینەکانەوە بەدەست دێت، چونکە ئەوانە لەبەر ڕۆشنایی بەکارهێنانی هەقیقەتی زماندا ڕێکدەخرێن، بۆیە هەموومان دەتوانین بە شێوەیەکی هاوبەش و یەکسان ڕستەیەکی دیاری کراو و بڵێین، یان بنوسین، ڕستەیەکی وەك باپیر وتی"مێژوی گەشەکردنی دارتاشی لە کوردستان"دا خوێندنەوەی ئەبستراکتی وەردەگرێت، کە بە هۆکاری جیاوازەوە دەشێت خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت، لەوانە (ا) جیاوازیی ئاوازەیی لە نێوان کەسی قسەکەر و ئەوەی دواتر ئەو ڕستەیە دووبارەدەکاتەوە، (ب) جیاوازیی لەنێوان پیاو، ژن، و منداڵ (ج) جیاوازیی لە نێوان دیالێکتەکاندا، کە بناغەی(ان) لەسەر تێڕوانین و بارودۆخی ناوچە، جیاوازیی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت ئەو وردەکارییەی لە فۆنەتیکدا بەدەردەکەوێت، هەموو ئەوانە پێکەوە، یان هەر دانەیەك و بە نۆرەی خۆی، کەسایەتیی قسەکەرەکان دیاریدەکات، دواجار ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی پاڵاوتنی زانیاریی جیاواز لەلایەن کەسی سێیەمەوە. بەرێگەیەك لە ڕێگەکان دەکرێت، هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان واتای سیمانتیکی و ناوەرۆکی، بکێشرێت و لێکجیابکرێنەوە، بۆ نمونە، دەکرێت واتا سەربارەکان لاببرێن و ئەوەی دەمێنێتەوە بریتییە لە واتای لۆجیکی ڕستەکە، کە ناتوانرێت لەوە زیاتر تێبچێت(واتە کورت بکرێتەوە"، بۆیە هەمیشە دەکرێت، باری سەرنجی قسەکەر بەهەند وەربگیرێت کاتێك باس دێتە سەر ناوەڕۆك. بۆ نمونە،*

**(أ) گەرمایە**

*دەکرێت کەسی بەرانبەر وا تێبگات، کە قسەکەر- مەبەستی ئەوەبێت کە هۆکاری ساردکەرەوە بەکاربێت، یان پەنجەرە و دەرگا بکرێنەوە، تا هەوا بێتە ژوورەوە، بەڵام کاتێك کەسێك لە وەڵامدانەوەی ئەوەی، قسەکەر مەبەستێتی(بە تێگەیشتنی خۆی) دەیەوێت ئەو کارەبکات، بەڵام قسەکەر دەڵێت نابورە!، تەنها باس لە*

هەقیقەتێك دەكەم و بەس، كەواتە بەلابرنی ئەو واتا سەربارانە، ئەوەی دەمێنێتەوە، واتای لۆجیكی ڕستەكەیە، كە بریتیە لە وەسفی هەقیقەتی بارودۆخی ژوورەكە.

٢.٤.١ واتا و ناوەرۆك لە ڕستەی بكەر دیار و بكەر نادیاردا:

لە دیاریكردنی ناوەرۆك proposition هەڵێنجانی كۆی واتای تەواوی ڕستە و دەربڕینەكان، بە هەردوو واتای سیمانتیكی وشە و واتای سەرباریشەوە، هێشتا بەلای لۆجیكییەكانەوە ڕەگەزێكیتر، كەبریتیە لە زانیاریی ڕێزمانی دیاریكراوی نا-پەیوەندیدار، دەبێت لەبەر چاو بگیرێت، كە بریتییە لە جیاوازی لە نێوان بكەر دیار و بكەر نادیار.

(١) باپیر قادری بۆ نانی نیوەڕۆ بانگهێشتكرد.

(٢) قادر لەلایەن باپیرەوە بۆ نانی نیوەڕۆ بانگهێشتكرا.

بەلای لۆجیكییەكانەوە ئەو ڕستانە لەسەر ئاستی قوڵ هاوتان، ئەوە لە كاتێكدایە، كە ئەگەر (١) مەرجی ڕاستی بەخۆوەبگرێت، ئەو كاتە بەزەرورەت دەبێت (٢)ش ڕاست بێت، بۆیە جیاوازیی ڕێزمانی بە بۆچوونی لۆجیكی لە ناو ئەو دوو ڕستەیەدا بەهایەك بەخۆوە ناگرێت، لەكاتێكدا لەسەر ئاستی ڕووكەش، جۆرێك لە جیاوازی دەبینرێت، بۆ نمونە، ئاستی بكەر بۆ بەركار نزم دەبێتەوە، لە كاتێكدا ئاستی بەركار لە بەركارەوە بۆ بكەر بەرز دەبێتەوە، ئەوەش بەوەدا دەردەكەوێت، كە دەتوانرێت ئەوانە لابرێن و ناوەرۆكی ڕستەكەش گۆڕانی بەسەردا نەیەت، ئەوە لە سیمانتیكدا دەكرێت بۆچوونیتری هەبێت. بەلای Saeed (٢٠٠٤:١٣) زانیاریەكیتری نا پەیوەندیدار، كە لەوەها ڕستەیەكدا دەبینرێت، پێی دەگوترێت زانیاریی بنیاتی، بۆ نمونە،

(١) ئەوە باپیرە، كە قادری بانگهێشتكرد.

(٢) ئەوە قادر بوو، كە باپیری بانگهێشت كرد.

(٣) ئەوەی باپیری بانگهێشتكرد قادر بوو.

(٤) ئەو كەسەی، كە باپیری بانگهێشتیكرد قادر بوو.

ڕستەكانی سەرەوە هەموو باس لە هەمان بارودۆخ دەكەن، بە واتایەكیتر، ئەگەر لە تێڕوانینی مەرجی ڕاستییەوە سەرنج بدەین، دەبینین، كە ئەگەر یەكەم ڕاست بێت ئەوەكانی تریش ڕاستن، لێرەدا ئەگەر سیمانتیك مامەڵە لە گەڵ تاك بە تاكی وشەكاندا بكات ئەو كات، دەبینی لۆجیك مامەڵە لەگەڵ ناوەرۆكدا دەكات، بە كۆی واتای وشەكانی ڕستەیەك ئەگەر لەگەڵ ئەو واقیع و ڕاستیانەی ناوەرۆكەكە باسی لێوە دەكات هاوتا بوو، ئەوە واتای وایە، بەهای ڕاستی بەخۆوە دەگرێت، بۆیە كە یەكێكیان درۆ بوو، ئەوە وا دەكات، كە ئەوەكانی تریش ڕاست نەبن، كەواتە ناورۆكی هاوبەش جێگەی بایەخە بەلای لۆجیكییەكانەوە، دیارە، دەكرێت ناوەرۆك بە ڕێگەی جیاوازەوە پێشكەش بكرێت، تا لە سەرلێشوان دوركەوینەوە. بۆ نمونە، سەرنج لەوانەی لای خوارەوە بدە، بە شوێن Saeed دا

(٥) باپیر قادری دەعوەتكرد

بەو جۆرە ئەو ناوەرۆكەی، كە ڕستەكە دیاریدەكات،

(٦) جەنگ كۆتایی هات

لۆجیکییەکان بە گشتی فۆرمیولە بەکار دەهێنن، کە تێیدا کار وەك ئەرك و وەزیفە دەزانرێت، و هەردوو بکەر و بەرکار، وەك ئەرگیومێنتی ئەرك و وەزیفەکەیە. لەو بارانەدا زۆر جار کۆتایی کارەکە، بەندەکانی تری ڕێزمانی لادەبرێت، بۆ هاوتا بۆ (٥) و (٦) ڕستەی (٧) و (٨) دەبێت.

(٧) بانگهێشتن (باپیر، قادر)

(٨) کۆتایی (جەنگ)

هەندێك جاریش زمانەوانەکان ئەو بیرە لە لۆجیکییەکان وەردەگرن لە دەربڕینەکانیاندا، بۆ نمونە،

(٩) باپیر کورسیەکەی دروستکرد

(١٠) ئایا باپیر کورسیەکەی دروست کرد؟

(١١) باپیر، کورسیەکە دروست بکە!

هەموویان هەمان ناوەرۆك بەخۆوە دەگرن، بەڵام بە هێزی جیاوازەوە، ڕستەی جیاواز ڕێگە بە قسەکەرەکانی دەدات، کە بەهەمان ناوەرۆك، جەخت لەسەر داواکاری، فەرمان و پرسیاریش بکەنەوە، کەواتە ناوەرۆکەکان ڕێگایەکن بۆ بەدەست هێنانی بەشێك لە واتای ڕستەکان، ناوەرۆکەکان زیاتر ئەبستراکتن وەك لە ڕستەکان، چونکە، وەك لە سەرەوە پیشاندرا، ناوەرۆك دەتوانرێت بەهۆی دەربڕینی جیاوازەوە پێشکەشبکرێت، زیاتریش لەوە لە دەربڕینەکاندا، بۆ نمونە، پرسیاری و فەرمانییەکان ناتوانن وەك واتای تەواوبن، چونکە ئەو ڕستانە جەختکردنەوە لەسەر هەڵوێستی قسەکەر بۆ ناوەرۆك لەخۆ دەگرن.

### ٢.٤.٢ واتای حەرفی و واتای نا-حەرفی

(١) برسیمە

(٢) دەتوانم ئەسپێك بخۆم

لە (١) دا گوێگر باوەڕی وایە، کە قسەکەر باسی هەقیقەتی برسیبوونەکەی خۆی دەکات و هیچ واتایەکی سەربار لە دەربڕینەکەدا شکنابات، لەکاتێکدا (٢) برسیبوونەکەی قسەکەر وا گەورە دەکات، کە ببێتە مایەی سەرنجپێدان، بە شێوەیەك، کە هەقیقەتی برسیبوونی ئاسایی تێیدا ونەبێت، واتە، قەبارەی برسیبوون لە سنوری ئاسایی بەدەردەکات. هەندێك لە زمانەوانەکان ئاماژەکردن denote، وەك پەیوەندیی لۆجیکی لە نێوان دەربڕینە زمانییەکان و دونیا بەرکاردەهێنن، لە کاتێکدا refer بۆ کاری قسەکەرەکان لە هەڵبژاردنی بوونەکان لە دەوروبەردا بەکار دەهێنن، واتە گەڕانەوە و درانەپاڵ.

ڕستەیەکی وەك "چۆلەکەکە لە ژورەکەدا فڕی"، دوو ناو هەن لەم ڕستەیەدا یەکەم چۆلەکە و دووەم ژوور، کە بۆ ناونانی شتن لە دەوروبەردا، بە واتایەکیتر referring ئەو شتەیە، کە قسەکەر دەیکات، لەکاتێکدا هەردوو ناوەکە ئاماژە بۆ شتی دیاریکراو دەکەن لە دونیادا، جیاوازی لە نێوان ئەو دووانەدا، کە لەو پێناسەکەیەوە وەردەگیرێت، ئەوەیە کە denotation بریتییە لە پەیوەندیەکی بەردەوام لە زماندا، کە پشت بە بەرکارهێنانی هیچ کام لەو شتانەدا نابەستێت، لە کاتێکدا reference پەیوەندییەکی چرکە بە چرکەییە، چ بوونێك کە refers دەیکات، بەهۆی بەکارهێنانی وشەی "چۆلەکە" پشت بە دەق دەبەستێت.

### ٢.٤.٣ گچکەترین و ناوەرۆك[٥] minimalism and proposition

[٥] دانەیەکە لە داهێنانی کردەوەیی discovery procedures; کە لە فۆنۆلۆجیدا بەکار دەهێنرێت، تا بڕیار لەسەر ئەوە بدەن، کە چ دەنگێك سەر بە هەمان جۆرە، یان فۆنێك، دوو واتا، کە جیاوازن لە واتادا کاتێك یەك دەنگ بگۆڕدرێت ئەو کات ئاماژەی بۆ دەکرێت وەك بچوکترین جوتی کچکە minimal

سەرەتا لە لایەن Alfred Tarski ەوە تیۆریەك بەناوی "کاریگەری تیۆری ڕاستی influential theory of truth"، هاتە ئاراوە، دواتر گۆڕدرا بۆ تیۆریەکی سەردەمیتر بە ناوی "تیۆری چونە ناو یەك یان گچکەترین" یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی ئەو دوو تیۆریە ئەوەیە کە پرسیاری "ڕاستی چییە؟" جێگەی پرسیاری "ڕاستی چی دەکات""ی گرتەوە. سەبارەت بە گەشەکردنی فەلسەفەی زمان، کە لە سەدەی دووایی لە کارەکانی Frege دا دەبینین.

سەنتەری گەشەکردنی بیری گچکەترین لە ڕێزمانی چۆمسکییەوە گەشەیکردووە، و هێز و توانای خۆی لەسەر هەڵێنجان لە بارودۆخی سنوردارکراو لە مەودای واتای دەربڕینەکانەوە بنیاتناووە، بیرەکان لە نێوان واتا و دەربڕینەکانەوە گەشەیان کردووە، بۆیە گچکەترین لەلای چۆمسکی وەك فۆرمێکی وەزیفی functionalism[٦] مامەڵەدەکرێت. بیری گچکەترین دەگەڕێتەوە بۆ پێش چۆمسکی، واتە فەیلەسوفەکانی پێش ئەو بەکاریانهێناوە هەر لە ئیفلاتونەوە، تا دەگاتە ئەرستۆ و سەدەی نۆزدەهەم. هەموو لەسەر ئەوە کۆکن، کە وەزیفەی زمان وا وەردەگیرێت وەك ئەوەی دەربڕینی بیری ناوەرۆك بێت دوور لە درێژەپێدان. Seuren (٢٠٠٤:١٢٥-٦) ئەوە دیاریدەکات، کە تیۆرییەکانی زانایانی وەزیفی مۆدێرن، دەوروبەرێکی فراوان و جیاواز لەبەر چاودەگرن تا لە لایەن زمانەوە پەیڕەویبکرێت. دیارە، هەقیقەتە دیاریکراوەکانی وەك وشەی دژواتا، زانستی دەرون، سروشتی فیزیکی دەنگ، بنیاتی مێشکی مرۆڤ و هەقیقەت و ڕاستیەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیش لەخۆ دەگرن، بەلای چۆمسکییەوە هەموو ئەوانەی باسکران بەقەدەر ئەوەی زانراون، وا لەبەر چاو دەگیرێن وەك ئەوەی هۆکاری پڕ بەهابن لە بڕیاردان لەسەر شێوە و بیچمی سیستێمی زمانی کەسەکان، وەك ئەوەی زانراووە. بەلای (٢٠٠٤:١٢٦) Seuren "لانی کەمی نوسخە، وێنەیەکیی ئەرکی لەبەر چەند هۆکارێك لە لایەنەکانیتر دوورکەوتووترە، بۆ نمونە، "ئەوە زیاتر سنوردارکراوە لە لایەنە جیاوازەکانیترەوە، لەوەدا کە بە شێوەیەکی تەواو سەیری واتا و مەرجەکانی گۆکردن دەکات، هۆکارە شوێنەوارەکانیتر وەلادەنێت، بۆ نمونە، بنیاتی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی لەبەرچاوگرتنەکەیە"، واتە ئەوەی گرنگە واتایە، ناوەرۆك و دەربڕینەکەیە ئەوەکانیتر، کە سەرەنجامی کەسایەتیی قسەکەر و دەووروبەر و .. وەك نا بنەڕەتی وەردەگیرێن بۆیە ئەوانە حسابیان بۆ ناکرێت.

بەلای چۆمسکییەوە سەبارەت بە بیری perfection بێگەردکردن و تەواوێتی، ئەوەیە کە زمان زۆر تەوا و بێگەردە بۆ فراوانکردن، و لە لایەن هۆکارە دەرەکییەکانی وەزیفی و ئەرکیەو بڕیاری لەسەر دەدرێت و هیچ دەستورێکی پاڵنەر و هاندانێکی سەربەخۆی بۆ خودی خۆی نییە، تێڕوانینی باو لە تیۆری زمانی ئەوەیە، کە سەربەخۆیی و سروشتی گونجاوی زمان ئەوەیە، کە لە بنیاتی سروشتی زمانەوە بنیات دەنرێت و دیاری دەکرێت.

ئەم کارە پەیوندی بە دوو پرسیارەوە هەیە، (ا) ئەو بارودۆخە گشتیانە چین، کە تێیدا توانای زمانی مرۆڤ پێویستە بە تەواوی باوەڕ پێبوونەوە چاوەڕوانکراوبن، (ب) تا چ ڕادەیەك توانای زمانی بەبێ بنیاتە تایبەتیەکان بە هۆی ئەو مەرجانەوە دیاریدەکرێن، کە لە دواوەی ئەو مەرجانەوە بن؟ یەکەمیان دوو ڕوخساری هەیە، ئەو

---

pair بۆ نمونە، "کەر" و "کەڕ"، و زمانەوانەکان یان قسەکەری زمانی سروشتی کە ئەو بڕیارانە دەدات دەوترێت، کە "تاقیکردنەوەی کەمترین جوتە minimal pair test گروپ گەلێك لە وشە جیادەکرێنەوە بەهۆی هەر دانەیەك تاقە دەنگێك هەیە کە جیاوازە لە وشەی تر، و هەندێك جاریش پێی دەگوترێت کەمترین تاقیکردنەوە.

[٦] Functional theory بریتیە لە (١) لەبەر چاوگرتنی زمان وەك ئەوەی هۆکاری تێگەیشتنە و لە لایەن سێ ڕەگەزەوە کاریگەری لەسەرە، یەکەم؟ قسەکەر، گوێگر و بابەتی قسە لە سەرکردن (٢) ئەو قسەیە کە دەڵێت لە هەر زمانێکدا بنیاتێکی ناوەکی موتەناسیبی/هاوڕەگەز و هاوتوخم هەیە و بۆ هەر ڕەگەزێك لە زمانەکەدا ئەرك و وەزیفەی تایبەتی خۆی هەیە.

مەرجانە چین، کە لەسەر توانای زمانی دەسەپێنرێن، بە هۆی (١) شوێنەکەیەوە لە ناوەندی ڕێکخستنی سیستێمی زانینی مێشکیەوە و (٢) لێکۆڵینەوەی گشتی بیری سروشتێتی، کە هەندێك سەربەخۆیی گونجاوی هەیە، بە واتایەکیتر سادەیی، ئابوری، تەناسوق، نا-زیادە، و هەروەها.

گرنگترین ستراتیجیەتی جەختکردنەوە بە لای (١٧٦-٢٠٠٤) Seuren ەوە ئەوانەی لای خوارەوەن، (١) بەکارهێنانی بەندەکانی جەخت لەسەرکردنەوە، بۆ نمونە، تەنها، یان تەنانەت (٢) بەرانبەری و لەگەڵ یەك جیاواز بوون یان جەختکردنەوەی هێز (٣) فۆرمی جیاوازی درز و کەلێنەکان و (٤) ڕێکخستنی بابەتی-ڕەخنە و تێبینییەکان، ئەوانە بەلای نوسەرەوە سیمانتیکن لە تێگەیشتنی مەرجی-ڕاستی تەواودا.

جیاوازی لە نێوان مەرجی ڕاستی بە تایبەت کاتێك ڕستەی بچووك بچێتە ناو ڕستەیەکی ترەوە لە ژێر کاریگەری چەند وشەیەکی کاریگەری دەستئەنقەست، لەبەرچاو دەگیرێن، بۆ نمونە، باوەڕ بوون بە...، بیرکردنەوە لە ... ، زاراوەکان وەردەگرین وەك ئەوەی لە لایەن زمانەوان و فەیلەسوفەکانەوە بەکار هاتوون، بۆ نمونە، ئەستێرەی ئێواران و ئەستێرەی بەیانیان، کە وەك دیارە ئاماژە بۆ هەمان شت دەکەن، بۆ نمونە، ڤینۆس، ئاڵو گۆڕ کردنی ئەو دوو زاراوەیە بە هیتر لە کلۆزدا وەك لە خوارەوە لە ای ا و ب دا پیشان دراوە، جیاوازیی مەرجی ڕاستی دروست ناکەن، لە کاتێکدا لە ڕستەی ٢ی ا و ب دا جیاوازی مەرجی ڕاستی دروست دەکەن، کاتێك کە ڕستە سەرەکییەکە بووە پارستە و لە ژێر زاراوەیەکی وەك باوەڕ بووندا هات، بەلای (١٧٦ :٢٠٠٤) Seuren ەوە سەرەنجام ئەوەیە، کە لە بری بەکارهێنان یان جێگۆڕکێی تێرمەکان پێکەوە، ئاماژەکردن دەبێتە هۆی ئەوەی کاریگەری مەرجی-ڕاستی سیمانتیکی پێکبهێنێت،

(١). (ا) ئەستێرەی ئێوارن ئاوەدانکراووە (ب) ئەستێرەی بەیانیان ئاوەدرانکراووە

(٢) (ا) باپیر باوەڕی وایە کە ئەستێرەی ئێوارن ئاوەدانکراووە. (ب) باپیر باوەڕی وایە، کە ئەستێرەی بەیانیان ئاوەدانکراوە.

Seuren بەو جۆرە ڕستەکان لێکدەداتەوە، ئەگەر ( ١١) ڕاست بێت، یان درۆ ئەوە دەبێ (١ ب) هەروەها، بەڵام ڕاستی یان درۆیی (٢ ا) ئەوە جێگیرناکات، کە (٢ ب) بە هەمان شێوە دەبێت ڕاست یان درۆ بێت، بۆ نمونە، دەشێت بە هەڵە باوەڕی وابێت کە ئەستێرەی بەیانیان هاوتانیە بە ئەستێرەی ئێواران.

بە هەمان شێوە دەبینین، کە جیاوازی مەرجی-ڕاستی لە نێوان نمونەکانی ٣ (ا و ب) ڕون و ئاشکرا نییە، ئەوە بە پێچەوانەی مەرجی ڕاستی لە نێوان ٤ (ا و ب) دایە.

(٣) (ا) نەك تەنها باپیر بە نوکتەکە پێنەکەنی. (ب) تەنانەت باپیریش بە نوکتەکە پێنەکەنی.

(٤) (ا) ئەوەی ئازادی خستە دڵەڕاوکێ ئەوە بوو، کە نەك تەنها باپیر بە <u>نوکتەکە</u> پێنەکەنی.

(ب) ئەوەی ئازادی خستە دڵەڕاوکێ ئەو بوو، کە تەنها <u>باپیر</u> بە نوکتەکە پێنەکەنی.

(١٤) دەتوانێت ناوەڕۆکی ڕاست هەڵگرێت، لەکاتێکدا (٤ ب) هەڵەیە، و بە پێچەوانەوە، لە (١٤)دا سەرسوڕمانی باپیر لەسەر نوکتەکەیە، بەڵام لە (٤ ب) سەرسوڕمانەکە لەسەر باپیرە، کەواتە، ئەگەر ئازاد هیوای وابێت ئەوە ببینێت، کە دڵتەنگە باپیر ئەوەندە گرنگ و کاریگەری نەبوو.

٢.٤.٤ واتا و تیۆری کردەوە

"واتا" کاریگەریی بیرو باوەڕی فەیلەسوفەکانی لەسەرە، بۆ نمونە، (١٩٦٩:١٧) Searle لە (Leech ١٩٨٣:٧) ەوە تیۆری زمان وەك وەچە=بەشی تیۆری کردەوە دەبینێت، و "واتا" لەو بوارەدا لێکدەداتەوە، کە قسەکەر جۆرێك

له كردەوەی ئاخاوتن پێكدەهێنێت، پەیوەست بە گوێگرەكانەوە. لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا جۆرێك لە بەراوردكردن لە نێوان سیمانتیك و پراگماتیكدا دەكرێت، بۆ نمونە، دەگوترێت چ ڕستەیەك لە بواری ئاستی قوڵی یان ڕونكردنەوەی سیمانتیكیدایە؟ ئەوە ڕستەیەكی جێبەجێكردنییە. مە بەست لە "واتا" بەبیری خۆداهێنانی هەقیقەتە لە دەرەوەی نسیستێمی زمانی، مەرجیش نییە هەموو هەقیقەتەكان زانراوبن، و ناشڵێین هەقیقەتەكان هەر ئەوەندەن، كە دەیانزانین، بەلای (١٩٨٣:٧) Leech ەوە گوێپێدان بە "واتا" دەبێت پشت بە هەقیقەت، یان شتێك ببەستێت، كە دەیزانین یان دەیان بینین. بە پێچەوانەی بۆچوونەكانی Leech ەوە، مەرج نییە هەموو ئەو هەقیقەتانەی باوەڕیان پێدەكەین بە بیرماندا بێن و بیانبینین. هەقیقەتەكان دەبێت ئاسان و نا-ئاڵۆزبن و بتوانرێت توانای بەگشتیكردنیان هەبێت، Leech هەندێك دەستوری تریش دەخاتە سەر ئەوەكانی Grice كە بریتین لە دەستور و یاسای موراعاتكردن، بۆ نمونە، بە پێی ئەو ماكسیمانە واتای وشە و ڕستە زۆر لێكنزیك دەبنەوە.

ماكسیمی چەندێتی maxime of quantity بڕێك لە زانیاری پڕ واتا و ڕاست بدە، وا بكە هاوبەشیەكانت پڕواتا بن بەقەدەر ئەوەی كە پێویست دەكات، وابكە زانیاریەكانت زیاتر نەبن زیاد لە وانەی پێویست دەكات.

ماكسیمی چۆنیەتی: Maxime of Quantity وا بكە هاوبەشیەكانت ڕاست بن، شتێك مەڵێ، كە باوەڕت وایە هەڵە بێت. شتێك مەڵێ، كە بەڵگەی تەواوت بەدەستەوە نەبێت.

ماكسیمی پەیوەندیدار: Maxime of relevance وا بكە پەیوەندیەكانت پەیوەندیان بە باسەكەتەوە هەبێت.

ماكسیمی شێوازی Maxime of Manner هەست و بیر تیژ بە. لە نادیاری دەربڕین دووربكەوەرەوە. لە ئاڵۆزی و تەمومژی دوربكەوەرەوە و كورتبڕ و ڕێك و پێك بە.

٢.٤.٥ مەرجی ڕاستییەكان ناوچەقی بەشێكی واتان:

Portner سێ هۆكار بۆ ئەو مەبەستە دەست نیشاندەكات، بۆ نمونە:

٢.٤.٤.١ زانستی سیمانتیكی و وشە لۆجیكیەكان:

بیركردنەو لە "واتا" وەك مەرجی-ڕاستی ڕستە و دەربڕینەكان، گرنگی تەواو دەدات بە وشە لۆجیكییەكانی وەك " و، یان، و، و نەخێر و بەڵام" و لە ئەنجامی ئەو ڕۆڵە گرنگەی دەیبینن، سەبارەت بە بڕیاردان لەسەر ئەوەی چ نمونەیەكی و گونجاو ڕەوایە لە دەربڕینی دیاریكراودا پێشكەشبكرێت، دیارە، هەر یەك لەوانە سەرنجی گوێگر و خوێنەر لە پێش پێكهێنەرەكانی تری ڕستەوە بەلای خۆیاندا ڕادەكێشن، تا لەوێوە بڕیار لەسەر واتای ڕستەكە بە ڕاست یان درۆ بدەن، بە لەبەرچاو گرتنی نەریتی لۆجیك، ئەگەر زانیت ڕستەیەكی وەك p and q ڕاستە، لە هەمان كاتدا دەزانی كە p وەك هەقیقەتێكی لۆجیكی ڕاستە، یان كە گوترا، "باپیر مۆسقا ژەنە لە تیپی X" دواتر دەڵێن "تیپی X " براوەیە، دەبینی گرنگی بە مەرجی-ڕاستی واتای دەربڕینەكە دراوە، ئەگەر ڕاست بێت " تیپێك بە ناوی X ەوە هەبێت" ئەو كات ڕاستە كە باپیر ئەندامی ئەو تیپەیە و یەكێكە لە براوەكان.

٢.٤.٥.٢ پێناسەكردنی پەیوەندی سیمانتیكی لەخۆوە زانراو (سروشتی).

بیركردنەوە لە "واتا" وەك بەهای-ڕاستییەكان ڕێگەمان پێدەدات، كە پێویستە بیر لە بناغەی بیری سیمانتیكی بكەینەوە، بۆ نمونە، ناكۆك و نەگونجاو، دژ واتا، واگەیاندن، بەدرۆخستنەوە.

دوو ڕستە هاوواتان ئەگەر هەمان واتایان هەبوو، بۆ نمونە:

(١) (أ) باپیر لە قادر بچوکترە. (ب) قادر لە باپیر گەورەترە.

دەشێت دوو ڕستە پێچەوانە بن.

(٢) (أ) باپیر گەورەترە لە قادر. (ب) قادر گەورەترە لە باپیر.

(٣) (أ) ئێستا لە هەولێر بارانە. (ب) ئێستا ئاسمانێکی ساف و بێگەردە لە هەولێر.

لە (١)دا ڕستەکان هەڵگری هەمان واتان، لە (٢)دا ڕستەکان، پێچەوانەوەن چونکە دەستەیەك لە دونیای چاوەڕوانکراوی جیا دەخەنە ڕوو، کە تیایدا دوو ڕستە پێکەوە ناکۆکن ئەگەر هەر دوو نەتوانن ڕاست بن یان درۆ. لە (٣)دا ءی (ب) ءی (أ) بەدرۆدەخاتەوە

٢.٤.٥.٣ واتا و کردەوە

بە مەبەستی ناردنی زانیاری سەبارەت بە جیهانی دەوروبەر و سودوەرگرتن لە ئەزمونی یەکتر قسە گەڵ یەك دەکەین، و کۆڕو کۆبونەوە سازدەدەین، دواتر هەموو ئەوانە دەبنە وەڵام بۆ "بۆ زمان بەکاردەهێنین"، "چۆن دەتوانین سود لە زانیاری و ئەزمونی کەسێکیتر وەربگرین" و ...، دواتر، بەهۆی ئەو زانیارییانەوە، بڕیاردەدەین، چ کردەوەیەك چاوەڕوانکراوە، تا ئاراستەمان بکات بۆ بەدەست هێنانی ئەوەی ئارەزوومانە، جگە لەوانە، ئەو زانیارییانە هاریکارمانن لە پوختەکردنی بیروباوەڕەکانمان سەبارەت بەوەی جیهان لەچی دەکات، هەروەها تا بەباشی کردەوەکانمان هەڵبژێرین.

٢.٥ ناوەرۆك زیاتر پەیوەستە بە مێشکەوە وەك لە واتا

پێشنیاریی مێشکی کەسی بریتین لەو تایبەتمەندییانەی کە هەڵوێستی دەرونی و ویستی کەسەکان پیشان دەدەن: لەوانە، باوەڕ، ئارەزوو، حەزکردن و هەروەها، هەر یەك لەوانە دەتوانێت کەسێك بەرە و پێشنیاری جیاواز لە کات و شوێنی دیاریکراودا بەرێت، دیارە، ئەوە بە پێچەوانەی واتاوەیە، بۆ نمونە، (بارانە، بەفر سپییە)، "باپیر باوەڕی وایە باران دەبارێت" پێشنیاری لەو جۆرانە زۆر جار وا دەناسرێن، وەك ئەوەی هەڵوێستی "ناوەرۆکی مێشکی"بن، بۆ نمونە، ئەگەر باپیر لە بارودۆخێکی باوەڕبوون بەوەی "باران دەبارێت"دا بێت، ئەو کاتە ناوەرۆکی مێشکی بریتییە لە پێشنیاری "باران دەبارێتە"، "نازەنین ئارەزووی منداڵ دەکات"، دەبینی نازەنین لە بارودۆخێکدایە، کە تیایدا "ئارەزووی منداڵ دەکات"، هەموو ئەوانە بەشێکن لە پێشنیاری مێشکی.

٢.٥.١ جۆری تێگەیشتنی کەسەکان لە واتا و ناوەرۆك

جۆرێکیتر لە جیاوازی لە نێوان ئەو دوو کاتەگۆرییە سیمانتیکیەدا سەبارەت بە "بیر"ە، ئەوەش سەرچاوەی خۆی لە سەرجەم تێگەیشتنی کەسەکانەوە بۆ شت، کەس و واتای پێکهێنەرە سەرەکیەکانی دەربڕینێکی دیاریکراوەوە هەڵگرتووە، هۆکاری ئەو ئاڵۆزیەش لەوەدایە، کە وشەکان واتای زیادە دەگەیەنن، بەو تایبەتمەندیانەوە، کە بوونەوەری ئاماژەبۆکراو لە دونیای بەکارهێنان و واقیعدا بەخۆیانەوەدەگرێت، بۆیە ڕادەی تێگەیشتن لەو واتا و سەربارانە جیاوازە لە کەسێکەوە بۆ یەکێکیتر، دیارە، ئەوەش پەیوەندی بە ئەزمونی کەسەکانەوە هەیە، کە کاریگەری خۆی لەسەر جۆری تێگەیشتن دادەنێت، شتەکان بابەتی نین، بەڵکو ئەوەن کە ڕەگیان لە ئەزمونی کەسەکاندا داناوە، ئەو بابەت و کاتەگۆریانە گەشەیان کردووە وەك پرۆسەی لە دونیا گەیشتن و بنیاتی کەسی مامەڵەدەکرێن، و لە ئەزمونەوە فێریان دەبین، بۆیە بابەتی بیریەکان لە کلتوری جیاوازدا وەك یەکنین، یان تەنانەت هەموو تاکەکان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و لە هەمان کلتوردا هەمان بیریان بەرانبەر ناوەرۆکێکی دیاریکراودا نییە.

### ٣.٠ جیاوازی لە نێوان واتا[٧] و ناوەرۆك

لەگەڵ ئەوەشدا، کە "واتا" و "ناوەرۆك" دوو دیوی یەك دراون و دەبنە وەچە بەش لە زانستی سیمانتیکدا، نابنە هاوواتا بۆیەکتر و لە زۆر بارودۆخدا لەشوێنی یەکتردا بەکار ناهێنرێن، لێرەدا سەرجەم ئەو خاڵە هاوبەش و جیاوایانەی لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا هەیە دەخەینە ڕوو.

٣.١ ناوەرۆك بریتیە لە ڕا، یا ن بیرێکی بەدیقەت و ورد بین، کە لە چوارچێوەی دەربڕینێکی دیاریکراودا دەردەبڕدرێت کاتێك کە وشەکان بە شێوەیەکی لۆجیکی پێکەوە گرێدەدرێن. لێرەوە، ئەگەر ناوەرۆك بیروڕا بێت، ئەوسا دەکرێت لە دوو لاوە سەرنجی لێبدرێت: بیر و ڕا، بە واتای تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی سەرجەم واتای پێکەوەگرێدراوی وشەکان لە دەربڕین، ڕستە و دەقی دیاریکراودا مامەڵەی ناوەرۆکی لەگەڵدا دەکەین، بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر دەکرێت، وەك میزاج، لە بۆچوون و ئارەزوی کەسی تێکەڵ کرابێت، لێرەدا خوێندنەوەکان سنوری سیمانتیك بەرەو پراگماتیك دەبەزێنن، لەو بارانەدا، دەبێت خوێنەر و گوێگر بەناچاری کلیلی کردنەوەی پرۆسەی مێشکی بخەنەکار، و بیرکردنەوە بەکار بهێنن تا لە نیەتی قسەکەر بگەن و بزانن لە چ کیلەیەکی زمانیدان، چونکە مەرج نیە بیرەکان ڕاستەوخۆ گوزارشت لە هەمان شت بکەن، کە وشەکان لە فەرهەنگدا ئاماژەی بۆ دەکەن، لە "بیر"دا تێڕوانینی هەموو کەسەکان وەك یەکە، و پێویست بە بیرکردنەوە ناکات، بەڵام ڕاو بۆچوونەکان مەرج نییە ڕاستەوخۆ گوزارشت لە هەمان شت بکەن، بە پێچەوانەی "بیر"ەوە کە بێکێشەیە و بیری هەر پێکهێنرێکی دەقی ژێر لێکۆڵینەوە لای هەموان هەمان شتە و لە فەرهەنگدا پارێزراون.

٣.٢ ناوەرۆکەکان خوێندنەوەی میتەفۆڕی وەردەگرن:

جۆرێکیتر لە دوورکەوتنەوەی "واتا" لە "ناوەرۆك"، ئەوە لەو بارانەدا بەرجەستە دەبێت، کە دەربڕینی دیاریکراو خوێندنەوەی مێتەفۆڕ وەردەگرێت، و جۆرێکە لە نواندنی نا-دەقاودەقی وشە و دەربڕینەکان، بۆ نمونە، شاعیر دەڵێت "قوربانی قژی ڕەشی بریقەدار، لێوی سوری ئاڵ، چاوی سەوز، ددانی مرواری، بڕۆی کەوانی باڵای عەرعەری و .....بم"، دەبینی باسەکە سروشتی نییەو دەشێت کەسێکی لەو شێوەیە لەدونیای واقیدا نەبینی، ئەوانەش تاڕادەیەك لەسەر هوشیاری گوێگرەکان وەستاوە تا بزانن ئەوەی قسەکەر دەیلێت واتای دەقاودەقین یان نا-دەقی، دیالکتی و هەروەها.

٣.٣ بەهای ڕاست و درۆ تایبەتمەندی ناوەرۆکەکانن:

لەبەر ئەوەی ناوەرۆك گوزارشت لە بیروڕا و تێڕوانینی قسەکەر یان نوسەر دەکاتەوە، دەکرێت بەهای ڕاست یان درۆ وەربگرێت، ئەوەش وا دەکات ناوەرۆکەکان هەمیشە خاوەنیان هەبێت، چونکە، ئەوسا دەتوانی بڵێی A درۆدەکات، و B ڕاستدەکات، لە کاتێکدا "واتا"کان بەرهەمی کاری بەهەرەوەزی هزر و بیری هەموو لایەکن و لە دەرەوەی دەق لە فەرهەنگدا پارێزراون و لە لێکدانەوەیاندا پێویست بەوەها کێشەیەك ناکات، لە ئاستی ناوەرۆکیشدا، بەلای لۆجیکی دڵنیاییەوە پرێپۆزیشن ئاماژەکردنە بۆ ڕستە داخراوەکان تا لە داخراوەکان جیایان بکەینەوە، کە بەهۆی ڕستە کراوەکانەوە دەردەبڕدرێن، کەواتە، ئەوانە بریتین لە ڕاگەیاندن و دەربڕین، کە بەهای ڕاستی، یان درۆ هەڵدەگرن، ئەو تێگەیشتنە لە ناوەرۆك، لەلایەن قوتابخانەی فەلسەفەی دڵنیایی و بێگومانی و زۆر لە فەیلەسوفەکانەوە ئەوەیە، کە هەندێك یان زۆر لە قسەکردن، کردەوە و دەربڕینەکان لە پاڵ

---

[٧] لەم باسەدا "بیر" و "واتا" هاوتا بەیەك مامەڵەدەکرێن، "بیر" بە سەرچاوەی "واتا" و بەرهەم، تێگەیشتن و هەستکردنی کەسەکان بەو شتانەی هەستیان پێدەکرێت یان تەنها بەبیردا دێن هەرکار گوێمان لە ڕەمزەکانیاندەبێت، دادەنێین.

راپۆرتە هەواڵییەکانیاندا ناوەرۆکی پڕەپۆزیشنی لەخۆدەگرن، بۆ نمونە، ڕستەی "بەڵێ" و "نەخێر"ەکان و هەروەها ناوەرۆك پێشکەشدەکەن و پرسیار لەسەر ڕاستی و درۆکانیان دەکەنەوە، لەلایەکی تریشەوە هەندێك ڕەمزیش دەتوانن وەك جەختکردنەوەی هەواڵی ناوەرۆك کاربکەن، تەنانەت ئەگەر ڕستە یان زمانیش نەبن، ڕەمزە ترافیکیەکان واتای دیاریکراو دەگەیەنن، کە دەبێت ڕاست یان درۆبن، کەواتە تاکە ڕەمزێك ناوەرۆکێکیپڕ لە زانیاری هەڵدەگرن، جگە لەوانە ناوەرۆك وا دەبینرێت وەك ئەوەی ناوەرۆکی باوەڕ، ئارەزوو بەلاوە باشتر بوون و .... بن، حەزدەکەم سەیارەی تازەم هەبێت: دەپرسم ئایا بارانە؟ ناوت چیە؟،

لەوەی سەرەوەوە دەبینین، بە پێچەوانەی "بیر" ەوە، "ناوەرۆك" تا ڕادەیەکی زۆر تێڕوانینی پڕاگماتیکی و کلتوری بەسەر دونیا بینینیەکانیدا زاڵە. زوربەی زۆری ناوەرۆکەکان مشتومڕییەکی فەلسەفین، هەر لەبەر ئەوەشە فەیلەسوفەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ناوەرۆکەکان زیاترگونجاون لەگەڵ ڕستە هەواڵیەکان وەك لە ڕستە پرسیاری، فەرمانی، سەرسوڕمانیەکاندا ... هەموو ئەوانە بریتین لە جیاوازی لەنێوان بیر و تێگەیشتندا، بۆ نمونە، Russell و Wenstein وایدەبینن کە ناوەرۆکەکان دەستەیەکن لە دونیا یان بارودۆخە چاوەڕوانکراوەکان، کە تیایدا ڕاستن، جیاوازی لە نێوان ئەو دوو تێڕوانینەدا ئەوەیە، کە بە پێی تێڕوانینەکەی Russell دوو ناوەرۆك پێشنیاری ڕاستن و لە هەموو بارەکاندا دەتوانن هێشتا جیاوازبن، بۆ نمونە، پێشنیاری ئەوەی "دوو + دوو" دەکاتە چوار ئەوە جیاوازە لە "سێ + سێ" کە دەکاتە شەش، ئەگەر پێشنیارەکان دەستەیەکبن لە دونیای چاوەڕوانکراو، ئەو کات هەموو هەقیقەتە ماتماتیکیەکان مامەڵەی هەمان دەستەیان بۆ دەکرێت.

٣.٤ دوور و نزیکی لە نێوان بیر و ناوەرۆکدا.

لە بواری بیرو ناوەرۆکدا، وشە تاکەکان لە دەربڕینێکدا "بیر" دەردەبڕن، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، کە "بیر" گرنگە بۆ زمان، و ئەوە وا دەکات، کە پەیوەندیی "بیر" و "زمان" تۆختر/چەقتر ببێتەوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، دەبینی لە هەندێك باردا "بیر" و "ناوەرۆك" ئەوەندە لەیەك نزیکدەبنەوە، کە ناتوانرێت لێك جیابکرێنەوە، بۆ نمونە، "پیرەمێرد چیرۆکی کەمانچەژەنی نوسیووە"، بیری هەر وشەیەك لە فەرهەنگ و واقیعدا جێی دەبێتەوە، لەهەمان کاتدا کاتێك بیرەکان یەکدەگرن دەبنە ناوەرۆك و دواتر کۆی واتای بیرەکان هاوتا دەبنەوە بە ناوەرۆك و لادانێك نابینرێت لەگەڵ بیرەکاندا، لە ڕستەکەی سەرەوەدا ناوەرۆك و واتای فەرهەنگی تاك بەتاکی وشەکان ئەوەندە لێکنزیکدەبنەوە هەست بە واتایەکی سەرباری ئەوتۆ ناکرێت، لێرەدا، ناوەرۆك و بیر بەهای یەکتر زیاتر تەواو دەکەن لە چوارچێوەی دەقدا. لە لێکدانەوە و دیاریکردنی هەربیرێکدا پەنا بۆ دەستەیەك لە تایبەتمەندی دەبەین تا ئەو بیرەی مەبەستە لە بیرێکی تری جیابکەینەوە، بۆ نمونە ئەوەی بیری "باڵندە" لە بیرێکیتر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە لە ناوەرۆکەکاندا دەبینرێن و باسدەکرێن، بۆ نمونە، باڵندە دەفڕن و هێلکەدەکەن"، ئەو کات بیری "باڵندە" بە بیری فڕین و هێلکەکردنەوەوە دەلکێنرێت. لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کە بڵێین زانیاریەکانمان سەبارەت بە دەوروبەر نەك دانەیەك بەڵکو تۆڕێك لە بیر لەخۆدەگرن، و لە دەقدا کاتێك ناوەرۆك دێتە ئاراوە، بیرەکان لەو دەقەدا بۆیەك دەگەڕێنەوە و ناوەرۆکێکی دیاریکراومان دەدەنێ، کە وێنەیەکی یکگرتووی دەقی دیاریکراوی تیادا ڕەنگدەداتەوە، کەواتە بەگشتی "واتا" و "ناوەرۆك" واتای یەکتر تەواودەکەن و وێنەیەکی تەواو بە پێی باری سەرنجی قسەکەر لەگەڵ واتای فەرهەنگی وشەکەمان دەدەن.

***٣.٥ پوچەڵ بوونەوە تایبەتمەندیی ناوەرۆکەکانە نەك بیر و واتا:***

***بەگشتی بیرەکان دەستەیەك لە تایبەتمەندی لەخۆ دەگرن کە پێکەوە دانەیەکی یەك گرتوو لە مێشکی کەسەکاندا جێگیردەکەن، بۆ نمونە، سەرجەم تایبەتمەندێتیی باڵندە بیری ئەو جۆرە زیندەوەرە لەلای کەسەکان جێگیر دەکات، بۆیە کەمتر پووچەڵدەبنەوە، دەشێت لە ئەنجامی بەکارنەهێنانیان بە درێژایی کات لە بیربچنەوە، یان وەك هەقیقەت لەدەوروبەر، تەنانەت لەناو جەستەی ئێمەشدا هەبن بەڵام هێشتا هەستمان پێنەکردبن، ... یان لە هەندێك باردا دەشێت بیرەکان لە چوارچێوەی "مەرجی بەسدا" بمێننەوە و تەواوی مەرجە زەرورەکان بەخۆوە نەگرن، بۆ نمونە، دەگوترێت نمونەی توخمی خۆیی باڵندە ئەوەیە کە بفڕن ئەوە هەندێك باڵندە نافڕن. گرنگتر لەوانە، لە کاتێکدا، مادام ناوەۆرك سەرچاوەی خۆی لە کلتور، و باری سەرنجی کەسی لە لێکدانەوەی دەوروبەردا هەڵدەگریت، دەبینی زۆر لەو باری سەرنج و بیرو ڕایانە بە تێپەڕینی کات باویان نامێنێت، هیتر و سەردەمیتر شوێنیان دەگرێتەوە، نمونە لە وانە، دەگوترێت "شەڕ لە بەتاڵی باشترە"، یان "دەست بەکڵاوەکەوی خۆتەو بگرە..."، یان زمانت بگرە سەرت ڕەحەتە"، بە تێپەڕینی کات دەبینی ناوەرۆکی هەر یەك لەو پەندانە باویان نەماوە و بە تەواوی پوچەڵ بوونەتەوە، بۆ نمونە، "قەت شەڕ لە بەتاڵی باشتر نییە" و لە شوێنی ئەو چالاکی و خەباتی مەدەنی پەسەندکراوە، لە دووەمدا لەم ڕۆژانەدا لە هەلپەرست بەولاوە نەکەس دەست بە کڵاوەکی خۆیەوە دەگرێ و نەکەسیش زمانی خۆی لە نەگوتنی هەقدا دەگرێت، لە کاتێکدا بیری "شێر" ڕێوی" و هەروەها قەت پوچەڵ نابنەوە و هەردەم لە هزری ئێمەدا بەجێگیری دەمێننەوە.***

**٣.٦ واتای ڕستەکان بە پێی کات و شوێن.**

سەبارەت بە "واتا"ی ڕستەکان، زمانەوانەکان یەکڕانین، بەلای هەندێکیانەوە، "پڕەپۆزشنەکان" بە شێوەیەکی گشتی، وەك "واتاکان" مامەڵە دەکرێن، یان زاراوەیەکی پێوانەیی و ستانداردی وردتری وەك "ناوەرۆك"ی بۆ بەکاردەهێنرێت، بە واتای ئەوەی ناوەرۆکی سیمانتیکی ڕستەکان زیاتر گونجاو و پڕاوپڕی ئەو زاراوەیەیە، بۆیە، ئەوە زیاتر وەك سەنتەری زانستی سیمانتیك و فەلسەفەی زمان چاویلێدەکرێت. (Lewis ١٩٨٠) باوەڕی وایە، کە ڕستەیەك دەشێت هەمان ناوەرۆکی هەبێت بە چاوپۆشین لەوەی، کە ئایا ئەوە وەك بەشێکی گونجاو لە ڕستەیەکی گەورەدا ڕوودەدات یان نا، بۆ نمونە، "لە ڕابردوودا ڕیگان سەرۆك بوو"، وا دەردەکەوێت وەك ئەوەی ڕاست بێت، پشتبەستوو بەوەی، کە ناوەرۆکی "ڕێگان سەرۆك بوو"، لە هەندێك کاتی ڕابردوودا ڕاستە، بەڵام ئەو ناوەرۆکە پێویستە لە ڕوی کاتەوە گونجاو بێت، چونکە دەکرێت ئەوە لە *بەهای-ڕاسییەکەی* بگۆڕێت ئەگەر ئەو ڕستەیە لە پێش هەقیقەت یان سەردەمی بوونی ڕێگان بە سەرۆك دەربڕدرێت.

Lewis نمونەیەك پێشان دەدات و دەڵێت، ئێستا لە پەنجەرەکەوە سەیر بکە و فۆڕمی "بارانە" بەخەیاڵدا بێنە، وا پێشنیار بکە، کە لە شاری Y بەپێی ڕاپۆرتی ئاو و هەوای دوێنێوە، بەخەبەردێت و فۆڕمی باوەڕبوون، کە "بارانە" لە باوەڕی خۆتدا بەفۆڕم بکە، لە پێش ئەوەی لەپەنجەرەکەوە سەیر بکەیت تا ببینی ڕۆژ دەدرەوشێتەوە یان نا، لەو بوارەدا دەکرێت ئەوە بگوترێت، کە ئەوەی A باوەڕی پێیەتی ڕاستە، لەکاتێکدا ئەوەی B باوەڕی پێیەتی درۆیە، بۆیە پێویستە هەردووکیان باوەڕیان بەهەمان ناوەرۆك نەبێت، گەرچی ئەو وشانەی دەربڕینەکە پێکدەهێنن ئەوە هەمان وشەن، بەڵام ئەگەر پرەپۆزشنەکان بە شێوەیەکی شوێنی نەگونجاو بوون، ئەو کات دەتوانرێت هەردوولا باوەڕیان بەهەمان پریپۆزیشن نەبێت. ئەرگیومێنتێکی وەك یەك، دەتوانرێت بە نمونە بهێنرێتەوە تا ئەوە پیشان بدات کە ئەو شتەی باوەڕی پێبکرێت بەشێوەیەکی گشتی

پێویسته به شێوەیەکی کاتی گونجاوبێت. Jeffrey C. King (٢٠٠٣) بەڵگە دژ بە ئەرگیومێنتەکانی سەرەوە پیشان دەدەن، بەو باوەڕەی لە ئینگلیزیدا بەکارهێنانێکی شوێنی و کاتی نییە، و داوای ئەوە دەکەن، کە somewhere' and 'sometime' لە "شوێنێك" و "لە کاتێکی دیارینەکراودا" وەك دیاریکەر باشترە لەبەرچاوبگیرێن، بە درێژایی بونەوەرە شوێنی و کاتیەکاندا. بەو شێوەیە "لە شوێنێك بارانە" دەشێت فۆڕمێکی لۆجیکی هەبێت: بۆ نمونە، شوێنێك هەیە بە ناوی *"ش"*، و دەگوترێت "بارانە لە *ش*" بە ڵام لە شوێنێکیتر باران نەبێت، ئەو کات ئەوەی بە نیسبەت "ش" ەوە دەگوترێت بۆ شوێنێکیتر ناگوترێت و ڕاست دەرناچێت، King دەڵێت تێنسەکان وەك دیاریکەر لەبری بەکارهێنانی کاتی باشتر لێکدراونەتەوە، بۆ نمونە، "باپیر لە کیمیادا سەرکەوتوو نەبوو"، دەشێت فۆڕمی ئەوەی هەبێت، "لێرەدا هەندێك کاتی t لە ناو $I$ دا، بۆ نمونە، باپیر لە کیمیادا سەرکەوتوو نەبوو لە $t$ دا. کاتێك کە دەبینی ماوەی $I$ بە شێوەیەکی دەقی دراوە وەك ماوەدوریەکی وا، کە ڕێگە بە t بدات لەسەر ڕووبدات. ئەو لێکدانەوانانە بێشك داوای جیاوازدەکەن، کە بەشی کاری، بۆ نمونە، "بارانە" یان "سەرنەکەوت" ئەرگیومێنتی شوێنی زیادە بۆ شوێن و کاتەکان لەخۆدەگرن. هەندێك جار دەبینی، کە دوو شتی سور هەندێك شتی هاوبەشیان هەیە لە ناوکۆدا، لەوەدا کە هەردووك سورن، بەڵام ئەوە ئەوە ناگەیەنێت کە پەیوەندی هاوبەش هەڵدەگرن بۆ بوونێکی تاك، (وەك گشتێتیی سورێتی)، بەهەمان شێوە دوو ڕستە بە هۆی ئەوەی هاوواتان، دەتوانن، کە هەندێك شتیان لە ناوکۆدا(وەك هاوبەش) هەبێت.

*لە ڕاستیدا، کات، شوێن و نیەتەکان بڕیار لەسەر ناوەرۆك دەدەن لە کاتێکدا "بیر" کات و شوێنی بۆ نییە ... سەرنج لە ڕستەیەکی وەك "کارەساتەکەی هەکاری لە ١٩٧٦ تەزاندمی"، ئەو ڕستەیە ئەگەر پێش ساڵی ١٩٧٦ بگوترێت وەك ناوەرۆك پووت مامەڵە دەکرێت، بە پێچەوانەی ئەوەوە کە لە دوای ١٩٧٦ ەوە بگوترێت.*

**٣.٦.١ گفتوگۆی میتافیزیقی**

"باوەڕ بوون" و "وا زانین"، جێگەی مشتومڕن و ناتوانن لێکدانەوەی لۆجیکییان بۆ بکرێت، چونکە دەشێت بۆ کەسێکی میتافیزیقی دیاریکراو هەندێگ گفتوگۆ گونجاو و جێگەی باوەڕبێت، بەڵام بۆ کەسێکیتر نا، بۆ نمونە، دەتوانین سەبارەت بە باوەڕبوونی کەسێك دوو شت لێکجیابکەینەوە، واتە، "ئەو شتەی باپیر باوەڕی پێی هەیە"، لە "باوەڕکردن بەو شتە"، بۆ نمونە، لەبەر ڕۆشنایی بیرەکانی King (٢٠٠٣) ئەو نمونەیە دەخەینەڕوو، ئەگەر نازەنین باوەڕی وابوو، کە "A مەلای مزگەوتی ڕانییەیە"، دەتوانین دوو شت جیابکەینەوە "ئەو شتەی کە نازەنین باوەڕی پێیەتی" لە باوەڕبوون بەوەی کە "A مەلای مزگەوتی ڕانییەیە"، ناوەڕۆکی "باوەڕی نازەنین" لە لایەکەوە مامەڵەدەکرێت و لە لایەکەیترەوە، لە خودی باوەڕەکەی کە بریتیە لە " A مەلای مزگەوتی ڕانییەیە"، ئەوەی نازەنین باوەڕی پێیەتی "لە باوەڕبوون"، ئەوە شتێکە( باو و گشتی) کە دەشێت کەسێکی تریش بە هەمان شێوە باوەڕی پێی هەبێت، ئەوەی، کە هەردووکمان باوەڕمان پێی هەیە، ئەوە پریپۆزیشتنی ئەوەیە، کە "A مەلای مزگەوتی ڕانییەیە"، دەشێت جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، گومانی لێبکرێت، و هەروەها...، و لە هەقیقەتدا ئەوە وەك پریپۆزیشنێکی ڕاست مامەڵەدەکرێت، کە بریتیە لە "A مەلای مزگەوتی ڕانییەیە"، کەواتە، پریپۆزیشنن هەن و بریتین لە ناوەرۆکی باوەڕەکان و هەڵوێستەکانیتر بریتین لە هەڵگری ڕاستی و درۆ. بەو پێیە، دەشێت ئەوانەی سەرەوە وەك نیشانە ڕێکبخرێن:

(أ) لە بواری هەر بابەت، ڕاگەیاندن و باوەڕێکدا، دەبێت شتێك هەبێت، کە باوەڕی پێبکرێت، و باوەڕبوون بەوە و ئەوانە (لە ناو خۆیاندا) جیاوازن. ئەو مامەڵەیە لەگەڵ واتا نەگونجاوە.

(ب) ئەو، ڕاگەیاندن، بابەت و ناوەرۆکانە، کە جێگەی ئەوەن باوەڕیان پێبکرێت، بێشك دەکرێت، ڕەفزبکرێن، نکولیان لێبکرێت، و باوەڕیان پێبکرێت، و هەروەها، ئەوە بەهۆی بابەتی جیاوازەوە، دەشێت شتێکبن، کە وەك هەڵە یان ڕاست مامەڵەیان بکرێت، کە دووبارە سەبارەت بە واتا ڕاستەدرناچێت.

(ت) "باوەڕ"ەکان ئاسایی دەدرێنە پاڵ کەس یان کەسەکان، لە کاتێکدا "واتا"کان گشتی و بێخاوەنن.

(پ) سەرەنجام، دان بەوەدا دەنێین، کە پرەپۆزیشنەکان بە دڵنیاییەوە هەن، و وەك بابەت و ناوەرۆك گەلێك دەتوانن هاوبەشی لە هەڵوێست و تێڕوانیەکان بکەن، و بناغە و بنچینەی هەڵگری بەهای‌ڕاستی هەواڵەکانبن.

### ٣.٦.٢ ناوەرۆکەکان و وەڵامی ئاڵۆز و جیاواز the ambighty response

زانایانی بواری ژیربێژی، وا بیردەکەنەوە، کە "*کە‌کلۆز* that-clause" ەکان ئاڵۆزن و جۆرێك لە بوونەوەری جیاواز هەڵدەبژێرن، دیارە، ئەو *کە‌کلۆزانە* جۆری تەواوکەری جیاواز بۆ کارەکان هەڵدەبژێرن، بەو شێوەیە، دەشێت موناقەشەی ئەوە بکەین، کە ڕاستی ڕستەیەك وەك "S بیری دێتەوە کە P" دەخوازێت، کە بکەرەکەی پەیوەندی "بیرهاتنەوە" هەڵبگرێت بۆ حەقیقەتێك لە بری پرەپۆزیشن، دوای ئەوە، "بیرهاتنەوە"، سەرنەکەوتنی وەچە بارودۆخ پیشاندەدات، "(ڕاستی) ئەو <u>پرەپۆزیشنەی</u> کە P" بەڵام نەك بۆ "ئەو <u>هەقیقەتی</u> کە P"، لە واقیعدا هەندێك هەڵوێستی کارەکە وا دەردەکەوێت وەك ئەوەی ڕێگە بە لەبری بەکارهێنان نەدات کاتێك تەواوکەری ناوی هەڵدەبژێردرێت. King (٢٠٠٢) نمونەی "هەستکردن" دەهێنێتەوە سەبارەت بەوەی، چ جۆرێك لە بوون، پاشان، "*کە‌کلۆز*" دیاریدەکات، زۆر کار هەن، کە "هاوواتاییەکی" نزیکن بۆ "باوەڕکردن"، و بەشێوەیەکی ڕێزمانی تەواوکەری NP وەردەگرن. **٣.٧ ئەرگیومێنتی ئاسان پشت بە پێشنیارێك دەبەستێت، سەبارەت بە ڕاستی و واگەیاندن:**

پێشنیاری A: ئەگەر پرسیپۆزیشنی $P$ سەرکەوتوو نەبوو تا پریپۆزیشنی q بگەیەنێت، پاشان دەشێت، کە p ڕاست بێت بەڵام q نا. ئەو پرەپۆزیشنانە سەبارەت بە سەرنەکەوتنیان لە گەیاندنی پیرپۆزیشنیتردا، پێویستیان بە هۆکار هەیە، هەندێك لە فەیلەسوفەکان، بۆ نمونە، (Pollock ١٩٨٥, King ٢٠٠٧) و دەڵێن ڕێباز و دەستورو پێشنیارێکی وەك A دوو خوێندنەوە هەڵدەگرێت، ئەو دوو خوێندنەوانانەش هاوتان بە دوو ڕێگە سەبارەت بە قسەکردن لە سەر ڕاستی لە بواری دونیای چاوەڕوانکراودا، ڕێگەیەکیان سەبارەت بە شتێکە، کە دەبێت ڕاستبێت لە بواری دوونیایەك، کە داوای "هەڵگری‌ڕاستی" دەکات تا لە دنیایەکی چاوەڕوانکراودا هەبێت و ڕاستبێت. ڕێگەی دووەم سەبارەت بە هەڵگری‌ڕاستیە تا "بەشێوەیەکی ڕاست" وەسفی دونیاکە بکات. Adams (١٩٨١) باوەڕی وایە، کە بوون بە ڕاست لە بواری دنیایەکی وەك یەکەم "ڕاستی لە دونیایەکدا "، و دووەمیان "ڕاستی لەسەر دونیایەك "

**خوێندنەوەی (١)** ئەگەر پرەپۆزیشنی "p" سەرنەکەوت تا پرەپۆزیشنی "q" بگەیەنێت، پاشان دونیای چاوەڕوانکراوی w هەیە، بۆ نمونە، "p" ڕاستە لە w دا و نەك q– لەسەر wدا.

**خوێندنەوەی ٢** ئەگەر پرەپۆزیشنی "p" سەرنەکەوت تا پریپۆزیشنی "q" بگەیەنێت، پاشان دونیای چاوەڕوانکراوی w هەیە، بۆ نمونە، "p" ڕاستە لەسەر w دا و نەك- q لە w دا.

***٣.٧.١ هاو واتای ڕستەکان***

***زۆر جار دەگوترێت ناوەرۆکەکان سەبارەت بەوەی بزانین ڕستە هاو‌واتاکان، چ شتێکی هاوبەشیان هەیە، پێویستە ڕۆڵێك ببینن، وەڵامی چەندان پرسیار بدەنەوە، ڕستە یان وەرگێڕانەکەی بۆ زمانێکیتر چ شتێکی هاوبەشیان***

*هەیە؟، قسە و باسێکی لەوجۆرە دەکرێت وەڵامێکی لەو جۆرە وەربگرێت: تەعلیقاتەکان بە زەرورەت پێویستییان بە پەیوەندیی هاوبەش نییە بۆ بونەورێکی تاك، دوو شتی سپی یان سور هەندێك شتی هاوبەش و ناوکۆیان هەیە، لەوەدا، کە هەردووك سپی یان سورن، بەبێ ئەوەی پەیوەندی هاوبەشیان بۆ بوونەوەرێکی تاك هەبێت، بە هەمان شێوە دوو ڕستە، دەتوانرێت بگوترێت هەندێك شتی هاوبەشیان هەیە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت، کە بەشێوەیەکی هاوبەش دەگەڕێنەوە بۆ یەك ناوەرۆك کاتێك، کە پەیوەندی R هاوتایە بە ڕەنگدانەوە لەبواری مەودایەکی دیاریکراوەوە، دەتوانرێت قسەبکرێت بۆ شتێك لە مەودایەك، کە R بۆ یەکتر هەڵدەگرن، "هەبوونی شتێك هاوبەش".*

*٣.٨ زمان وەك زانیاری و ناوەرۆك*

*پەیوەندی لە نێوان بیر، وشە و ڕستەکاندا چییە؟، گرفتی ئاماژەکردن سەربە زانستی مەعریفەیە، بەلای Wittgenstein لە (Urban ١٩٩١:٤٤) دوە "لۆجیك پێشنیاری ئەوە دەکات، کە زاراوەکان واتایان هەیە و ناوەرۆکەکان تێگەیشتن Sense یان هەیە، بۆ لۆجیك نییە ئەو واتا یان تێگەیشتنە دیاری بکات. و گرفتی metalogical (لەپشتەوەی) ی زمان لەو خاڵەدا پەیدا دەبێت، کاتێك هەوڵدەدەین، ئەو واتا یان تێگەیشتنە دیاریبکەین".*

*سەنج لەو ڕستەیەی لای خوارەوە بدە،*

*(ا) شێرەکە باپیری ڕاودەنا.*

*(ب) باپیر شێرەکەی ڕاودەنا.*

*(ج) لەوکاتەدا شێرەکە باپیری ڕاودەنا، پۆلیسەکان هاتن.*

*لە هەر یەك لەو ڕستانەدا، واتای وشە و مۆرفێمەکانی "شێر، باپیر، -ی، ڕاونان" لە فەرهەنگدا واتای تایبەتیی خۆیان هەیە، لە گەڵ ئەوەشدا، کە ڕیزبەندی وشەکان لە ڕستەکاندا گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، بۆیە واتا لێرەدا بەهایەکی لۆجیکی وەردەگرێت و ناتوانرێت بگۆڕرێت، نەرێ بکرێت و لابرێت، لەوکاتەوە دونیا هەیە شێر هەر شێرە و کوردی وشەی باپیری بۆ ناوی نێرینە بەکار هێناوە، لە کاتێکدا ناوەروکی ڕستەی (ا) واتە ئەو دونیایەی ڕستەکە بۆمان وێنا دەکات، کە تیایدا شێرێك کەسێك ڕاو دەنێت ئەوە هەمان دونیا نییە کە تیایدا کەسێك شێرێك ڕاودەنێت، بۆیە ئێمە سەرجەم ئەو زانیاریانەی لە کۆی واتای وشەکانەوە وەریان دەگرین، وەك واتا و لۆجیك مامەڵەی لەگەڵدا ناکەین، بەڵکو وەك ناوەرۆك، ئەو کات گرنگ نییە ناوەرۆك بەهای ڕاست یان درۆ وەردەگرێت، یان نا، هەردوو ڕستەی (ا) و (ب) ڕستەی سەرەکین، کاتێك دەربڕینێکی وەك "لەو کاتەدا" زیاد دەکرێت، ڕستەکە ناتوانرێت چیتر وەك ڕستەی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە ناوەرۆکی ڕستەکە چاوەڕوانی ڕستەیەکی تر لە وێنەی ڕستەی سەرەکی دەکات، تا بە هۆی ناوەرۆکەکەیەوە ڕستەیەکی ئاڵۆز بە ناوەرۆکی تەواوەوە بەرهەم بێت، بۆ نمونە، "پۆلیسەکان هاتن"، ئەوە دەبینی، کە گوێگر یان خوێنەر داوای چیتر ناکات، چونکە ئەوەی دەربڕینی "لەوکاتەدا" داوای دەکرد هاتەدی.*

*بەپێی تیۆری بیری-بنچینەیی basic-level concept زمان دونیا بنیات دەنێت، بەهۆی ئەو واتا و تایبەتمەندییانەی کە شتەکان لێکجیا دەکاتەوە، لێرەوە، پرسیاری ئەوە سەرهەڵدەدات، بۆ نمونە، یان ئەوەتا دونیا خۆی بنیات دەنرێت، ئەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتی کەسەکانەوەیە، سروشتیە و وەك گشتگیر بۆ هەمووانە، دووەمیش یان بە پێی پێویستی قسەکەرەکانەوە بنیات دەنرێت، کە لە ژێر دەسەڵاتی قسەکەرەکاندایە، ئازادن*

لەوەی چۆن دونیای دەوروبەر بەخەیاڵی خۆیاندا دەهێنن، بەپێی ئەو تیۆریە دونیای توخمی بنەڕەتیی ڕوخسارەکان بە ڕێکەوت یەکناگرن. بەڵکو لە کۆمەڵێکی ئاڵۆزدا ڕوودەدەن، بۆ نمونە، ئەوەی پەڕی هەبێت، دەبێت دوو قاچی هەبێت تا بفرێت، هێلکەبکات و دەنوکیشی هەبێت، دیارە ناوێزەش هەن، لە کاتێکدا ناوەرۆکەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە بە ڕێکەوت یەکناگرن بەڵام تەنها بە جێگۆڕکێی دانەکانی بنیاتێك واتای تازە بەهۆی هەمان کەرەستەوە دەردەبڕن.

٣.٨.١ ناوەرۆك پەیوەستە بە دەقەوە:

کاتێك باس دێتە سەر ناوەرۆك، هەمیشە بیر لە دەق دەکەینەوە، کە دەشێت بیرو بۆچوونی کەسێك سەبارەت بە کەسێك، شتێك، یان بڕیارێکی بڕیار لەسەردراو بخاتە ڕوو. بە پێچەوانەوە بیرکردنەوە لە "بیر و واتا" هەمیشە بەلای فەرهەنگدا ئاراستەماندەکات، چونکە ئەوە بە واتای لکانی بیری مرۆڤەکان و ئاماژەکردنە بۆ شتێك لە دەرەوەی سیستێمی زماندا. بە واتای ئەوەی ڕستەیەکی ماتماتیکی یان لە بواری هەر زانستێکیتری وەك کیمیا یان فیزیادا بێت، ئەوە هەمان ناوەرۆك بۆ هەمووان بەرهەمدێنێت، و خوێندنەوەی زیاتر بەدەر لە واتای فەرهەنگی وشەکان هەڵناگرێت.

٣.٩ ناوەرۆك کاتەگۆریەکانیتر:

مەودای "ناوەرۆك" بە پێچەوانەی "واتا"وە فراوانە، کاتێك بیرەکان پێکەوە لە چوارچێوەی دەقێکی دیاریکراودا دێن زیاتر لە بۆچوون، یان وێنەیەك لەخۆدەگرن، واتە چەندان "بیر" پێکەوە گرێدەدرێن، چەندان زانستیتری بە ناوەرۆك و تێگەیشتنی تازەوە لەخۆدەگرن، لەوانە:

٣.٩.١ Entailment واتە واگەیاندن، لە لۆجیکدا بە واتای پەیوەندی لە نێوان دەستەیەك لە ڕاستیدا دێت، بە تایبەت لە ڕستە هەواڵییەکاندا، بۆ نمونە، واتای ڕستەی S ڕستەیەکیتری وەك P دەگەیەنێت ئەگەر و تەنها ئەگەر S ڕاست بێت، P هەروەها دەبێت ڕاست بێت، و ئەگەر P درۆ بێت، S پێویستە درۆ بێت، واتە ڕستەی P ڕستەی q دیاریدەکات، کاتێك ڕستەی یەکەم ڕاستی ڕستەی دووەم بگەیەنێت و دیاریبکات، هەروەها چۆن نا-ڕاستی ڕستەی دووەم نا-ڕاستی ڕستەی یەکەم بگەیەنێت، بۆ نمونە، دەبێت ئەو هەنگاوانە دیاری بکرێن:

هەنگاوی یەکەم: ئەگەر P "باپیر کەروێشکەکەی کوشت" ڕاست بێت ئەوا دەربڕینی "کەروێشکەکە کوژرا" بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕاستە.

هەنگاوی دووەم: "ئەگەر دەربڕینی (کەروێشکەکە کوژرا -q) درۆبێت، ئەوا دەربڕینی "باپیر کەروێشکەکەی کوشت" دووبارە درۆ دەردەچێت. لە کاتێکدا ئەوە لە "واتا"دا لەبەرئەوەی لە سنوری تاکە وشەیەکی فەرهەنگی دەرناچێت و لەدەرەوەی دەق مامەڵەیدەکرێت، و ئەو خوێندنەوانانەی بۆناکرێت.

٣.٩.٢ گریمانەی پێشکات presupposition: بریتیە لە پەیوەندیی لۆجیکی لە نێوان فۆرمی دەربڕینێکی زمانی و ئەو واتا شاراوەیەی دەربڕینە زمانییەکە هەڵی دەگرێت، بۆ نمونە، لە ڕستەیەکی وەك، "باپیر چیتر لە ژنەکەی نادات" ناوەرۆکی ئەوە هەڵدەگرێت و دەگەیەنێت، کە باپیر پێشتر لە ژنەکەی داووە.

و هەمیشە خوێندنەوەی پەیوەندیی ڕاستی بۆ دەکرێت:

(أ) ترومبێلەکە سورە ——— ئەوە دەگەیەنێت کە سەیارەکە ڕەنگی هەیە.

(ب) خانووەکە بچووکە ——— ئەوە دەگەیەنێت کە بەڕادەی پێویست نیە.

(ت) ئەگەر بەشی یەکەمی ڕستەکە ڕاست بێت، یان هەڵە، ئەوە دەبێت دووەمیش ڕاست، یان هەڵە بێت، ئەوە لە ڕستە هەواڵی و کارە هەقیقیەکاندا بەدەستدێت، کاتێگ لە هەر دوولادا ڕستەی (١) بە ئەرێنی پێشکەش دەکرێت و دواتر لە (٢) نەرێ دەکرێت، دەبینی سەرەنجامی ئەو کردەوەیە، ڕستەی (٣)یان لێدەکەوێتەوە، کە خوێندنەوەی ئەرێ و ڕاست وەردەگرن.

(١). بەڕێوەری قوتابخانەکە باڵا بەرزە ——— (٢) بەیوەربەری قوتابخانە باڵا بەرز نیە

(٣) قوتابخانەکە بەڕێوەبەری هەیە

(١) نازەنین زانی، کە سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەیلێگراوە (٢) نازەنین نەیزانی، کە سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەیلێگراووە

(٣) سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەیلێراوە

بە لای زانایانی زمانەوە، "واتا" دیوی ناوەوەی زمان پێك ناهێنێت، چونکە لە مێشکدا نییە، واتاکان دەستور و بنەمان لە زماندا و هەقیقەتێکی مێشکی-دەرەکین. بۆیە ئەوەندەی "ناوەرۆکەکان" ئاڵۆزنین، زانینی واتای ڕستە قەرزاری ناوەرۆکەکەیەتی، کە ئەویش بە نۆرەی خۆی بەهای لەسەر مەرجی ڕاستییەکان دادەمەزرێنێت، و بەو هۆیەوە باشتر لە "واتا" دەگەین، بۆ نمونە، ئەوەی سەبارەت بە ڕستەیەك دەیزانین تەنها بەهای ڕاستییەکەیەتی، دەشێت ئەوەش بەسبێت تا بڵێی واتا چییە؟ دەگوترێت واتا ئەو شتەیە، کە هەستی پێدەکەم و دەمەوێت بە بەرانبەرەکەمی بڵێم، کەواتە جۆری ڕستە و نییەتی قسەکەریش زیێویستن.

٣.٩.٣ semantics واتە لێکۆڵینەوەی زانستی لە واتا، و لە واتا سازیدا جەخت لەسەر پەیوەندیی ڕەمزەکان بە بابەت و ئەو شتانەی، کە دەتوانرێت بەهۆیانەوە ئاماژەیان بۆ بکرێت، دەکات. لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە کە بەهۆی خوێندنەوەی سیمانتیکیانەی دەربڕین و ڕستەیەکەوە تایبەتمەندی بەرانبەرکەی وەك "ناوەرۆك" زیاتر دەردەکەوێت، زانینی هەر شتێك بەهۆی زانینی بەرانبەرەکەیەوەیەتی

٣.٩.٤ Pragmatics واتە بەکارهێنانی زمان لە ژیانی واقیعدا، کە تیایدا پەیوەندیی ڕەمزەکان بە لێکۆڵەر و بەکارهێنەرەکانیەوە لەبەرچاو دەگیرێت، لە کاتێکدا "بیر/واتا"، تاك و تەنها پرۆسەیەکی فەرهەنگیە و ڕێگە بەو هەموو ئالۆزییانە نادات. لێرەدا ناوەرۆك لە سنوری دەق و ڕستەدا دەردەکەوێت و ئەو ئاڵۆزیەی لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا لە سەردەمی یۆنانیەکانەوە هەستی پێکراوە و داینەسۆس ئاوا پێناسەی ڕستە کە ناوەرۆك لەخۆ دەگرێن دەکات:

"وەك بەشێك لە بیر و واتا ، بەڵام زەحمەتە لە واتای ورد و (تەواوی) ڕستەکە دڵنیابین"[8] .

بە لای Fracois دوە، مەرجی ڕاستی پراگماتیکی ئەو باری سەرنجەیە، کە کاریگەریی دەق لەسەر مەرجی ڕاستی ناوەرۆك پێویستناکات بگەڕێنرێتەوە بۆ کەرەستە زمانییەکان لە ڕستەکەدا، هەندێك لە کاریگەری دەق لەسەر ناوەرۆکی مەرجی-ڕستەکان دەگەڕێتەوە بۆ کەرەستە زمانییەکان هەندێکیتریان نا، و ئەوانە سەرەنجامی پراگماتیکین لە سەرەوە بۆ خوارەوە، نەك لەبەر ئەوەی کەرەستە زمانیەکە داوای ئەوە دەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ناوەرۆکی دەربڕینەکە لە ڕستەی دەربراودا بە تەواوی بەکۆد نەکراوە، کە واتاکەی پێویستی بە گۆڕان

[8] لە دەقی ئینگلیزییەکەیدا ئاوایە، as a unit of sense or thought but it is difficult to be sure of its precise remeaning .

***و گونجان هەیە تا بڕیار لەسەر ناوەرۆکێکی گونجاو بۆ دەربڕینی قسەکەر بدات. ئەوە بە شێوەیەکی نەریتی وەك مەرجی ڕاستی دەرەکی بۆ ناوەرۆکی باو گونجاو مامەڵەدەکرێت.؟***

***٣.٩.٥ ناوەرۆك و واتاو تیۆرییە زمانییەکان:***

***لە بواری "بیر و/ واتا" و "ناوەرۆکدا"، دەشێت چەندان تیۆری هاوبەش بە مەبەستی بەئەنجام گەیشتن هاوبەشی بکەن، بۆ نمونە، دیاگرامی (١)***




***٣.١٠ جۆری کار بڕیار لەسەر ناوەرۆك دەدات:***

***ئەگەر زمان شتێك بێت و لە نەتەوەیەکەوە بۆ یەکێکیتر بگوازرێتەوە، ئەو کاتە تەنها ئاماژەکردن بەس نییە، Dowty لەو بارەوە سێ پۆل کار جیادەکاتەوە، ئەوانەی هۆکاری چالاکین، ئەوانەی ئاراستەی بارودۆخ دەگۆڕن، ئەوانەش کە شوێن دیاریدەکەن، بە تێکڕا ڕەفتاری کار و بەشی کاری بڕیار لەسەر ناوەرۆکی ڕستەو دەربڕینی دیاریکراو دەدەن، و سەرنجەکان لەوێ تۆخدەبنەوە، نمونەی هاوشێوەی Allen***

***(أ) (١) باپیر چاکسازی لە خانوەکەیدا کرد. (٢) لەیلا کتێبەکانی ڕێکخستن***

***لە (١)دا، کاری "چاکسازیکرد" زیاتر لە خوێندنەوەیەك هەڵدەگرێت، بۆ نمونە، لێکدراوە، فۆرمی ڕابردووە، داینامیکە، بنیاتی سیمانتیکیی کارەکە خوێندنەوەی ئەوە دەدات بە ناوەرۆکی دەربڕینەکە، کە "خانووەکە-وەك بەرکار" کۆنە و پێویستیی بە دەستکاری هەیە، هەر ئەوەشە پاڵی بە بکەرەوە ناوە، تا بیر لە چاکسازیبکاتەوە. لە (٢)دا کاری "ڕێکخستن" تێنسی ڕابردووە، سادەیە، تێپەڕە و ڕاپۆت سەبارەت بە نارێکی و پەرش و بڵاوی کتێبەکان دەدات، واتە بە هۆی بنیاتی سیمانتیکی "ڕێکخستن" دوە ئەوە تێدەگەین کە شتێك، گروپ یان هەر شتێکیتری لەو بارەیەوە بێت، پێویستیان بە ڕێکخستن و دەسکاری هەیە، تا شێوەیەکی ڕێك و پێك وەربگرن، و ئەوەش دەبێتە هۆکار تا پاڵ بە کەسەکانەوە بنێت تا کاری ڕێکخستن ئەنجام بدەنت.***

***(ب)(١) مەکینەی سەیارەکەی باپیر گەرمی دەکات/دەکوڵێت. (٢) ئاژەڵەکان بەتەنیشت گردەکەدا خلدەبوونەوە***

***لە (١) دا "گەرمی دەکات" و لە (٢) دا "خلبوونەوە" کاری نا-سادە و تێنەپەڕن، ئەرکی ئاراستەو گۆڕانی بارودۆخی بکەری ڕستەکان دەبینن لە ڕەوشێکەوە بۆ یەکێکیتر.***

***(ت)(١) کتێبەکان لەسەر لا وەستاون (٢) خاولییەکە بە ژێر سەقفەکەوە هەڵواسراوە.***

کارەکانی "وەستاوە" و "هەڵواسراوە" خوێندنەوەی ستەیتیڤیان بۆ دەکرێت و دەشتوانن لە پرۆگرێسڤدا ڕوبدەن، بکەرەکانیان هۆکاری نین، و بارودۆخی گۆڕانکاریش پیشان نادەن، ئینگلیزی بە بەراورد بە کوردی کێشەی جیاوازی لەنێوان فۆرمی پرۆگرێسڤ و نا-پرۆگرێڤ[9] پیشان نادات، کوردی دەتوانێت بەهۆی زیادکردنی وشەیەکی تری وەك، خەریکە، وا، ئێستا، و ... ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، بە زەرورەت دەبێت سەرج لەو گرفتەش بدرێت، کە گەرچی زۆرجار کارەکە خوێندنەوەی کاتی هەڵدەگرێت، دەبینی کاتیەتی و دەمدارێتی مەرجی پێویستی بوون بە پرۆگرێسڤ نین.

(پ) (۱) پاشماوەی ترومبێلەکە لە چاڵەکەدا کەوتوون/بەجێماون .

سەرجەم ناوەڕۆکی (پ) ئەوە پیشان دەدات کە کاری "کەوتوون یان بەجێماون" درێژخایەنە نەك کورتخایەن، دەشێت ئەو پارچانە بۆ هەمیشە تا ڕزین لەهەمان بارودۆخدا بمێننەوە، ئەوە باشتر بەدەردەکەوێت، کە بە ڕەفتاری کارەکانی تری وەك "لێچون و دواکەتن"ەوە بەراوردیان بکەین، بۆ نمونە، "گۆزەکە ئاوی لێدەچێت" و "پاسەکانی بەرانان دوادەکەون"، ماوەی هەردوو کارەکە "لێکچون" و "دوواکەوتن" بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ درێژدەبنەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە "دواکەوتن" و "لێچوون" وەك بەشێك لە بکەرەکانیان خوێندنەوەی نەریتیان بۆ بکرێت، لە زۆر باریشدا دەبینی، کە دەمێکیەتیی/درێژخایەنیی و کاتێتی مەرجی بەسنین لەسەر کێشانی سنور لە نێوان پرۆگرێسڤ و نا-پرۆگرێسڤدا. ئەوە وا دەکات، کە زۆر لە زمانەوانەکان وا بیربکەنەوە کە تەنها بنیاتیە کاریەکانی ستاتیڤی شوێنی وا لێکبدرێنەوە وەك ئەوەی نەتوانن لە فۆرمی پرۆگرێسڤدا ڕووبدەن. چ شتێك "ناوەڕۆك" و چ شتێك "ئاماژەکردن"ە، پەیوەندی لە نێوان ناوەڕۆکی ڕستەکان، ئەوەی دەریدەبڕن و بەهای-ڕاستیان هەیە، دەکرێت بەهۆی ئەو دوو نمونانەی لایە خوارەوە دیاری بکرێن، بۆ نمونە،

(۱) باپیر باوەڕی وایە کە ئۆباما سەرۆکی ئەمەریکایە.

(۲) باپیر باوەڕی وایە کە ئۆباما سەرۆکی عێراقە.

هەر دوو ڕستەکە دەتوانن ناوەرۆکی جیاواز دەربڕن لە کاتێکدا هەمان بەهای ڕاستی بەخۆوە دەگرن. ناوەرۆکەکان دەدرێنە پاڵ باپیر بەهۆی ئەو ناوەرۆکە جیاوازەوە، کە هەردوو ڕستەکە هەڵیدەگرن، ئایا دەکرێت دوو ڕستە بتوانن هەمان ناوەرۆك دەربڕن، بەڵام لە بەهای-ڕاستیدا جیاوازبن؟، ئەوە زەحمەتە، بەو جۆرە ئەگەر دوو ڕستە هەمان ناوەرۆك دەربڕن، دەبێت هەمان بەهای ڕاستی بەخۆوە بگرن.

۳.۱۱ واتای واتاکان پەیوەست بە جۆری ڕستە و فرێزەکان

کاتێك باس دێتە سەر جیاوازی لە نێوان "واتا" و "ناوەرۆك" چەندان پرسیار سەرهەڵدەدەن، یەك لەوانە، "ئایا واتای ڕستە بە هەمان واتای وشە دێت؟"، "ئەو واتا سەربارانە چۆن و بە چ شێوەیەك سەرهەڵدەدەن؟، لێرەوە، دەبێت لە دوو لاوە سەرنج لەو جیاوازییانە بدەین، دیارە، گرنگ نییە ناوەرۆك ڕاست بێت، یان نا، ئەوە سەبارەت بە "واتا" پێچەوانەیە و وشەکان بە شێوەی ئاسایی خۆیان لە دەربڕینەکاندا ڕێکبخرێن.

[9] لە زۆر شوێنی ئەم کارە و کارەکانی تریش ئێمە "نا-" لە بری "non" ئینگلیزی بەکار دەهێنین، بۆ نمونە، دەگوترێت فۆڕمی پرۆگرێسڤ" واتە ئەوانەی خوێندنەوەی ئەسپێکتی پرۆگرێسڤ وەردەگرن و "نا-پرۆگرێسڤ" ئاماژەیە بۆ ئەوانەی خوێندنەوەی ئەسپێکتی پرۆگرێسڤ وەرناگرن.

(أ) مەرج نییە هەموو ڕستە و فرێزەکان هەمان بەهایان هەبێت، هەیانە "ناوەرۆکی تەواو و هەشیانە ناوەرۆکی ناتەواو بەخۆوە دەگرن، بەڵام "وشە"، یان "مۆرفێمەکان" دەبێت "واتا"، یان ئەرکی ڕێزمانی تەواو بەخۆوە بگرن.

(ب) جیاوازی لە نێوان وشە، مۆرفێم و رستە لەوەدایە، کە هەرچی واتای ڕستەیە لە سنوری ناوەرۆکدا جێگەی دەبێتەوە، بەڵام وشە واتای ڕێزمانی، یان هەقیقی هەیە، لەو بوارەدا زمانەوان خۆی بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە خەریکدەکات، کە ئایا جیاکردنەوەکە دەبێت لە نێوان واتای فەرهەنگی، یان ڕێزمانیدا بێت، لەکاتێکدا ئەو جیاکردنەوەیە لە دیاریکردنی "ناوەرۆکدا" دا گەلێك لەوە ئاڵۆزترە، بۆ نمونە، دەشێ لێکدانەوەی، گریمانە، واگەیاندن، سیمانتیك، یان ئاماژەکردنی پراگماتیکی هەبێت:

زۆر جار واتای قسەکەر، وەك ئەوەی لێیتێدەگات، لە گەڵ واتای سیمانتیکی پێکهێنەرەکانی ڕستە یان دەربڕینی دیاریکراو یەکناگرێتەوە، و لەو بارانەدا، کە دەقەکان هاوبەشی لە واتای سیمانتیکیدا دەکەن، دەشێت لە چوارچێوەی واتای فەرهەنگی و دەقی لانەدەن، دەشکرێت وشەکان تەنها نوێنەری واتای فەرهەنگیەکانیان بن، و یەکسانیش نەبن بە مەرجی ڕاستیەکان. واتای سیمانتیکی ناوەرۆك لە سەر بنەمای مەبەستی قسەکەر

(أ) برسیم نییە: برسیم نییە بۆیە ئێستا نان ناخۆم.

(ب) دەتوانم ١٠٠ دۆلار بدەم بەو قەڵەوە. لەم کاتەدا زیاتر ناتوانم

(ت) دوو سێوم خوارد. بەلانی کەمەوە سێوێکم خواردووە.

فۆرماڵ سیمانتیك سەرقاڵی ئەوەیە چۆن دەتوانین واتای ڕستە بزانرێت، دیارە، واتاکان بیروڕا نین، بەڵکو کۆمەڵێك شتن لە دەرەوەی ئێمەدا، دیارە، ئەوە ئەوەش ناگەیەنێت کە بیر و ڕاکان نا پەیوەندیدارن بە فۆرماڵ سیمانتیکەوە یان شتەکان لەدونیای دەوروبەردا.

٣.١١.١ زانین و تەجریدکردنی واتای وشەیەك:

لە بنەڕەتدا زمان سیستێمی ناوبەند پەیوەندیی دانەکانیەتی، واتە زمان کەرەستە و سیستێمە، واتای هەردانەیەکی زمانی لە بواری ئەو ناوبەند پەیوەندیانەوە بەدانەکانی ترەوە دیاریدەکرێت، کە بەهۆیەوە دەچێتە ناو پەیوەندی ئاسۆیی یان ستونیەوە. بەندە فەرهەنگیەکان واتای ڕێزمانی و فەرهەنگیش بەخۆوە دەگرن، بۆ نمونە، "کەڵەشێر" ئاماژە بۆ بیرێکی دیاریکراو دەکات، و لەلایەکیترەوە واتایەکی دیاریکراو بە بە فۆرم دەکات، بۆ نمونە، شت، چۆنیەتی، ڕوداو...، بوونی "واتا" لە خودی خۆیدا هەڵبژاردن دەگەیەنێت، واتە بوونەوەرێك لە یەکێکیتر بە پێی دەستەیەك لە تایبەتمەندییەکانی جیادەکاتەوە، بۆ نمونە، هەڵبژاردنی دەربڕینی "کار، یان ئاوەڵناوی"، دواتر بەکارهێنانی هەریەك لەوانە یان یەکێکیتر لەمەودای لێکدانەوەی سیمانتیکی زمانەکەدا بەئەنجام دەگەیەنرێت، بەندە فەرهەنگیەکان بەشێوەیەکی نەریتی هەردوو واتای "فەرهەنگی-ماتریالی" و "ڕێزمان"ی بەخۆوەدەگرن. لە کاتێکدا بەندە ڕێزمانیەکان تەنها "واتای ڕێزمانی" بەخۆوە دگرن.

واتای دەربڕینە زمانییەکان لە دوو سەرچاوەوە سەریان هەڵداوە، (ا) لە خودی زمانەکە خۆیەوە، و (ب) ئەو دونیایەی، کە زمانەکە باسی لێوە دەکات. بۆ نمونە، بیری ٧، مەرجە زەروریەکانی بوون بە ٧ بریتین لەو مەرجانەی کە شتێك گونجاوبن لەگەڵ ئەو مەرجانە تا ببێت بە ٧ یێك، بۆ نمونە، بوون بە نێرینە زەرورە تا ببێت بە زگوردی، و بوون بە چوار-لا زەرورە تا ببێت بە چوار گۆشە یان لاکێشە، لە لایەکی ترەوە، ئەوەی

زۆربەی زۆری زمانەوانەکان لەسەری کۆکن، ئەوەیە، کە واتای هەر وشەیەك دەشێت لە ڕێگەی دژواتاکەیەوە بزانرێت، کەواتە بە مەبەستی زانینی واتای وشەکانی "گەرم" و "خۆشی" دەبێت بزانین، ئایا ئەوانە هاوواتا، یان دژواتایان هەیە، یان نا، بۆیە کاتێك واتای "سارد" و "ناخۆشی" دەزانین، زیاتر و ئاسانتر لە مەبەستمان نزیکدەکەنەوە، زانینی تایبەتمەندێتیی هەردانەیەك لەوانە، هاوکارە بە زانینی واتای ئەوی یتر، دەوروبەر بەهەمووو لایەنەکانیەوە کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر جیاوازی لە واتادا، شتێك "سارد" بوو نابێت "گەرم" بێت و بە پێچەوانەشەوە.

گرفتی دیاریکردنی واتای وشە، کە ئاسایی خوێندنەوەی "ناوەرۆك"ی جیاوازی لێدەکەوێتەوە، بریتین لە (ا) وشەکان تەنها یەك واتایان نییە، (ب) لە زۆر بارودۆخی جیاوازدا ڕوودەدەن، (ت) وشە و فرێزی دەوروبەر لە بەشێکی واتاکەدا هاوبەشن، (پ) هاوواتا هەیە هەمان واتا و هەشیانە تەنها لە لایەنێك، یان لە بەشێك لە واتاکەیدا هاوبەشە. هەمان شت بۆ دژواتاکانیش دەگوترێت، بۆ نمونە، ئەگەر A دانەیەك یان دەستەیەك بێت لە B و پرواتاش بن لە کوردیدا، ئەو کات پێشبینی ئەوە دەکرێت کە زۆر دانەی تری زمانی ببنە ئەندام لە A دا، بۆ نمونە، پێشگر، پاشگر، و ناوگر و ..... تەنانەت زۆر لە فرێزەکانیش دەبنە ئەندام لە A دا، و لەو لاشەوە ڕەگەزیترن هەن، کە بە ڕێگەی لێکدانەوەی مۆرفۆلۆجییەوە هاتون و ناتوانرێت واتایان هەبێت لە نێوان ڕەگەزەکان لە B دا، بۆ نمونە، وشەی "بۆ" لە "دەمەوێت بە ڕێگەی هەولێرەوە بچم بۆ دهۆك"، وای دانێ "بۆ" لەو دەربڕینەدا واتای نییە، بە بەڵگەی ئەوەی، کە بەراوردکردن یان بەرانبەری نییە لە کوردیدا. لەکاتێکدا لە شوێنتردا هەیەتی:

(پ) دەمەوێت بچم بۆ هەولێر. دەمەوێت بە هەولێردا بڕۆم

لێرەوە، دوو ئاراستەی سیمانتیکی جیادەکەینەوە: (ا) بەکارهێنانی ڕستە بە مەبەستی بنیاتنانی قسەکردن، و (ب) بۆ هەریەك لەو ڕستانە جۆرێکی تایبەت لە مەرجی پەسەندکردن هەیە، کەواتە، یەکەم شتی سەرنج ڕاکێشەر ئەو سیمانتیکەیە، کە پێی دەگوترێت دەسەڵاتی هێزی دەربڕین یان ڕستەکان، دووەم پێی دەگوترێت "ناوەرۆك"، بۆ نمونە، بەفر سپییە، وەك ڕستەی هەواڵی دەسەڵاتی جەختکردنەوەی هەیە، و دواتر ناوەرۆکی ئەو جەختکردنەوەیە، کە "بەفر سپیە؟، دەسەڵاتی پرسیاری لەخۆدەگرێت و ناوەرۆکی پرسیاری بەفر سپییە، دەخاتە ڕوو.

٣.١.٢ گرفتی دیاریکردنی واتا:

دوو گرفتی بەرچاو دەبێت سەرنجیان لێبدرێت، لەوانە، (ا) گرفتی بازنەیی، واتە، دیاریکردنی واتای وشەیەك دوور لە واتای وشەیەکیتر، لەکاتێکدا کە واتای وشەیەك، دژواتاکەی و تەنانەت هاوواتاکەشی هاریکارن بۆ تێگەیشتن لە واتای وشەی دیاریکراو. (ب) گرفتی نەبوونی پێناسەیەکی بێکەم و کوڕی بۆ وشە لە زمانەکەدا، کە گرفتیتریش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بۆ نمونە، دیاریکردنی شوێنی واتای وشەکان، لە مێشکی قسەکەرەکان یان لەدەرەوی مێشکدا، کە وترا واتا لە مێشکی قسەکەرەکاندایە، دەبێت دان بەوەدا بنێین کە واتا بەشێکە لە زانیاری، و دواتر چۆن جیاوازی لە نێوان زانیاریی زمانی و زانیاریی فەرهەنگیدا بکەین، بۆ نمونە، ئەگەر Lyons (١٩٧٧) دەڵێت، ئەگەر X باوەڕی وابوو حوت ماسیە، و Y باوەڕی وابوو کە شیردەرە، ئایا دەوروبەرەکەمان واتای جیاواز بەخۆوە دەگرێت کاتێك هەردوولا وشەکە بەکاردەهێنن.

دواتر Katz دان بەوەدا دەنێت کە ئەو تیۆرییە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. چونکە ئەگەر تیۆریەکە ڕاست بێت ئەو کات هەموو دەربڕینەکان کە ئاماژە بۆ هەمان شت دەکەن دەبێت لە واتادا هەمان شتبن، و ئەو دەربڕینانە هاوواتا نین. ئەگەر سەرنج لە نمونەکەی (١٩٨٢) Frege لە (Akmajian ١٩٩٥:٢٥-٢٦) ەوە بدەین، بۆ نمونە،

ا = ا (ئەستێرەی بەیانیان( = ) بە ئەستێرەی بەیانیان.

ا = ب (ئەستێرەی بەیانیان ( = ) بە ئەستێرەی ئێواران.

Frege لەو باوەڕەدایە، کە(ا-ا) هەمان واتای (ا-ب) ناگوێزێتەوە، ئەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی، کە کەسێك دەتوانێت باوەڕی بە یەکەم هەبێت بەڵام لە دووم ئاگادار نەبێت، ئەوەش بەو ڕێگایەی، کە زاراوەی "ئێواران" و "بەیانیا" دەیکەن. Frege ئەوە وەك دەسکەوتێکی ئەزمونی زانستی گەردونی دەزانێت نەك دەسکەوتی فەرهەنگی و سیمانتیکی. بەلای Lyons ەوە لەبەر ئەوەی لە بواری واتاسازیدا دەشێت دوو بەند یان پێکهێنەر هەمان واتا بە خۆوەبگرن، دواتر ئەوە دەگوترێت، کە بابەتەکە لێدوانی sense ـە، نەك ئاماژەکردن، بە واتایەکیتر تێگەیشتنە لە "ناوەرۆك"، دەکرێت دوو بەند هەمان ئاماژەکردنیان هەبێت بەڵام بە هەستکردن و تێگەیشتنی جیاواز. بۆ چارەسەرکردنی ئەوە، Frege پێشنیاری ئەوە دەکات، کە هەموو دەربڕینە ئاماژەکەرەکان بۆ واگەیاندن شتێکیتر لەخۆدەگرن، کە پێی دەگوترێت "بیر" یان هەست کردن بەو ڕێگەیەی، کە لە لایەن بەکارهێنەرەکانی زمانەکەوە زانراوە... بۆ نمونە، دەڵێت "دەشێت کەسێك بزانێت، وەك "ئەو کچەی کە لە ماڵەکەی بەرانبەرت دەژی"، بەبێ ئەوەی بیناسی وەك ئەوەی کە فڵانە؟ دەزانی کەسێك یان کچێك لە نزیکی تۆوە دەژی بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بزانی کێیەو لەکوێوە هاتووە و هەروەها، کەواتە هەموو ڕستەکە هەستکردنی هەیە. هەست دەکا کەسێك هەیە بەڵام بەبێ ناسین". دواتر بیرەکانی Frege لەسەر ئەوەن کە "بیرورا" و "بۆچوونەکان ideas" ناتوانن "واتا" بن، چونکە بۆچوونەکان (بۆ نمونە، ناوەرۆکەکان) کەسی و سەردەمین، لە کاتێکدا خودی "واتا" بابەتی و جێگیرن.، هەر ئەوەشە وادەکات کە بڵێین ناوەرۆك دەشێت ڕاست بێت یان هەڵە، و دەشێت گۆڕانی بەسەردا بێت، یان ئیلغا بێتەوە و هەروەها...

بەلای (١٩٨٣) Key ەوە، گرفتی تر هەن، بۆ نمونە، یەکەم، هەموو بیرەکان هەمان لێکدانەوەی ڕون و ئاشکرایان نیە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا لە پێناسەی واتادا، بۆ نمونە، کەچەڵ، کورت، پیر، هەر یەك لەوانە بەهۆی زاراوەیەکەوە دەردەبڕدرێن کە حاڵات و مەودای ڕونیان نییە، بۆ نمونە، سنوری دیار لە نێوان "کەچەڵ" و "ناکەچەڵ"، "کورت" و "نا-کورت"، "پیر" و "نا-پیر" و هەروەها نابینرێت، ئەوە بە تێڕوانینی و لێکدانەوەی کلاسیکییە، کە دەڵێت ئاڵۆزی بەشێك نییە لە خودی وشەکە، بەڵکو ئەوە زیاتر بابەتێکە پەیوەندی بە کەموکوڕی مەعریفی ئێمەوە هەیە. یان بەلانی کەمەوە لەژێر کاریگەری دەقدان، چونکە نازانین کە سنوری ورد و دیاری بۆ بیرەجیاوازەکان لە کوێیە. دووەم، ئەوەیە، کە کەسەکان بەپێی ئەزمونی خۆیان دان بە بوونی باری ئاڵۆزیدا دەنێن، ئەوە وا دەکات، کە ئەو گشتگیرەی مەبەستە بەدەست نەیەت، تا لە فرە تێگەیشتن دووربکەویتەوە. دیارە، زاراوە ئاڵۆز و نادیارەکانیش، کە بیرەکەیان پێدەردەبڕدرێت ڕۆڵی خۆیان هەیە، نەك بە هۆی خودی بیرەکەوە، بۆ نمونە، بیری بوون بە پشیلەی ڕەش دەشێت لە بواری (ڕەش) و (پشیلەوە)ەوە لێکبدرێتەوە. تەنانەت ئەگەر "ڕەش" و "پشیلەش" دوو تێرمی ئاڵۆزبن.

به پێی (١٩٦٠/١٩٥٩/١٩٥٣) Quine هیچ لەبەرچاوگرتنێکی فەلسەفی ڕوون و دیار نەگیراوەتە بەر سەبارەت بە جیاوازی لە نێوان "ناوەرۆکی شیتەڵی" و "بنیاتی"دا ، جیاوازی هەیە یان بە تەوای نییە، یان ئەوە کارێکی فەلسەفی بەسود نییە، لێکدانەوە کلاسیکیەکان وا دەردەکەوین وەك ئەوەی حاڵاتی نمونەیی شیتەڵی ناوەرۆکی بن (بۆ نمونە، زگوردی (زگوردیەکان ئەوانەن کە ژنیان نەهێناوە)، چوارگۆشە بریتییە لە (چوار-لای ڕێك و پێکی وەك یەك)، ئەگەر ئەوە شیتەڵی ناوەرۆکی نەبێت، دواتر ئەوە لێکدانەوەی کلاسیکی نییە.

٣.١.٣ کردەی وەرگێران تایبەتمەندێتی ناوەرۆکەکانە:

وەرگێڕان بەرهەمی سەدەی ١٩ هەمە، کە وەك سەرنجامی گەشەی ئابوری، زیابوونی قەبارەی بازرگانی و پێویستی وڵاتەکان بەیەکتر، داگیرکردن و دەیان هۆکاریتری لەو جۆرە پێشکەوتنی پێشچاوی بەخۆوە بینیووە، هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، "بیر و واتا" وەك ئەوەی ئاماژەبن بۆ هەقیقەتێکی بەرچاو، یان بەلانی کەمەوە تەنها بە خەیاڵی خۆداهێنانی وێنە یان هەرشتێك لە کاتی بیستن، خوێندنەوە، یان ناوهێنانی هەر فۆڕمێکی زمانی دیاریکراو، دەبینی ئەو شت، کەس، ڕوداو ... کە لە مێشکی کەس، یان زیندەوەرەکاندا دەگوزەرێت، کەواتە "واتا" بەرانبەر بەو هەقیقەتە دەوەستێتەوە، کە هەستی پێدەکین، لە مێشکماندا دەگوزەرێت و لە دەرەوەی سیستێمی زمانیدا بوونی هەیە، بۆیە بۆ هەر یەك لەو هەقیقەتانە لە هەر زمانێکدا فۆڕمێکی دیاریکراو و جیاواز (وەك قاپ)ی بۆ بەکاردەهێنرێت، کەواتە، "واتا" توانای وەرگێڕانی نییە، ئەوەی هەیە ناونانی هەقیقەتێکە بە فۆڕم و پاراستنیەتی لە فەرهەنگدا، بە هەقیقەتی ئەوەی کە (ا) "بیر / واتا" تاکە بەتەنها وشە و مۆرفێمێك ئاماژەی بۆدەکرێت، (ب) هەقیقەتەکان لە هەر شوێن و کات و زەمانێکدا بن هەر هەمان شتن، مۆڵەتی لێکدانەوەی جیاواز بە کەسەکان نادەن، "ڕێوی" و "شێر" هەر هەمان شتن، لە هیچ کات و شوێنێکدا ناتوانرێت لەبری یەکتر تەنانەت بە خەیاڵیشماندا بێن، (ت) هەرکات "واتا/بیر" لە سنوری تاك دەرچوو ئیتر دەبێتە فرێز و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، (ج) "واتا" فەرهەنگیە، واتە کاری بەهەرەوەزی ناونانی هەقیقەتێکە لەلایەن هەموو تاکەکانەوە، تا لە "بیر/واتا" یەکیتر جیابکرێتەوە، (د) هەندێك هەقیقەت واتە "بیر/واتا"، کە ئاماژە بۆ شتێکی تایبەت لە کۆمەڵگەیەکی تایبەتدا دەکەن، دەشێت بە هەمان شێوە و فۆڕم لە زمانیتردا بەکاربهێنرێت، بۆ نمونە، پەستەك، لباد، پوزەوانە، بەڕە و ... کە کوردین، دەکرێت هەمان وشە لە زمانێکی تریشدا بەکاربهێنرێن.

٣.١.٤ گرفتی وەرگێڕانی "واتا"

وەگێران چالاکیەکی تاقیکردنەوەیی توانای تاکەکانە، لە کاتی کردەوەی وەگێڕاندا زنجیرەیەك گرفت دێنە پێشەوە، کە بریتین لەوانەی لای خوارەوە:

(أ) هەر زمانە و بە ڕێگەی جیاواز وەسفی دونیای دەوروبەر دەکات، و لەهەمان کاتدا بنیاتی ڕێزمانی، یاسای ڕێزمانی و ڕستەسای تایبەت بەخۆیان هەیە.

(ب) گرفتی ئاڵۆزی، کە لە بنیات و جیاوازی زاراوەکانەوە سەرهەڵدەدات، جگە لەوە، لە نێوان زمانەکاندا، هۆکاری فرە پارچەیی زاراوەیەکی دیاریکراو، دەکرێت خوێندنەوەی ئیدیۆم وەربگرێت، گفتن.

(ت) هەموو زمانەکان هەمان یاسای ڕێزمانی بەخۆوەناگرن، بۆیە زۆری بنیاتی ڕێزمانی جیاواز، هۆکارە لە ڕێگەی تێگەیشتن بەشێوەیەکی ئاسایی.

(پ) گرفتی زاراوەی ئیدیۆم و زاراوە تازەکان، گرفت بۆ تێگەیشتن و وەرگێڕان دروستدەکەن.

(ج) گرفتی گۆكردنی زارەوەیەكی دیاریكراو بە پێی سیستێمی زمانی ژێرلێكۆڵینەوە.

(أ) گرفتیتر زۆر جار لە بچوكی فۆڕمی وشەكانەوە بۆ وەرگێڕان سەرهەڵدەدات، واتای وشە باوەكان زۆر جار پشت بەو دەقە دەبەستێت، كە تیایدا بەكاردەهێنرێت.

(ب) هەندێك جار وەرگێڕ بە زەحمەت لە وشەكان دەگات، كاتێك دەویسترێت وشەكە لە هەمان كاتەگۆری ڕێزمانیدا بهێڵرێتەوە.

(ت) زۆر جار وەرگێڕ بەزەحمەت دەتوانێت هەمان واتای وشەی دیاریكراو بۆ زمانی بەرانبەر بگوازرێتەوە، ئەوە لە بواری ئەدەب، شیعر و ... دا زیاتر بەدیدەكرێت، بۆ نمونە، ئەو وشانەی لە گۆرانیدا بەكاردەهێنرێن بە زەحمەت هەمان واتا و چێژدەدەن لە كاتی كردەوەی وەرگێڕاندا.

(پ) وەرگێڕان تەنها وەرگێڕانی وشەكان ناگەیەنێت، بەڵكو دەبێت ئاوازیش لەبەرچاو بگیرێت، هەموو ئەوانە گرفتن لە بواری وەرگێڕانی واتادا.

هەر كات وشە تاكەكان لە دەبرین و ڕستەكاندا بەكار هاتن، گەلێك هۆكاریتری وەك نیەت و مەبەستی قسەكەرەكان، كلتور، كات، شوێن، ڕادەی ڕۆشنبیری، كارلێككردنیی وشەكان و ... هاوبەشی لە كۆی واتا و لێكدانەوەی دەربڕینەكە دەكەن و دەبێت لەبەرچاوبگیرێن، لەو كاتەدا ئاسایی دەتوانرێت هەر ناوەرۆكێك لە زمانێكەوە بۆ یەكی تر، یان تەنانەت لە ناو خودی زمانێكی تایبەتدا، وەربگێڕدرێت، یان پارافرێزبكرێت و بە هەمان وشە یان وشەی تر بەدەر لە وشەی خودی دەربڕینەكە، دەكرێت كردەی وەرگێڕانەكە جێبەجێبكرێت، چونكە لەو بارانەدا وەرگێڕ كار لەسەر كۆی ناوەرۆكی دەربڕینەكە دەكات، بۆیە دەشێت وەرگێڕانەكە بەچەند وشەیەك ئەنجام بدرێت، یان هەندێك جار پێویست بە دەربڕینی زیاتر بكات، لەو بارانەدا، كە وشەكان لە دەربڕینی دیاریكراودا (بۆ نمونە، لە ئیدیۆمەكاندا)، واتای زیاتر یان تەنانەت نابنە نوێنەری واتا فەرهەنگیەكانیان، وەك ئەوەی دەگوترێت "زمانت بگرە سەرت ڕەحەتە" دا بەدەردەكەوێت.

پوختەی قسەكان لەوەدایە، كە لەبواری وەرگێڕاندا، تەنها پشت بە زانیاری زمانەوانیی نابەسترێت، بەڵكو لەوێدا كاری بە هەرەوەزی ئەنجام دەدرێت، واتە زانستی فەلسەفە، كۆمەڵایەتی، مرۆڤناسی، دەروونناسی و ... هاوبەشی دەكەن، تا بە شێوەیەكی گونجاو بتوانرێت پوختەی ناوەرۆكی دەربڕینی دیاریكراو بگوازرێتەوە. لە لایەكیترە لە كردەی وەرگێڕاندا، ئەو وشانەی بەهای لۆجیكی وەردەگرن تەواو كاریگەرن لەسەر ئاراستەكردنی باری سەرنجی قسەكەر و گوێگر بەرەو پوختەی ناوەرۆكەكان، بۆ نمونە، كاتێك گوێگر/خوێنەر "بەڵام"، یان "یان" دەبینێت، سەرەنجامێكی پێچەوانە بەخەیاڵی خۆیدا دەهێنێت، بەڵام كاتێك "و" دەبینێت زیاتر بەردەوام دەبێت تا تەواوكەری بەشی یەكەمی ڕستە وەرگریت، و هەروەها.

٤.٠ ڕستە و جۆرەكانی

٤.١ واتای جۆری ڕستەكان و لێكدانەوەی جیاواز

جۆرێك لە جۆرەكانی "واتا" كە پێی دەگوترێت "ڕێزمانی"، لە ڕستەكانی وەك، "هەواڵی"، "فەرمانی" و "پرسیاری" دا بەدەستدێن. ئەوانە لە تیۆری ڕێزمانی گواستنەوەدا وا مامەڵەدەكرێن، وەك ئەوەی بچێتە "بنیاتی-قووڵی نیشانەی-فرێزی" ڕستەكانەوە، واتە لە مەودای سەرنجدان لەسەر بنیاتی قووڵ و بنیاتی ڕوكەشەوە بەدەردەكەن، دیارە، ئەوانە وەك ڕەگەزەكانی ڕێزمانی بە وێنەی "نیشانەی-پرسیار، نیشانەی-فەرمانی" و دواتر یاسا گەلێكی ڕێزمانی گواستنەوەوە بەكاردەهێنرێن. ئێمە لە لێكدانەوەی هەر جۆرێك لەو

جۆرانە زیاتر مامەڵە لەگەڵ ناوەرۆکدا دەکەین، ناوەرۆکیش کاتێك بەدەستدێت، کە دەربڕینەکە نامەیەکی ڕوون و ئاشکرا بە وەرگرەکانی بگەیەنێت، و بۆشاییەك لە پێویستی، ئارەزوو و ... ەکانیان پڕبکاتەوە، بەلای Katz و Postal ەوە، ئەو نیشانانە بە شێوەیەکی سیمانتیکی هاوتان بە ڕەگەزە ڕێزمانیەکان، کە وەك پێکهێنەری ناوەکی ڕستەکان ڕوودەدەن، بۆ نمونە، "نیشانەی‌فەرمانی" ، کە لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە، وا پێشکەشدەکرێت وەك ئەوەی واتای "تەواوی قسەکەر" بێت و لەوێدا نامەکەی کورتبکاتەوە، بۆ نمونە، پرسیارەکان، فەرمان، جەختکردنەوە، سەرسوڕمان و هەوەها.

لەگەڵ ئەوەشدا، کە تیۆرییەکی فۆرم و کردەوەی قسەکردن ئەرکیان گەلێك فراوانە، زەحمەتە، هەموو ئەو مەرجە سیمانتیکی و واتاییانە لەخۆبگرن، چونکە کەرەستە و ڕەمزیتریش بە ناوەرۆکی جیاوازەوە هاوبەشی لە ڕاگەیەندنەکاندا دەکەن، بۆ نمونە، کۆ واتای زیاتر لەیەك دەگەیەنێت، سێ واتای کەمتر لە چوار دەگەیەنێت، و ... هەروەها کەواتە نیشانەکان شتن، "کورسی" ئاماژەیە بو دانەیەك لە هەموو ڕەگەزی کوسییەکان، "چۆلەکە" نمونەیەکی دیاری ڕەگەزی باڵندەیە، "ئازاد" ئاماژەیە بۆ ڕەگەزی نێر و ... بیر و ڕاکان سەبارەت بە ڕستە و جۆرەکانی هەموو وەك یەك نین، چ لە ڕوی ناوەرۆك و چ لەڕوی فۆڕمەوە. ئێمە لەبەر ڕۆشنای بیروڕاکانی Frege باس لەو ڕستانە دەکەین:

تێگەیشتن لە ناوەرۆك، بەلای فەلسەفەی دڵنیایی و زۆر لە فەیلەسوفەکانەوە هەندێك، یان زۆر لە قسەکردن، کردەوە و دەربڕینەکان لە پاڵ ڕاگەیاندنەکانیاندا ناوەرۆکی پڕەپۆزیشنی لەخۆدەگرن، بۆ نمونە، ڕستەی "بەڵێ" و "نەخێر"ەکان، بۆیە دەکرێت پرسیار لەسەر ڕاستی و درۆکانیان بکرێت، لەلایەکی تریشەوە هەندێك ڕەمزیش دەتوانن وەك جەختکردنەوە لەسەر هەواڵ و ناوەرۆك کاربکەن، تەنانەت ئەگەر ڕستە یان زمانیش نەبن، بۆ نمونە، ڕەمزە ترافیکیەکان واتای دیاریکراو دەگەیەنن کە دەبێت ڕاست یان درۆبن.

ناوەرۆك تەنها یەك جۆری نییە، بەڵکو ئالۆزە، فرەلایەنە بەقەدەر ئاڵۆزی و فرەلایەنی ژیان و دەوروبەر، بۆ نمونە، ناوەرۆکی باوەڕ، ئارەزوو بەلاوە باشتر بوون، حەزکردن و .... ، "حەزدەکەم ببمە مامۆستا و سەیارەی تازەم هەبێت"، "ئەرێ ئەوە بارانە؟"، "ناوت چیە؟"، "تکایە پارەیەکم بەقەرز دەدەیتێ؟"، ڕاستە گوێزی هەورامان بەدەست دەشکێت، و ... هەروەها، ئەوانە تا ڕادەیەك هەمان ناوەرۆك لەخۆدەگرن، بەڵام بە دەسەڵاتی تازە و لەسەر شتی تازە، "بەفر سپییە و چیمەن سەوزە"، "چیای پیرەمەگرون سەختە"، ئەوانە هەمان دەسەڵات، بەڵام بە ناوەرۆکی جیاوازەوە، و بە مەبەستی جەختکردنەوە بەکار هاتوون، کەواتە زەحمەتە کەسێك شتێك بزانێت "سەبارەت بە ناوەرۆکی ڕستەی ژێر لێکۆڵینەوە، تا ئەو کەسە هەردوو ناوەرۆك و دەسەڵاتی ڕستەی پەیوەنیدار نەزانێت". Akmajian etel (١٩٩٠:٢٣٧-

هەردوو ناوەرۆك و دەسەڵات بەیەکتر پەیوەستن، بەڵام هەر یەکە و بەجۆرێك بۆشاییەك، پەیوەست بە بنیاتی سیمانتیکییەکانیان لە ژیانی ڕۆژانەی کەسەکان پڕدەکەنەوە، ئەو ڕستانەی دەسەڵاتی جەختکردنەوەیان هەیە، یان ڕاپۆرت لەسەر ڕودا و کردەوەیەکی ڕۆژانە دەدەن، ئەوە دونیا بە ڕێگەی تایبەت بەخۆیان پیشاندەدەن، ئەو دونیایەی بەهۆی ناوەرۆکەکانیانەوە جەختی لەسەر دەکرێتەوە، ڕستەکان بەهای ڕاستی وەردەگرن ئەگەر و تەنها ئەگەر دونیای دەوروبەر ئەو دونیایە بێت، کە ڕستەی دیاریکراو باسی لێوە دەکات، ئەوانەش پێیان دەگوترێت مەرجی ڕاستی ڕستەی دەربڕدراو.

٤.٢ مەرجی دەربڕینە زمانیەکان

*تیۆری سیمانتیکی دەسەڵاتی فراوانە، تەنانەت لە تیۆری واتا و گەلێك تیۆری تریش، کە پەیوەندیان بە واتا و ناوەرۆکی دەربڕینەکانەوە هەبێت:*

*(أ) تیۆری سیمانتیکی دەبێت دەسەڵات و (ڕێکخستنی) ناوەرۆك لەبەر چاو بگرێت، ناوەرۆکی دەربڕینەکان دیاریبکات، بزانێت ڕستەکە چ واتایەك، تێڕوانینێك، یان بیروڕایەك سەبارەت بە سروشتی ئەو ناوەرۆکە هەڵدەگرێت*

*(ب) دەبێت زانیاریی ڕستەکان دیاریبکرێن، تا قسەکەرەکان بتوانن بە تەواوی لە یەکتر بگەن و سنور لە نێوان "دەسەڵات" و "ناوەرۆك" دیاربێت.*

*(ت) تیۆری سیمانتیکی لەلایەکەوە تیۆری واتاش دەگرێتەوە، و لە لایەکەی ترەوە لە بۆچوونەکانیدا پشت بە تیۆری واتا دەبەستێت.*

*(پ) زمانەوان لە بواری تیۆری سیمانتیکیدا، کات، شوێن، ئەزمون، ڕادەی تێگەیشتنی قسەکەر و گوێگر، کولتور، و بیروباوەڕی کەس و گروپەکان لەبەرچاو دەگیرێت.*

*(ج) تیۆری سیمانتیکی لە ناوەرۆك دەکۆڵێتەوە، بۆیە ئەرکی زمانەوان گەلێك فراوانترە، دەبێت لەهەردوو زانستی سیمانتیك و پراگماتیك باڵادەستبێت، کەواتە ڕۆڵی پراگماتیك فراوانتردەبێت.*

*(ح) تیۆری سیمانتیك ڕستەکان بە پێی جۆرەکانیان دیاریدەکات، ( جۆرێکی تایبەتی ڕستە تا ڕادەیەك لە جۆرێکیتر جیاوازە)، تا فۆرمی گشتی بە پێی جۆری دیاریکراوی وەربگرن و هەموو بە پێی فۆرمی دیاریکراو هەمان دەسەڵات لە خۆبگرن.*

***٤.٣ جیاوازیی ئەرکی ڕستەکان و کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی کەسەکان***

*وەك هەقیقەت زەحمەتە ئەو هێڵە پێش وەختییە لە نێوان ڕستەکاندا بکێشرێت، تا زانیاری پێشوەقت سەبارەت بەوەی کامیان ڕاست و کامیان هەڵەن بدات، چونکە ڕاستی و درۆیی (ناوەرۆك) ی ڕستەی ژێر لێکۆڵینەوە پشت بەو دنیا چاوەڕوانکراوە دەبەستێت، کە دەشێت هاوتا بێت بە ناوەرۆکی ڕستەکە یان ئەو شتەی کە بۆی دەگەڕێتەوە، دیارە، هەمان گرفت لە سنوری وشەشدا هەیە، بۆ نمونە، وشەکان هەمان واتا و ڕەفتار بەخۆوە ناگرن، ئەوەش پشت بە دەق و هەروەها نیەتی قسەکەر دەبەستێت، بۆیە بەکار هێنانی ڕستەی جیاواز واتای ئاماژەکردن بۆ شتی جیاواز دەدات، Akmajian etel ١٩٩٠:٣ ئەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی، کە هەندێك تایبەتمەندێتی ڕاستی، پەیوەندی ڕاستی بەردەوام دەبێت بێگوێدانە ئاماژەکردن و واتای سیمانتیکی.*

***٤.٤ جۆرەکانی ڕستە***

***٤.٤.١ ڕستە فەرمانییەکان***

مەبەست لە ڕستەی فەرمانی، فەرمان گەیاندن، سەرزەنشت، لێ پاڕانەوە، و شتی تری لەو جۆرە دەگرێتەوە. لێرەدا پرسیاری ئەوە دەکرێت، کە ئایا ڕەگەزی واتای هاوبەش لەنێو ئەوانەدا هەیە، توانای هاوبەشی بنیاتی فەرمانی لە نێوان ئەوانەدا چەندە، کە لە بەکارهێنانەکانیاندا ببینرێن. دەشێت وەڵامەکە بەڵێ، یان ڕەگەزێکی هاوبەشی ئاڵۆز لەخۆبگرێت.

واتای کاری فەرمانی ئەو هەنگاوانەی لای خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

(١) یەکی لەوانەی بە بیری خۆتیا دەهێنی وەك کارپێکردن یان کردنی کردەوەکە، گوێگرە.

(٢) لە دونیای ڕاستیدا دەبێت چەندان بناغەی پێشبینی هەبن، کە گوێگر دەشێت کردەوەکە نەکات بەبێ ئەوەی هانبدرێت سەبارەت بە کردنی کارەکە.

(٣) بە پێی (١) و (٢) ئەوە دەبینین، کە لەویانە ئەساسێك بۆ پێشنیاری ئەوە هەیە، کە ئەو کردەوەیەی دەخرێتە پێش چاو یان گرنگی پێدەکرێت، جێبەجێ ناکرێت لە هەلوو مەرجی تایبەتدا.

(٤) لێرەدا ئبناغەیەك هەیە بۆ ئەو پێشنیارەی کە دەڵێت گوێگر توانای جێبەجێکردنی کارەکەی هەیە، و وا چاوەڕواندەکرێت کە گوێگر لە هەلومەجی دیاریکراودا ئەوەی داوایلێدەکرێت بیکات.

*بە پێچەوانەی ڕستە هەواڵییەکانەوە، ڕستە فەرمانییەکان، دونیا وا پیشان نادەن بەو شێوەیەی، کە هەیە، بەڵکو بەو شێوەیەی، کە چاوەڕواندەکرێت ببێت. بۆ نمونە، دەرگاکە کراوەیە!، ئەوە فەرمانێکە، کە دەیەوێت گوێگر ئاراستە بکات کە ژورەکە بەجێبهێڵێت، و ملکەچی وەها داوایەك ببێت، کە لەلایەن قسەکەرەوە لێیدەکرێت، دەتوانین ئەوە بڵێین کە فەرمانیەکان ئاراستەی دونیا-بە-وشە-ی گونجاو لەخۆدەگرن. تایبەتمەندیی فەرمانییەکان لەوەدایە، کە مەرجی گوێڕایەڵی لەخۆدەگرن، و پرسیارییەکان مەرجی پرسیارییان هەیە. بەمەبەست و جەختکردنەوەی ئاراستەکردن. بە کورتی ڕستە فەرمانییەکان چەند ئاراستەیەك بەخۆوەدەگرن:*

- *پێشنیار بۆ کردنی کارێك: کاتێکی خۆش بۆ ئێوە، ئارەزوو*
- *مۆڵەت دان: بە یارمەتی خۆت:*
- *هەڵبژاردن: دەتوانی بێدەنگبیت.*
- *فەرمانی: پشیلەکە بکەرە ناو قەفەزەکەی خۆیەوە!*

*ڕستە فەرمانییەکان هەر وەك ڕستە هەواڵیەکان، جیهانی دەوروبەر بەسەر دوو جۆردا پۆلین دەکەن، کە بریتیین لە جیهانی پەسەند Satisfactory و نا-پەسەند unsatisfactory. وەتە گونجا و نە-گونجاو، لە یەکەمدا دەشێت کارەکە بکرێت و بە پەسەند و گونجاو وەربگیرێت، بەڵام لە دووەمدا نا. هەمیشە لەگەڵ ڕستە فەرمانییەکاندا، دەبێت پرسیارێکی تایبەت بکرێت سەبارەت بەوەی، کە دەبێت مل کەچی چ شتێك بین پەیوەست بەو ناوەرۆکەی، کە ڕستەکە دەریدەبڕێت؟. کەواتە ئەو مەرج و شتانەی بە مەبەستی بەجێگەیاندنی ڕستەیەکی فەرامانی هەمیشە لە "مەرجی ڕاستی، مەرجی وەڵامی و مەرجی ملدان"دا کورت دەبنەوە. بەلای Frege ەوە "واتا" و "هەستکردن" meaning and sense بەرامبەر بە یەك نین. katz (١٩٧٢) پێشنیاری ئەوە دەکات کە "واتای رستەیەك دەشێت بەشێوەیەکی کەرتی لە بواری مەرجی ڕازیکردن، و واتای پێکهێنەرەکانییەوە لێکبدرێتەوە، کەواتە، دەبێت بە شێوەیەکی کەرتی لە بواری هاوبەشیکردنیان بۆ ئەو مەرجانەی بەئەنجامی دەگەیەنن مامەڵەبکرێن" . بەکورتی هاوکێشەکە وەك ئەوەی خوارەوە دەردەچێت*

*ڕستەی هەواڵی ـــــــ جەختکردنەوە ـــــــ بانگ بۆهەڵدان، ڕاگەیاندن، وازانین و ئیدیعاکردن ...*

*ڕستەی فەرمانی ـــــــ فەرمانپێکردن ـــــــ داواکردن ـــــــ فەرمان بەسەرداکردن و ...*

*ڕستەی پرسیاری ـــــــ گوێڕایەڵی ـــــــ پێشکەشکردنی زانیاری ـــــــ ملدان ...*

### ٤.٤.٢ ڕستە هەواڵییەکان:

***هەستکردن / تێگەیشتن Sense[١٠] بریتییە لە دەستەیەك لە تایبەتمەندی، کە قسەکەر، یان گوێگر بەخۆیەوە دەگرێت، کاتێك ڕستەیەکی دیاریکراو دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە، بەهۆیانەوە دەتوانێت، بڕیار لەسەر ڕاستی و هەڵەیەتی ناوەرۆکی ڕستەکە بدات. ئەمە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ڕستە هەواڵییەکان بە پێچەوانەی جۆرەکانی تری ڕستەوە، دونیا بە ڕێگەیەکی دیاریکراو پێشکەش دەکەن، ئەو ڕێگایە لەبەر ڕۆشنایی تیۆریەکەوە بەئەنجام دەگەیەنرێت، کە پێی دەگوترێت مەرجی‌ڕاستی، کە دواتر بڕیار لەسەر ئەوە ئەدەین کە دەبێت ڕستەی ژێر لێکۆڵینەوە بەهای ڕاستی یان درۆیی وەرگرتبێت یان نا، مەرجەکان بارودۆخی هەقیقین، و ئەوە دەگوترێت کە دەبێت بزانین و بیربکەینەوە سەبارەت بەوەی، کە ڕستەی دیاریکراو دەبێت لە ژێر چ مەرج گەلێکدا بگوترێت تا لەگەڵ دونیای هەقیقەتدا[١١] هاوتا بن، بە واتایەکیتر دەبێت باس لە هەقیقەتێکی نا-زمانی بکات بە درۆ یان ڕاست، بۆ نمونە،***

***(١) ئەرمستۆنگ یەکەم کەس بوو کە چووە سەر مانگ. (ڕستەی Frege)***

***دەبێت دوونیای باسکراو چۆن بێت و لە چ بکات تا لەگەڵ ناوەرۆکی ڕستەکە هاوتابێتەوە، دواتر هەست بکەین ڕستەکە ناوەرۆکێکی ڕاستی هەڵگرتبێت، ئەوەش بەوەدا دەردەکەوێت، کە ئەگەر لە دونیای هەقیقەتا کەسێك بەو ناوەوە هەبێت و ڕاستیش بێت، یەکەم کەس بووبێت، کە چووبێتە سەر مانگ، ئەوە ڕاستە و لەگەڵ دونیای نا-زمانی باسکراو هاوتایە، ئەگەر نا ئەوە درۆیە. جگە لەوەی باسکرا ڕستە هەواڵیەکان شتێکیتری لەوەش زیادتر دەردەبڕن، کە وەك ڕەگەزی "هێز" واتە "هێزی جەختکردنەوە" خوێندنەوەی بۆ دەکرێت.***

***لێرەدا، دەبێت دوو شت لەو بارەوە جیا بکەینەوە، یەکەم، واتای ڕستەکە بریتییە لە مەرجی ڕازیکردنەکەی، و دووەم، واتای وشە یان فرێز بریتیە لەو هاوبەشیەی، کە لە مەرجی ڕازیکردندا دەیکات، لە هەموو ئەو ڕستانەی، کە تیایدا ڕوودەدەن. "ناوەرۆکی دەربڕینێك بە هۆی بەکارهێنانەکەیەوە لە زمانی کۆمەڵگادا دیاریدەکرێت، و بەمەبەستی دیاریکردنی ئەو بەکارهێنانە ئەوە دەبێت واتاکەی دیاریبکرێت" Akmajian et.el. (١٩٩٥: ٢٢٣)***

***(٢) Y بەشێکی دانەبڕاوە لە X***

***ناوەرۆکی ڕستەی (٢) کاتێك دەگوترێت ڕاستە کە Y بە شێك بێت لە X، بە پێچەوانەی (٢) ەوە ڕستەکانی (٣) و (٤) بەلای (٢٠٠٥:٤٦) Cappelen and Lepore، کە دەقی ناوی هەستی لە خۆدەگرن، "من" و "کە" بەهای ڕاستی لەخۆ ناگرن.***

***(٣) ئەو جوانە.***

---

[١٠] لە فەرهەنگی Longman ٢٠٠٠:١٢٩٧ ئەو وشەیە ئاوا لێکدراوەتەوە، ئەگەر تۆ هەستت بە شتێك کرد، ئەوە هەست دەکەیت، کە ئەو شتە وجودی هەیە، یان ڕاستە، بەبێ ئەوەی بیلێی یان بەڵگەیەکت هەبێت، بۆ نمونە، "ئەسپەکە هەستی بە خەتەرکرد و وەستا" یان "دەتوانم هەست بە بەرزبوونەوەی توڕەبونەکەی بکەم". و "باپیر هەستی کرد چەند دڵی تەنگە"، و "ئەگەر مەکینەکە هەست بە شتێك بکات ئەوە تۆماری دەکات". sense less ڕودان یان کردنی کارێك بەبێ ئەوەی هۆکاری گونجاو هەبێت یان بەبێ مەبەست. لەکاتێکدا meaning بریتیە لە ئەو شتەی یان بیرەی کە وشەیەك یان دەربڕینێك یان ڕەمزێك پێشکەشی دەکات یان ئاماژەی بۆ دەکات بە پێی فەرهەنگی زمانی دیاریکراو.

[١١] ئێمە زیاتر بیر لە گەیاندنی هەقیقەت دەکەینەوە وەك لەوەی زاراوەی تازە، کە دەشێت بەلای زۆرینەیەکەوە پەسەند نەبێت، بۆیە هەندێك جار دەبینی ناتوانین "ڕاستی" بێ زیاد و کەم لە شوێنی "هەقیقەت"دا بەکاربهێنین، ڕاستی زیاتر بۆ قسە و شتی لەو جۆرە بەکاردەهێنرێت، دەگوترێت، "قسەکەت ڕاستە"، لە کاتێکدا "هەقیقەت" بۆ ئەو شتە ماددی و نامادیانە بەکار دەهێنین، کە لە دەوروبەرماندا دەیانبینین یان هەستیانپێدەکەین.

(٤) خواردووومه.

جۆری دەقی هەستی، کاتێك گۆشەنیگای تێدەکەوێت، لەو ڕستانەدا سازش لەسەر ئەو داوایە ناکات، کە واتای مەرجی ڕاستی دیاریدەکات، چونکە سەرچاوەی دەقی دیاریکراو لەو بارانەدا ئاراستە و سنوردارکراوە، و گەلێك هۆکار لە دیاریکردنیدا هاریکارن لەوانە واتای نەریتی، ئارەزو و زەوقی کەسی، کات، شوێن، چین، تەمەن، ڕەگەز و هەروەها، "جوانە" ڕێژەییە، بڕیاری کەسەکان لە سەری لە هەمان ئاستدا نابن، دەکرێت شتێك بەلای منەوە جوان و دڵگیربێت، بەڵام بەلای کەسێکی ترەوە وا نەبێت، کەسێك لە (٣) بگات دەزانێت، کە ڕاستە تەنها لەو بارەدا، کە بزانێت چ بابەتێك پیشاندراوە لە دەقی دەربڕینەکەدا تا وا لەبەرچاو بگیرێت وەك ئەوەی جوان بێت، واتە بە هەموو شتێك ناوترێت جوان، لێرەدا هەر بابەتێك پیشانبدرێت و ڕونبکرێتەوە ئەوە جوانە. بە پێچەوانەوە هەر کەسێك لە (٤) بگات دەزانێت هەر دەربڕینێك لەو جۆرە ڕاستە تەنها و تەنها ئەگەر پێشتر کەسێك ئەوەی پشتڕاستکردبێتەوە، کە ئەو(شت)ە خوراووە. بەلای Cappelen and Lepore ڕستە هەواڵییەکان دوو بەشن، ئەوانەی کە بێزیاد و کەم لەگەڵ بەهای ڕاستی بن، ئەوانەش کە لە گەڵ بەهای ڕاستین تەنها پەیوەست بە بەهای سیمانتیکی دەق و بەندە زمانییە چەسپیوەکانەوە.

بە شێوەیەکی گشتی جوانی زمان لەوەدایە کە قسەکەرەکان هەموو ئەوانە ناڵێن کە مەبەستیانە، نەك لەبەر ئەوەی ناڕاستگۆن، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوەیە ئەو شتانەی مەبەستیانە بۆ گوێگرەکانی بەجێدێڵن تا لە دەقی دیاریکرودا هەڵیبهێنجن. لەگەڵئەوەشدا، بەشێوەیەکی نۆرماڵ ناوەرۆکی ڕستە هەواڵیەکان بە مەبەستی جەختکردنەوە بەکاردەهێنرێن، ناتوانرێت وەك یەك هاوتابکرێن، گەرچی وا بیربکرێتەوە، کە وشەکان بە مەبەستی واتای دەقاودەقی بەکاردەهێنرێن، بەڵام هەموو ئەوانە لە دەقدا لە گەیاندنی واتای سەربار بەدوور نین، (٢٠٠٥:٢٨) Bach دەڵێت ئەوەی قسەکەر دەریدەبڕێت ئەوە ئەو وشانەش دەگرێتەوە کە لە ناو کەوانەدا نوسراون :

(ا) بارام (ئەمڕۆ) خۆی نەشتووە (ب) باپیر و قارەمان (پێکەوە) چوون بۆ سەیران.

ڕستەکان بە شێوەیەکی حەرفی بەکاردەهێنرێن، بەڵان واتای سەرباریش دەردەبڕن. بەگشتی ئەوەی رستە هەواڵییەکان لە جۆرەکانیتر جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە کەسەکان دەتوانن ناوەرۆکەکانیان دیاریبکەن، واتە ئەوەی قسەکەر جەختی لەسەردەکاتەوە و دەیەوێت بە بەرانبەرەکەی بگەیەنێت، دیارە، ئەوەش بە شێوەیەکی کەرتی دەکەوێتە سەر توانای خوێنەر/گوێگر. ئەگەر ڕستە ئاسایی بەکاربێت، ئەوە بەکارهێنانێکی حەرفیە، دواتر ئەوە توانای قسەکەرەکانە کە لەگەڵیدا هەندێك واتای سەربار وەردەگرن، توانای پەیوەندییەکانمان بەیەکترەوە، ناسینەوە و دیاریکردنی مەبەستەکانی قسەکەر، وەرگرتنی واتای حەرفی و ناحەفی وشەکان، هەموو ئەوانە تواناکانمان بەهێزدەکەن، سەبارەت بەوەی بزانین کەسانیتر چیدەکن و چی دەڵێن. کەواتە توانای بڕیاری سیمانتیکیمان ڕەنگدانەوەی ئەو تونا ڕەوشتی و پەیوەستیەیە بە جۆری پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر.

### ٤.٤.٣ ڕستە پرسیارییەکان

ئەو بابەتە لەلای فەیلەسوف Frege فراوان دەکرێت بۆ پرسیارێك، کە دەشێت بە بەڵێ، یان نەخێر وەڵام بدرێتەوە، بۆ نمونە،

(١) ئایا ئەرمستۆنگ یەکەم کەس بوو، کە چووە سەر مانگ؟

(٢) باپیر پارەکەی دا بەکێ؟.

ڕستە پرسیاریەکان تەنها یەك ئاراستە لەخۆ ناگرن، بەڵکو فرە ئاراستەن

- داستانەکەی قەندیل کەی بوو؟ تاقیکردنەوەی پرسیار.
- کام لا لەسەرەوەبوون؟ داوای خەملاندن.
- ئێستا چی بکەم؟ واتای پێشنیار.
- کەی ڕۆژی ڕزگاریمان لەسەر هەڵدێت. تەنها هیوا خواستن و پیشاندانی بێدەسەڵاتی

بە پێی هەندێك لێکدانەوە (٢) ناتوانێت وەك (١) ڕەفتاربکات، چونکە ناتوانێت بەهای ڕاست یان درۆ بەخۆوە بگرێت، بەڵکو لەبری ئەوە شتێکی تر بەخۆوە دەگرێت کە پێی دەگوترێت "هێز" کە وەك" هێزی پرسیار" مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕستە پرسیارییەکان ناتوانن نە ڕاست نە درۆبن، چونکە واتاکانیان هاوبەشی لە مەرجی ڕاستیدا ناکەن، (٢٢٢ :١٩٩٥) Akmajian et.al وەڵامی ئەوەی داوەتەوە، کە ڕستە پرسیارییەکان بەستراون بە مەرجی پرسیاریەوە، و ڕستە فەرمانیەکان بەستراونەتەوە بە مەرجی وەڵامییەوە، بۆ نمونە، ئێمە لە ڕستەی پرسیاریدا، پرسیار لەبارەی ئەوەوە دەکەین، کە دەتوانین چ وەڵامێك بۆ ڕستە پرسیارییەکە ئامادە بکەین، کە سەرەداوێکمان دەداتێ سەبارەت بە مەبەستی تێگەیشتن لە واتای پرسیارەکان لە بواری مەرجی ڕاستیدا، واتە دەتوانێت ئەوە بڵێی کە واتای (فۆرمی) پرسیاری لە بواری وەڵامە چاوەڕوانکراوەکەیەوە دیاریدەکرێت. کاتێك گوێگر وەڵامێکی وەك " پارەکەی دا بە دیاری" دەداتەوە. هەروەك Hamblin دەڵێت واتای پرسیارێك دەستەیەکە لە گریمانە، کە وەڵامەکەی چاوەڕوانکراون بۆ ئەو پرسیارە، بۆ نمونە، تاکە کەسێکی پەیوەندیدار بە دەمەتەقێکە ئەوە باپیرە، و چۆن دەزانی، کە ئەوە تاکە کەسی پەیوەندیدارە، ئەوە پرسیارێکی گرنگە و دەبێت سەرنجی لێبدەیت. بەکورتی ئەرکی پرسیارکردن ئەوەیە کە گوێگر بوروژێنێت، یان هانی بدات تا بتوانێت وەڵامی ڕاست هەڵبژێرێت لە نێوەندی ئەو دەستە لە گریمانە چاوەڕوانکراوانەدا ...

(٢٥٣-٥ :١٩٥٧) Richard جەخت لەسەی جیاوازی لە نێوان واتای سروشتی و نا-سروشتی دەکاتەوە، دەیەوێ بزانێ واتا لەلای Grice لە چی پێکدێت، بەلای (١٩٥٧) Grice ەوە هەموو دەربڕینەکان خاوەن واتان، و دەیەوێت ئەوە ئاشکرا بکات، کە چ بارودۆخێك پێویستە پەیڕەوبکرێت یان بوونی هەبێت، تا دواتر بتوانین ببڵین لە کۆتاییدا هەر دەربڕینێك واتا بەخۆوەدەگرێت، بۆ جێگیرکردن و وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە دەڵێت، چ شتێك دەبێت لە هەر دەربڕینێکدا ڕوبدات(هەبێت) تا وا لەبەرچاو بگیرێت وەك ئەوەی واتا ناوەرۆکی تەواو بەخۆوەبگرێت، و بە کورتی جەخت لەسەر کاریگەری دەکاتەوە، بۆ نمونە،

دەربڕینێکی وەك X واتا بەخۆوە دەگرێت، کاتێك لە لایەن قسەکەری S ەوە بەکاردەهێنرێت ئەگەر و تەنها ئەگەر لەبەکارهێنانی ئەو دەربڕینەدا، S بیەوێت کاریگەری E لە سەر بۆ نێردراوی A بەهەمبێنێت، زیاتریش لەوە، کە S لە هەمان کاتدا بیەوێت A یەکەم مەبەستی S هەستپێبکات و کاری گەری E دروستبکات بە لانی کەمەوە بە تایبەت لەسەر بنەمای هەستکردن(زانین)ی مەبەستی S کە ئەو کاریگەریە دروست دەکات(٢٥٤-٥ :١٩٧٥) Richard

بە پێی Grice کاریگەری E دەبێت شتێك بێت کە بە پێی هەندێك تێگەیشتن لە چوارچێوەی کۆنترۆڵی گوێگرەکەدابێت" ، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو سنزرەدا هەر زانیاریەك یان هەڵوێستێکی کاریگەر یان کردەوەیەك دەبێت وەك کاریگەریەکی ویستراو کاربکات. کەواتە واتا بەرهەمی قسەکردنە و دەبێت گاریگەریەك بگەیەنێت. لە دەربڕینە زمانیەکاندا، مەبەستەکان بە چاوەڕوانکراوەکانەوە بەستراونەتەوە، مەبەست پشت بەو شتانە دەبەستن کە چاوەڕوان دەکرێن لە خودی دەربڕینەکەدا، ئەگەرچی قسەکەر دەتوانێت مەبەستی دیاریکراو بە دوو تویی جۆرێك لە جۆرەکانی ڕستە، فۆرم بکات، بە هەموو حاڵەتەکان دەبێت، قسەکەر پشت بەوە ببەستێت کە چ چاوەڕوانکردنێکی سەبارەت بە گوێگرەکەی و توانای تێگەیشتنی مەبەستەکانی هەیە؟ کەواتە مەبەستەکان دەتوانن ئەرکی هاوکاری لە ناوەڕۆکەکاندا ببینن، بەڵگەکان لە وتنی ڕاستەوخۆ بەدەستهێنانی کەسێك تا بیربکاتەوە، کەسێکی وەك Searle (١٩٦٥) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە مەبەست و نیەتەکان جگە لە نەریتەکان لە بەکارهێنانی زماندا ڕۆڵیان هەیە، ئەوەانە جۆری ڕستە هەڵدەبژێرن، لە کۆتایدا ئیتفاق و لە نێوان قسەکەر و گوێگر لە بەکارهێنانی جۆری دەربڕین گرنگە. بەلای Liws (١٩٦٩) دوە تەنسیق لە نێوان کەسەکان لە کردەی ڕاگەیاندندا گرنگە، ئەگەر سایەقی سەیارە نیشانەی وەستان، کە لە ئەنجامی ڕێگەوتنی نەریتیەوە هاتۆتە کایەوە، گوێپێنەدا و نەوەستێ واتای وایە یاسای شکاندووە. واتای وشە و ناوەڕۆکی ڕستەکان لەسەر واتا و مەبەستی قسەکەر دامەزراون، کە Grice پێیان دەڵێت M-intentions، بۆ نمونە لە هاوکێشەی وەك "X مەبەستی شتێکە بە هۆی Y دوە" هاوتایە بە " مەبەستی لە دەربڕینی ئەوەیە: کە هەندێك کاریگەری لەسەر گۆگر و بینەران بەهەمبێنێت، بە هۆی ناسینەوە و زانینی ئەو مەبەستەوە" .

٤.٥ تایبەتمەندێتی ڕاستی

Denotation = reference دوو زاراوەن هەندێك جار وەك هاوواتاو هەندێك جاریش بە کەمێك جیاوازیەوە ڕەفتاردەکەن، ئاسایی، هەر دوو جەخت لەسەر ئەو پەیوندیە دەکەنەوە کە لە نێوان وشە و ئەوەی دەیگەیەنێت یان ئاماژەی بۆ دەکات لە کەس، شت، ڕوداو، بیر و ....، دایە. لە لایەکی ترەوە دەتوانن لەوە زیاتر ئەرك ببینن، کە بریتییە لە هاوتایی کردنی واتا و ئاماژەکردن، واتە، کاتێك وشەیەك، کە وەك "واتا" یان "ئاماژەکردن" بەکاردەهێنرێت، ئەرکیان لەوەدا کورت دەبێتەوە، کە دەبێت شتێك بە ڕاست یان درۆ بڵێن یان ئاماژەی بۆ بکەن. بڕیاردان سەبارەت بەوەی کام ڕستە شتی ڕاست و کامیان شتی هەڵە دەردەبڕێت کارێکی زەحمەتە، چونکە، ڕاستی و هەڵەیەتی (ناوەڕۆکی) ڕستە و دەربڕینی دیاریکراو پشت بەو شتە دەبەستێت، کە بۆی دەگەڕێتەوە، یان ئاماژەی بۆ دەکرێت، جگە لەوە، وشەکان تەنها لە یەك باروزروفدا بەکارناهێنرێن، بۆیە ئەوانە بە پێی توانای وشەکە ئاماژە بۆ شتی جیاوازدەکەن. لەو بارەوە Akmajian (١٩٩٠:٢٢٣) دەڵێت، نەخێر، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەندێك تایبەتمەندێتی ڕاستی و پەیوەندی ڕاستی بەردەوام دەبن بێگوێدانە ئاماژەکردن و واتای دەلالی-ئاماژەکردن reference، و پێویست نییە هیچ هەقیقەتێك جێگبکرێتەوە سەبارەت بە جیهانی نا-زمانی تا بڕیار لەسەر ڕاستی و درۆیەتی بدرێت، ڕستەیەك بەشێوەیەکی ئەزمونی ڕاستە یا درۆیە ئەگەر بە شێوەیەکی زمانی ڕاست یان هەڵە نەبوو، و زانستی واتاسازی گرنگی نادات بە لێکدانەوەی ئەزمونی ڕاستیی، یان درۆیەتییەکان بەڵکو گرنگی دەدات بە لێکدانەوەی ئەو ڕستانەی، کە بە شێوەیەکی زمانی ڕاست یان درۆن، بۆ نمونە، لەو ڕستانەی لای خوارەوەدا (کە هاوشێوەی ڕستەکانی نوسەرن) دەتوانی بڕیاری ڕاست یان درۆ بدەی بەبێ ئەوەی دونیای دەوروبەر لێکبدرێتەوە.

(١) ێستا لە هەولێر بارانە یان باران نیە T
(٢) ازاد لە بارەکەیە یان لە ساحەی فوتبۆڵێن. T
(٣) ئێستا بارانە و باران نیە. F
(٤) ئەگەر باپیر زگوردی بێت ئەوە باپیر ژنی نەهێناوە، T
(٥) هەموو قوتابییەکان نەخۆشن هەندێکیان نەخۆش نین. F
(٦) باپیر مریشکەکەی سەربڕی و مریشکەکە هێلکەی کرد. F

بەو پێیە، زانینی زمان بەسە بۆ زانینی ڕاستی و هەڵەیەتی ئەو ڕستانە، و سیمانتیکی ئەو جۆرە ڕستانە پەیوەندیدارن بە تیۆری سیمانتیکی، کە دەیەوێت ئەو زانیارییە دیاریبکات کە قسەکەرەکان سەبارەت بە زمانەکەیان هەیانە. لە ڕاستیدا ئەو بڕیارەی نوسەر لە هەموو بارەکاندا ڕاست نییە، ... و ڕستەکانی زمان هەموو جارێك لەو جۆرە نین، بۆ نمونە، دەگوترێن:

(١) سوپاستان دەکەم نانم خواردووە.
(٢) جەنابتان براگەورەن.

(١) دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێت، یەکەم، دەشێت قسەکەر لە کاتێکی ناوەختدا بێت و داوای لێبکرێت نان بخوات، بەڵام شەرم بکات و بڵێت نانم خواردووە کە درۆیە، دووەم دەشێت ڕاست بکات و نانی خواردبێت. لە (٢) دا دەشێت قسەکەر تەنها بۆ مەرامی کاتی ئەو قسەیە بکات و لەدڵدا هەرگیز کەسی بەرانبەر بە برا گەورە نەزانێت یان تەنانەت واتاکەی بە پێچەوانەشەوە بێت.

٤.٦ پەیوەندیی ڕاستیی ڕستەکان

لەم ئاستەدا دەبێت بیر لە پێوەرێك بکرێنەوە، تا بتوانین تایبەتمەندیی ڕاستی لە تایبەتمەندیی درۆ هەڵاوێرین. پەیوەندیی ڕاستی لە واگەیاندندا دەردەکەوێت کە بناغەی خۆی لەسەر لۆجیك داناوە، بۆ نمونە ڕستەی S تا ڕستەیەکی تری وەك S′ بگەیەنێت، کاتێك ڕاستی ڕستەی یەکەم گەرەنتی ڕاستی ڕستەی دووەم بدات و درۆیی ڕستەی دووەم گەرەنتی درۆ یان هەڵەیی ڕستەی یەکەم بدات.

(١) دەرزییەکە زۆر کورتە ئەوە دەگەیەنێت دەرزیەکە بەڕادەی پێویست درێژ نیە.

ئەگەر بەشی یەکەم لە (١) ڕاست بێت ئەوە واتای وایە دووەمیش ڕاستە، و درۆیی بەشی دووەم دووبارە گەرەنتی هەڵەیی بەشی یەکەم دەدات. دانەیەکیتر لە پەیوەندی ڕاستی، بۆ نمونە، سیمانتیکی گریمانەیی پێش وەقتە، بناغەی سیمانتیکی گریمانەی پێش وەقت ئەوەیە، کە نا-ڕاستی ڕستەی پێشنیاریکراو دەبێتە هۆی پێشنیارکردنی بەهای نا-ڕاستی ڕستەکە. هەردوو ڕستەکە و نکولییەکەشی هەمان سیمانتیکی گریمانەی پێشکاتیان هەیە:

(١) مەلیکی فەڕەنسا کەچەڵە (٢) مەلیکی فەڕەنسا کەچەڵ نیە
(٣). فەڕەنسا مەلیکی هەیە

(١) باپیر واتێگیشت کە سەیارەکە دزراوە (٢) باپیر وایزانی کە سەیارەکە دزراوە
(٣). سەیارەکەی باپیر دزراوە

لە پاڵ تایبەتمەندێتیی ڕاستیدا، دوو پەیوەندیی ڕاستی هەن، بۆیە پێویستە تیۆریەکی سیمانتیکی بەس لێکبدرێتەوە، کە واگەیاندن و گریمانەی پێشکاتن، ئەوە لەهەموو جۆرەکانی ڕستەدا وەك یەك نییە، لەکاتێکدا، لە ڕستە هەواڵییەکاندا لێکچون لە نێوان تایبەتمەندی و پەیوەندییەکاندا هەیە، لە ڕستە نا-هەواڵیەکاندا نا،

بۆیە سیمانتیکی گونجا و بەس پێویستە حیسابی بۆ بکرێت سەبارەت بەوەی، کە چۆن دونیا (ی دەوروبەر) دەتوانێت پەیڕەویکردنی ڕستەیەك بۆ هەرجۆرێك لەو جۆرانە دیاریبکات.

**٤.٧ سەبارەت بە جیاوازی لە نێوان مۆدال و پرەپۆزیشن**

Jespersen (١٩٢٤:٣١٣) لە Palmer ١٩٨٦: ١٤) لە ناوەرۆکی ڕستە دواوە، و Lyons(١٩٧٧:٤٥٢)، سەبارەت بە proposition دواوە، هەردووکیان دەیانەوێت، کە ئەو دووانە لە باری سەرنجی قسەکەرەوە جیابکەنەوە، بەلای ئەوانەوە جیاوازی لە نێوان پرەپۆزیشن و مۆدالیتی زۆر نزیکە لەو جیاوازیەی لە نێوان locationary act و illucationary force کە لە لایەن (١٩٦٢:٩٨) Austin ەوە پێشنیارکراووە، لەیەکەمدا قسەکەر شتێك دەڵێت، لە کاتێکدا لە دووەمدا قسەکەر شتێك دەکات، بۆ نمونە، وەڵامدانەوەی پرسیار، ڕاگەیاندنی حوکم، ئاگادارکردنەوە و بەڵێندان. ئەوە لەسەر بنەمای تیۆری قسەکردن. بەلای کەسێکیتری وەك (١٩٤٦:٤٩) Lewis ەوە "توانای جەخت لەسەرکردنەوە، ناوەرۆکی خەختکردنەوە .... دەتوانێت زنجیرەیەك لە ناوەرۆك لەخۆبگرێت، لەوانە دەشێت جێگەی گومان، نکولیکردن، یان تەنها پێشنیاربکرێت، بە میزاجێکیتر دەشێت موتڵەقبێت." لێرەدا دەکرێت بە کورتی ئاماژە بۆ جیاوازیەك لە نێوان مۆداڵیتی بەو واتا و تێکەیشتنەی کە ئاماژە بۆ هەموو ڕەگەزە نا- پرەپۆزیشنەکانی ڕستە دەکات، بکرێت. ئەوە تێنس و ئەسپێکتیش دەگرێتەوە، کە وەك کاتەگۆری بەرێزمانیکراو لەبەرچاو دەگیرێن، و پرەۆپۆزیشن کە هەمیشە خوێندنەوەی هەڵە یان ڕاستیان بۆدەکرێت و ملکەچی مەرجی ڕاستی زیاترن، ئەو مەرج و توانایە مۆدالیتی (فۆرم) پێشکەشدەکات، بۆ نمونە X باوەڕی بە P هەیە، X ئاواتەخوازە کە P، ئەوە ئەوە دەگەیەنێت کە هەر جۆرێك لە ڕستەیەکی ناسەرەکی کە هاوبەشی دەکات لە کلۆزی تەواوکەردا دەتوانرێت وەك بابەتی مۆدالیتی لەبەرچاوبگیرێت.

**٦ سەرچاوەکان**


*Alfred Tarski (1983). The Content of Truth in Formalized Language, In Logic paper from 1923- to 1938, edt. Y John Corcorn 152-272 Indianapolis:Hackett.*

*Boertien H. S. (1979). Ordering Auxiliaries as Main Vrrbs. An International Journal of Linguistics Vol. 13-1.*

. Bunnin Nicholas et el. The Blackwell Companion to Philosophy. Oxford Blackwe;;. 97: 120-121)

*Cappelen Herman and Lepore Ernie (2005). Semantics vs. Pragmatics. in Zoltan Gendler Szabo Radical and Moderate Pragmatics: Does Meaning deremine truth Conditions?*

Beaney, Michael (1997), *The Frege Reader*. Oxford: Blackwell.

Bennett, Jonathan (1988), *Events and Their Names*, Oxford: Clarendon Press.

*Emmon Bach, Soas, Umass (2007). Compositionality and Morphosemantics.*

Frege, Gottlob (1984), "Thoughts," in *Gottlob Frege: Collected Papers on Mathematics, Logic, and Philosophy*, B. McGuinness (ed.), Oxford: Basil Blackwell, pp. 351–72.

***Jaszczolt. K. M. (2002). Semantics and Pragmatics. London. Linguistic Library.***

*Jerrold J. Katz (1971). The underlying reality of Language and its philososophical Import. London George Allen and University LTD*

Lewis, David K. (1980), “Index, Context and Content,” in Lewis (1998), 21–44.
—— (1986), *On the Plurality of Worlds*, Oxford: Blackwell.
Garner Richard T. (2002). Meaning.n In Langacker Ronald W. Mouton De Gruyter.
*John Lyons (1969). Introduction to theoretical Linguistics. Cambridge at the University press.*
*Lund Nick (2003). Language and Thought. Routledge Modular Psychology Series.*
*Lyons John (1990) Language and Linguistic. Cambridge University Press.*
*Martic. G. F. (2002). Particular Thought and Singular thought. Cambridge niversity Press.*
McGrath, Matthew (2003), “What the Deflationist May Say about Truthmaking,”
- Moore, G. E. (1953), *Some M* Quine W. V. (1985). The Problem of the Meaning in Linguistics. In the Philosophy of Linguistics. Edited by Katz Jerrold J.

*ain Problems of Philosophy*, London: Unwin.
Moore, Joseph (1999), “Propositions, Numbers, and the Problem of Arbitrary Identifications,” *Synthese*, 120/2: 229–63
*Palmer F. R. (1986). Mood and Modality. Cambridge University Press.*
*Paul Ziff (1961). Semantics Analysis. Cornell University Press.*
*Quine W. V. (1985). The problem of the meaning in Linguistics. In the philosophy of Linguistics. Edited by Katz Jerrold J.*
Russell, Bertrand (1903), *The Principles of Mathematics*, London: Norton.
—— (1910), *On the Nature of Truth and Falsehood*, reprinted in Slater 1992, pp. 116–124.
—— (1912), *The Problems of Philosophy*, Oxford: Oxford University Press.
—— (1913), *Theory of Knowledge*, London: Routledge.
—— (1918), “Lectures on Logical Atomism,” in R. Marsh (ed.), *Logic and Knowledge*,
Slote, Michael (1974), *Metaphysics and Essence*, Oxford: Basil Blackwell.
- Quine W. V. (1985). The Problem of the Meaning in Linguistics. In the Philosophy of Linguistics. Edited by Katz Jerrold J.

*Vicrorya Fromkin and Robert Rodman (1998). An Introduction to Language. University of California, North Calolina University*
*Vandderveken Daniel (1990) Meaning and Speech Acts. Principle of Language use, Cambridge University Press.*
*Urban Wilbur Marshall (1991). Language and reality: The theme of a philosophy of Symbolism. London: |George Allen and Unwin LRD,*
*Wittgenstein. Ludwig (1977) Tractatus Logico-Philosophicus. University press.*
*W. V. Quine (1985) the problem of meaning in Linguistics. Edited by Jerrold J. Katz. University press Oxford.*
*Z. Harris (1985). Distributional structural. Edited by Jerrold J. Katz. University press ford.*
*Yule, George, (2003). The Study of Language. Cambridge University Press.*

## ٥.٠ پوختەی باسەکە

### ٥.١ پوختەی باسەکە بە زمانی کوردی

لە زانستی سیمانتیکدا دوو کاتەگۆری گرنگ و کاریگەر لە لێکۆڵینەوەی زماندا بەرچاو و دیارن، یەکەم، "واتا" کە بەرانبەر بە "بیر" دەوەستێتەوە، "واتا" ئاماژەیە بۆ هەقیقەتێك لەدەرەوەی سیستێمی زمانی و بەرانبەر بەهەر هەقیقەتێك، و لەهەر زمانێکدا فۆرمێك وەك ناولێنان دیاریدەکرێت و دواتر لە فەرهەنگی زمانەکەدا تۆماردەکرێت. لە بواری "واتا" دا وەك هەقیقەت ئێمە مامەڵە لەگەڵ وشە و مۆرفێمەکاندا دەکەین. تایبەتمەندی واتا لەوەدایە، کە مەرجی ڕاستی بەخۆوە ناگرن و ناشتوانرێت پوچەڵبکرێنەوە، دووەم کاتەگۆری بریتیە لە "ناوەرۆك-پرەپۆزیشن" ، لەو بوارەدا ئێمە مامەڵە لەگەڵ زنجیرەیەك وشە لە چوارچێوەی دەقێکی دیاریکراودا دەکەین، کە پێی دەگوترێت proposition، "ناوەرۆك" بە پێچەوانەی "واتا" وە زەحمەتە بە هۆی پێناسەیەکی دیاریکراوەوە دیاریبکرێت، چونکە باس و خواسی زۆری لەسەرە و زمانەوان و فەیلەسوفەکان لەسەری ناکۆکن، دیارە ئەوەش سەرچاوەی لەوەوە هەڵگرتووە، کە لێکدانەوەی ناوەرۆکەکان، ئالۆزن، بە پێی کات، شوێن، ڕادەی ڕۆشنبیری و توانای خوێنەر، کولتور و .... لێکۆڵینەوەی جیایان بۆ دەکرێت، بۆیە زمانەوانەکان لەسەر پێناسەیەك هاوڕانین و هەروا بەکراوەیی دەمێنێتەوە، ناوەرۆکەکان بریتین لەو بوونەوەرانەی توانای هاوبەشیان لە هەڵوێسەکاندا هەیە و هەڵگری سەرەکی ڕاستی و هەڵەیەتین، بۆیە دەکرێت بەردەوامبن یان پوچەڵبکرێنەوە.

ئەو مەرجانە ڕێگە بە کاندیدێکی تایبەت لە نێویان بیر و ڕەمزی-دەربڕینی کۆنکریتیدا نادەن، کە وا پێشنیاردەکرێت توانای هاوبەشیکردنیان نییە، و ڕوداو و هەقیقەتەکان وا چاوەڕواننەکرێن وەك ئەوەی هەڵەبن، کەواتە پێناسەی ناوەرۆك پرسیاری زۆر بە کراوەیی بەجێدێڵیت، کە لیستی ناوەۆکەکان دابەشدەکات: بۆ نمونە، چ ڕۆڵێکی زیادە گونجاوە بۆ ناوەرۆکەکان تا ڕۆڵی تیادا ببینن، ئاسای هەر ناوەرۆکێك دەکرێت بۆ زمانێکیتر وەربگێڕدرێت، بەڵام ئەوە بۆ "واتا" وەك هەقیقەت و پەیوەندی لۆجیکی لەنێوان فۆرم و ئەوەی لەدەرەوەی سیستێمی زمانیدا ئاماژەی بۆ دەکات گونجاو نییە.

**٥.٢ پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی**

***في علم الدلالة تبرز فئتان تتصفان بالاهمية و التاثير، احداهما "المعنى" الذي يقابل "التفكير" فالمعنى يومئ الى حقيقة خارجة عن النظام اللغوي، و مقابل كل حقيقة و في كل لغة يحدد نموذج مثل التسمية ثم يسجل في معجم ثقافة تلك اللغة. و في مجال المعنى فاننا نتعامل مع كلمات و وحدات صرفية. و تتجلى خصوصياتها في كونها لاتقبل شروط الحقائق و لا يمكن الغاؤها. و الفئة الثانية عبارة عن "مضمون الاقتراح" . وفي هذا المجال نتعامل مع سلسلة من الكلمات تحت اطار نص معين يسمى "الاقتراح" و المضمون بخلاف المعنى يصف تعريفه تعريفا محددا حيث اختلف اللغويون و الفلاسفة في تعريفه و ذهبوا مذاهب عدة فيه، و هذا يرجع الى كون تعريف المضمون معقدا. ووفق الزمن فان المكان و مستوى المثقف و قدرة القارئ و التراث .. قد يفسر بتفسيرات عديدة. لذا نجد اللغويين لايتفقون معا على تعريف معين فيبقى التعريف مفتوحا. و تعبر المضامين عن الموجودات التي لها القدرة المشتركة في اتخاذ الموافق و هي العامل الرئيسي للصواب و الخطاء، لذا يحتمل ان تبقى دائما او ان تلغى. ان هذا الشروط لا تفسح المجال لمرشح معين ان يطرح فكرا و رمزا معينا يشترك في ثناياها. و لا ينتظر ان تكون الحوادث و الحقائق غير صحيحة. اذن فان تعريف المضمون يترك استفسارات مفتوحة تؤدي الى تقسيم قوائم محتوياته. فمثلا اي دور زائد يتفق مع المضامين حتى تمكن فمن تادية ادوارها، و اعتيادي ان يترجم كل مضمون الى لغة اخرى، لكن هذا غير ممكن بين المعنى كحقيقة و علاقة منطقية و بين النماذج التي يؤشر اليها خارج النضام اللغوي.***

**٥.٣ پوختەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی**

(١) *Two categories in the field of linguistics can be recognized with their own proper properties and their own function. The first one is "meaning" and the second one is "content/proposition".*

(٢) *When we deal with a categories like, "proposition" we may want to specify a definition and continue with causion, making sure not to close off any substantive issues by definition of the proposition.*

(٣) *Propositions are the sharable objects and the primary bearers of truth and falsehood. This requirement rules for propositions including thought and utterance-token. These can create events and facts, which presumably are not sharable, and presumable cannot be false.*

(٤) *Our definition leaves open, many of the questions dividing proposition lists. For instance, which additional roles are propositions fit to play? Would a proposition be abstract? What aspects would they have? How would they relate to facts.*

(٥) *We have have examin all these issues, as well as the fundamental issue of whether there are propositions at all.*

(٦) *In contrast "meaning" referes to facts and can be analysed within the frame work of a single word. Therefore they cannot be deleted and cannot be translated easily into other languages. These propositions relate to the total meaning of a certain utterance and can be deleted or translated easily into other languages.*